# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٥
چوارشەممە
٢٠١٠/١٠/٢٧
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


زانکۆی ئەمریکی لەعێراق-سلێمانی: تەمەنێکی کورت، بەرهەمێکی پڕ بایەخ لەتوێژینەوە

17

# گومان لەدروشمی "کردار شەرتە" دەکرێت

## پەرلەمانتارانو هاووڵاتیان دەڵێن حکومەت سەرکەوتوو نەبووە



پەیامنێرانی دەستوور

چاودێرانو هاووڵاتیانو پەرلەمانتاران ڕەخنەی ئەوە لەحکومەت دەگرن، کەکارەکانی ساڵێکی تەمەنی بەپێی پلانو بەرنامە نەبوون، دەڵێن سەرەڕای ئەوەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پەرەیان پێنەدراوە، حکومەت نەیتوانیوە لەو ڕووداوە گرنگانەی، کە پەیوەندی بەژیانو چارەنووسی خەڵکەوە هەیە بێتە دەنگ.

ڕەخنەکان جگە لەباش نەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانو گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ڕوو لەڕووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵەنو دەڵێن حکومەت خۆی دزییەوەو بێدەنگ بوو لەبەقاچاغبردنی نەوت، هەڕەشەکان لەسەر ڕۆژنامەنووسانو مەسەلەی داڵدەدانی جاشو کۆنە مستەشارەکانی سەردەمی بەعس.

سەرەڕای ئەوانەش هێشتا نەتوانراوە سیمای دوو ئیدارەیی کۆتایی پێ بهێنرێت.

حەمە سەعید حەمەعەلی ئەندامی پەرلەمان لەفراکسیۆنی یەکگرتوو، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "کارەکانی ئەمساڵی حکومەت زیاتر لەکاردانەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانە، نەک بەرنامەیەکی ستراتیژی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان".

کوێستان محەمەد ئەندامی پەرلەمان لەفراکسیۆنی گۆڕان ڕایگەیاند بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستە بودجەی ساڵی ٢٠١١ لەنیوەی یەکەمی مانگی ١٠ بگاتە پەرلەمان، بەڵام تائێستا حکومەت پرۆژەی بودجەی هەرێمی نەناردووە بۆ پەرلەمان.

دەبوو ئێستا بودجەی ساڵی داهاتوو لەپەرلەمان بوایەو تا لەلایەن لیژنەی دارایيو لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە بەدواداچوونی بۆ بکرایە.

ڕەفیق سابیر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کوردستانیو سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی، دەڵێت هێشتا زووە کەمرۆڤ بڕیارێکی جدی لەسەر کارەکانی حکومەت بدات، چونکە بەبڕوای ئەو ماوەی ساڵێک زۆر نییە.

شۆڕش ئەمین ڕێکخەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە٢٧ ڕێکخراو پێکدێن، دەڵێت مەسەلەی بڕینی بوجەی ڕێکخراوکان مەسەلەی مەحسوبیەتی تێکەوتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەتائێستا لابردنی بەڕێوەبەرە گشتییەکانو ئەوانەی کەدادەمەزرێن هەر لەڕێی لقو مەڵبەندەکانەوە دەکرێت. ئەو وتی "ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەحکومەت سەربەخۆ نییە".

شۆڕش ئەمین دەڵێت یەکێک لەسیما خراپەکانی ئەم حکومەتە دابەزینی ئاستی بژێویی خەڵکە بەڕادەیەکی زۆر خراپ.

ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "حکومەت کەمتەرخەمی نواندووە بەرانبەر بەدۆسییەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان".

فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات حکومەت نەیتوانیوە کارنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێ بکاتو دەڵێت ئەگەر خەڵک لەسەر ئەو بەرنامەیە دەنگیان بەلیستەکە دابێتو خوێندبێتیانەوە، ئەوا ئێستا لەم حکومەتە ڕازی نەدەبوون.

لەبارەی ئەو دەنگۆیەی کە گوایە زۆرێک لەبەرپرسانی یەکێتيو پارتي کێشە بۆ حکومەت دروستدەکەن، وتی "لۆژیک قبوڵی ناکات پارتيو یەکێتی دژایەتی حکومەت بکەن".

لەتیف شێخ عومەر بەرپرسی نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەسلێمانی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بنبڕکردنی دەستێوەردانی حیزبی لەکاروباری حکومەتدا لەدوا قۆناغدایە، وتی "بەڵام شتێکی ئاساییە مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانەو سەرکردایەتيی ئەو حیزبانە لەچۆنێتيی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت بکۆڵنەوە".

لەتیف شێخ عومەر وتی " لەژێر هیچ فشارێکدا حکومەت لەهیچ بڕیارێکی خۆی پەشیمان نابێتەوە".



"لۆژیک قبوڵی ناکات پارتيو یەکێتی دژایەتی حکومەت بکەن"

11

# بەبێ ئاگاداری پەرلەمان، هەواڵگری عێراق لەهەرێم نووسینگە دەکاتەوە

دانا جەمیل لەهەولێر

بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگريو ئاسایشی عێراقی بەڕەزامەندی یەکێتيو پارتی لەپارێزگاکانی هەرێمدا نووسینگەی کردووەتەوە، پەرلەمانی کوردستانیش ئاگاداری ئەو دەزگا هەواڵگرییە نییە.

سەرچاوەیەک لەدەزگای هەواڵگری عێراقییەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بەدەستووری ڕاگەیاند حکومەتی عێراقی داوای لەهەرێمی کوردستان کردووە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دابمەزرێنێت لەشارەکانی کوردستان، لەسەرەتادا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم ڕازی نەبووەو دوای پێداگیری حکومەتی عێراقی، هەرێم بەو مەرجە ڕازی بووە کەدەبێت کارمەندەکانی ئەم دەزگایە لەلایەن هەرێمەوە دەست نیشان بکرێن. حکومەتی عێراقیش ڕەزامەندی نیشانداوەو ئێستا لەهەرێم دەستبەکاربوون.

سەرچاوەکە وتیشی لەلایەن یەکێتيو پارتییەوە کارمەندانی ئەو دەزگا هەواڵگرییە دانراونو زۆربەی ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن دەرچووی زانکۆن، وتی "پاساوانەکانیان مانگانە ٨٠٠ هەزار دیناری عێراقی وەردەگرنو بۆ هەر کارمەندێکیش مانگانە ٣٠٠ هەزار دینار بۆ نانخواردن سەرفدەکرێت، جگەلەوەی مانگانە ٥ کارتی مۆبایلیشیان بۆ داخڵدەکرێت".

شێرزاد حافز ئەندام پەرلەمانی کوردستان لەلیژنەی ناوخۆ دەڵێت ئاگاداری کردنەوەی نووسینگەی دەزگای هەواڵگری عێراق نییە لەهەرێم، وتی "یەکێتيو پارتی کە دەزگای زانیاريو پاراستنو ئاسایشیان هەیە ئەو دەزگا هەواڵگرییەیان بۆ چییە؟".

شێرزاد حافز وتی لەلیژنەی ناوخۆی پەرلەماندا گفتوگۆی ئەو بابەتە دەکاتو بەدواداچوونی بۆدەکات.

# کوڕەکەی عەباس بایز ئاغا: باوکم لەناو حیزبی بەعسدا بەرگری لەماڵی بارزانی دەکرد

فەرمان چۆمانی

کامەرانی کوڕی عەباس بایز ئاغا کەچەند ڕۆژ لەمەوبەر کەسوکاری ژمارەیەک قوربانی، کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بەهۆی کوژرانی کەسوکاریان داوایانکرد باوکیان بدرێنە دادگا، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند باوکم لەناو حیزبی بەعسدا بەرگری لەماڵی بارزانی کردووەو تاوانبار نییە، بەڵکو دەستێک لەپشتی ئەو داوایەی هاووڵاتیانەوە هەیە.

کامەران ، وتی "ئێمە دەڵێین دادگا سەرووەرە، هەرکەسێک سکاڵای هەیە بابێت بۆ هەولێر، هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوەلی ئەمری خۆمان دەزانین، لەهەر جێگەیەک کەسستمو غەرەزی شەخسیمان لەگەڵ نەکرێ بەدواماندا بنێرێت دەیخەینە سەر سەرمانو دەچینو قسەی خۆمان دەکەین، چونکە بێمنەتین".

هەروەها وتی "کاتێک ساڵی ١٩٨٨ چووینە ئێران لەساڵی ١٩٩١ لێبوردنی گشتی دەرچووە بۆ هەموو کەس، کەسێ ساڵ پێشتر ئێمە لەگەڵ حکومەتی بەعس نەمابووین، باوکم تاکە کەسێک بووە کە لەکوردستان بەوشەی ئەنفال ڕازی نەبووەو ڕۆیشتە ئێران، باوکم چەندان کەسی لەژێر پەت دەرهێناوەو بەرگری لەماڵی بارزانيو ماڵی هەزاران پێشمەرگە کردووەو خزمەتی هەموو حیزبەکانی دەکرد".

دەستوور ویستی قسە لەگەڵ عەباس بایز ئاغادا بکات، بەڵام کوڕەکەی وتی "قسەی من قسەی ئەویشەو پێمانوایە ئەو بابەتە دەستی لەپشتەوەیەو هەندێک کەسی ناحەزی ئێمە کەدەسەڵاتی ئێمەیان نییەو ناتوانن خۆیان لەقەرەی ئێمە بدەن، بەناوی ئەوەی کەهیچ بۆ پشدەر نەکراوە خەڵکیان کۆکردووەتەوە، تا لەناو جەماوەر بڵێن عەباس بایز دەبێت دادگایی بکرێتو هەندێک لافیتەیان بۆ ئەوە نووسیوە".

کامەران دەڵێت "دۆسییەی ئەنفال ئێمە ناگرێتەوە، چونکە پێش ئەنفال باوکم گیراو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، سوڵتان هاشم وەک دۆستایەتی خۆی ئازادیکرد، کەپاش هەفتەیەک دەسەڵاتی بەعسی بەجێهێشت، هەرکەسێک بەڵگەی هەیە لەسەر باوکمو برایم ئاغا کەدەستیان لەئەنفالی یەک گوند هەبوو بێ، خوێنی ئێمەیان لێ حەڵاڵ بێت".

کەسوکاری قوربانیانی دەستی مستەشارەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس، لەدوای قاسم ئاغا، داوادەکەن سەرکردایەتيی کورد بڕیارێک بدات لەبارەی دەستگیرکردنی مستەشارەکانی تر کە تائێستاش بەئازادی لەکوردستانو لەژێر داڵدەدانی حیزبە کوردییەکان ژیان دەگوزەرێنن.

هەفتەی ڕابردوو زنجیرەیەک خۆپیشاندانو ناڕەزایی دەربڕین ئەنجامدرا، کەداوای دادگایکردنی قاسم ئاغاو هەریەکە لەبرایم ئاغاو عەباس بالواغایان دەکرد.

لەناوچەی کرماشانو سەردەشتیشەوە ئیسلامییەکان لەدژی باشوور کەوتوونەتە جموجۆڵ

14

# پۆلیس دەستی بەدەستگیرکردنی عەرەبە هاتووەکان کرد

## لەداقوق ٨٤ عەرەبی کۆچبەر دەستگیرکران، کەبەبێ ئاگاداری ئیدارەی قەزاکە هاتوونەتە ناو شارۆچکەکەوە

زانیار داقوقیو کاروخ نامیق

لەیەکەم هەنگاویاندا، بەرپرسانی پۆلیس دەستیان بەدەستگیرکردنی ئەو عەرەبە هاوردانە کرد، کەبەبێ ئیدارەی پارێزگای کەرکوکو قایمقامی قەزاکان هاتوونەتە ناو شارەکەوە، دوای ئەوەی بەرپرسانی شارەکە رایانگەیاند کە لەدوای ٢٠٠٣ەوە نزیکەی ٨٥٠٠ خێزانی عەرەب هاتوونەتە شاری کەرکوکو ناحییەکانی دەوروبەری.

سەرچاوەیەک لەسەنتەری بەشی هاوئاهەنگییەکانی کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا کەهێزەکانی پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوکو پۆلیسی بنکەکانی سەر بەپۆلیسی تازەو داقوق، هەڵمەتیکی فراوانیان بەپشکنینی ناوچەکانی (ئیمام جابر، ئیمام هەوا)، گەڕەکی عەشایەرەکان لەناو شارۆچکەی داقوق ئەنجامدا.

سەرچاوەکە وتی «(٨٤) عەرەبی کۆچبەر لەوقەزایە دەستگیرکران کەبەبێ ئاگاداری ئیدارەی قەزاکە لەپارێزگاکانی ترەوە هاتوونەتە شارۆچکەکەو لیکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە».

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لەکاتێکدایە کەهیچ کام لەبەرپرسانی ئەمنیو حیزبیو حکومی شاری کەرکوک نایانەوێت لێدوان لەسەر ئەو مەسەلە بدەنو بێئاگایی خۆیان دەربڕن.


هەفتەی رابردوو بەرپرسانی حیزبیو حکومی لەسلێمانیو کەرکوک، کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکتر لەبارەی هاتنی عەرەبێکی زۆر بۆ کەرکوک، هەریەکەو هاتنی ئەو عەرەبانەی دەخستە ئەستۆی ئەوانی تر.

لەیەکەم کاردانەوەیدا مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هۆکاری هاتنی ئەو عەرەبانەو دەرنەکردنیان خستە ئەستۆی عەبدولڕەحمان مستەفا بەوەی ئەو بڕیارنادات بەدەرکردنیان.

ئاوات محەمەد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگایی کەرکوک لەلێدوانێکدا بەدەستووری وتی «دوو رێگە هەیە بۆئەوەی چارەسەری ئەو عەرەبانە بکرێت قەرەبوویان وەرگرتووەو ناگەڕێنەوە، ئەوەش ئەوەیە کەپارێزگار داوا لەپۆلیس بکات ئەو کەسانە دەستگیربکات، بەمەرجێک ناونیشانەکانیان بزانێت بەزۆر بیاننێرێتەوە یان ئەو پارەیان لێبسەنرێتەوە کەوەریانگرتووە، رێگەی دووەم ئەوەیە لیژنەی مادەی ١٤٠ شکاتیان لێبکات، بڵێت ئێمە بەڵێنمان لێوەرگرتوون کە بڕۆنەوە لەبەرانبەر ئەوەدا ٢٠ ملیۆن دیناریان وەرگرتووە».

لەبارەی دەستگیرکردنی عەرەبەکانی تازە هاتوونەتە کەرکوک وتی «داقوق جێگەیەکی بچوکە دۆزینەوەی خەڵک تێیدا قورس نییە، بەڵام لەشارێکی وەکو کەرکوک نزیکەی ٩٠٠ هەزار کەس تێیدا دەژی، رەنگە ئاسان نەبێت ئەو ماڵانە بدۆزیتەوە، جگەلەوەش هەندێک ناوچەی دوورە دەست هەیە پشکنینیان پرۆسەیەکی ئاسان نییە، وەک ناوچەکانی حەویجەو ریازو زاب».

# کۆنگرەی پارتی بۆ سێیەمجار دوادەخرێت



کاروخ نامیق

کۆنگرەی ١٣ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سێیەمجار لەسەر یەک دوادەخرێت، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتیش هۆکارەکەی بۆ تەواونەبوونی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە دەگەڕێنێتەوە.

کۆنگرەی ١٣ پارتی سەرەتا بڕیاربوو لە٩و ١٠ مانگی ١١ ئەنجامبدرێت، بەڵام دواتر دواخرا بۆ دوای جەژنی قوربانو رۆژی ١١/٢٢یان دانان، بەڵام لەپڕێکدا جارێکی تر بۆ سەرەتای مانگی ١٢ دواخراوە.

محەمەد مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند «کۆنگرەی ١٣ پارتی بۆ سەرەتای مانگی دوانزە دواخراوە».

محەمەدی مەلا قادر هۆکاری دواخستنەکەی بۆ تەواونەبوونی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە گەڕاندەوە، وتی «لەو ماوەیەی دیاریکرابوو ناتوانین کۆنگرە ببەستین، لەبەرئەوەی ئامادەکارییەکی زۆرماوە میوانێکی زۆر بانگهێشتکراوەو دەبێت جێگەو شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکەین، هەروەها دەبێت کارت چاپبکرێتو بۆیان بنێرێت».

دەستوور پەیوەندی بەفایەق تۆفیق سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی سیانزەیەمی پارتییەوە کرد، بەڵام بێئاگایی خۆی لەدواخستنی کۆنگرە راگەیاند.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە١٦ ئابی ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوەو تائێستا دوانزە کۆنگرەی بەستووەو ماوەی یانزە ساڵە کۆنگرەی نەبەستووە.

# بەڕێوەبەرەکانی شارەزوور فەرمانی پارێزگای سلێمانی جێبەجێناکەن

کامەران کەریم لەشارەزوور

چەند بەڕێوەبەرێکی ناوچەی شارەزوور فەرمانێکی پارێزگای سلێمانی جێبەجێناکەن کەداوای کردبوو هەر بەر بەڕێوەبەرێک لەسنووری پارێزگای سلێمانی دەبێت ماڵی لەو ناحییە یان قەزایە بێت کەدەوامی لێدەکات.

بەپێی نووسراوی ١١٠٠٨١/٢ رۆژی ٢٠١٠/٨/٢٦ پارێزگاری سلێمانی، کە بۆسەرجەم فەرمانگەو قایمقامییەتەکانی سنووری پارێزگاری سلێمانی نێراوە، هاتووە کە دەبێت سەرۆکی یەکەی ئیداریو سەرجەم بەڕێوەبەرو فەرمانگە حکومییەکان نیشتەجێی سنووری کارکردنیان بن بەبەردەوامیو هیچ بیانوییەک بەهەند وەرناگیرێ بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارە.

لەنووسراوەکەدا ئاماژەش بەوەشدراوە کەهەر کەسێک سەرپێچی بکات، بەرپرسیاری یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام هەندێک بەڕێوەبەر لەسنووری شارەزوور هاتوچۆ دەکەنو لەشوێنی کارەکانیان نامێننەوە.

دەستوور زانیویەتی لەشارەزوور بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی (کارەباو کشتوکاڵو بانکو پەروەردەو داراییو ئامارو پۆلیسو ئاسایشو قایمقامیەت)، لەسنووری شارەزووردانو شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەشوێنێکی ترەو رۆژانە هاتوچۆدەکەنو لەشوێنی کارەکانیان نامێننەوە.

فازڵ عومەر بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوای شارەزوور بەدەستووری وت «ئەو بڕیارە لایەنی ئیجابی زۆرە، بەڵام ژمارەیەک بەڕێوەبەر نامێننەوە».

هەروەها وتی «ئەو کەسەی نامێنێتەوە تاڕادەیەک خۆی بەکاتی دەزانێت لەو فەرمانگەیە، بەڵام لەدرەنگ گەیشتنو زوو چوونەوە زیان بەهاووڵاتیان دەگەیەنێت».



سەعید قادر فەرج بەڕێوەبەری کارەبای شارەزوور، ماڵی ئێستا لەسلێمانییە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی «من کەماڵم لەسلێمانییە بەم نزیکانە داوای گواستنەوەم کردووەو ئەگەر جێبە جێنە کر ێت، ئەوە ماڵم دەگوازمەوە بۆ شارەزوور».

توانا عەلی سکرتێری رۆژنامەوانیی پارێزگاری سلێمانی وتی «ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونییەوە کار بۆجێبەجێکردنی دەکرێت، ئەگەر لەشوێنێک جێبەجێنەکرابێت هەڵبەتە پێویستی بەماوەیەک دەبێت کەئەو کەسە شوێنی گونجاو بدۆزێتەوە».



LATEF_FF@YAHOO.COM

لەتیف فاتیح فەرەج

# گوندو ئەنفال

لێرەدا مەبەست لەگوندەکانی گەرمیانو کەرکوکە، بەر لەساڵی ١٩٨٨،واتە بەر لەشاڵاوی دڕندانەی ئەنفال، زۆربەی گوندەکانی سنووری کەرکوکو ناوچەی گەرمەسێر، قەشەنگ، ئارام، ئاوو هەوا خاوێن، سەوزو پڕ بەرگ، ئاوەدانو خۆش بوون، سەرەڕای بوونی شەڕی حکومەتو پێشمەرگە، سەرەڕای زەبرو زەنگی بەعس، سەرەڕای قورسی ژیان، بەختەوەرییەکی گەورە بەڕووی گوندنشینانەوە دیاربوو، جەیش دەهات ڕایان دەکردو دەگەڕانەوە، کۆپتەر دەهات، مێکو سەمتی دەهات، ژیان پڕ جوڵەو بەردەوام بوو، گوندنیشنە قسەخۆشو بەکەیفو بوێرەکان دۆستی ژیان بوون. لەگونددا سەکۆی جوانو حایلو دیوەخانو باڵەخانەو کونەڵانو تاقی رازاوەیان دروستدەکرد، گوند سەرەڕای کۆڵانی تەسک، سەرەڕای نەبوونی رێگاوبانی شیاو، سەرەڕای نەبوونی کارەباو نەخۆشخانەو خوێندنگەی پێویست، پڕبوو لەژیانو ئاوەدانی، هەموو دەوروبەری گوند باخچەو رەزو سەوزایی بوو، کەم گوند هەبوو لەو گەرمیانو کەرکوکە بۆنی ژیانی لێ نەیەت، نەبوونیو نەداری هەرگیز نەیاندەتوانی گوندنشینان بەچۆکدا بێنێت، ئەوان نەک نەبوونیو نەداری تەنانەت بەعسو ئەنفالیش بەچۆکیدا نەهێنان، کەچی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد پرزەی لەبەر بڕین، بەشێک لەو گوندانە لەساڵی "١٩٩١"ەوە بواری ئەوە رەخسا ژیانیان بۆ بگەڕێتەوە، بەشێکی دیکەیان لەساڵی "٢٠٠٣" بەدواوە، کەچی ژیان بوو بەمەلی عەنقاو ئیدی بڕیاریدا سەرنەکاتەوە بەو گوندانەدا، زۆر رێکخراوو دەستەو دەفو دایەرە هاتن، زۆر قسەی زل کرا، زۆر بەرنامە دانراو زۆر بەڵێن درا، کەچی گوندەکان لەهەمان سەردەمی ئەنفالدا دەژین، ئەگەر ئەرکی بەعس، ئەگەر بەرنامەی بەعس تێکشکاندنی گوندنشینان بوو، ئەگەر کوشتوبڕی بەئەرکی خۆی دەزانی، ئەی ئەرکی سەرکردایەتی کورد، حیزبە کوردییەکان، حکومەتی کوردی لەبەرانبەردا چییە؟ چ رێگایەک هەیە بۆئەوەی ژیان بکەینەوە بەگیانی گوندەکانی گەرمیانو کەرکوکدا؟ چ رێگایەک هەیە بۆئەوەی جارێکی دیکە گوندەکان پڕبکەینەوە لەقەتارو ئەڵڵاوەیسیو ئای ئای؟ ئەم دۆخە، دۆخی ژیان نەکردنەوە بەبەر گیانی گوندا درێژەدان نییە بەئەنفال، ئاخۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، گێڕانەوەی ژیان بۆیان هاتە سەرئەوەی گردەکان بکرێن بەقەڵای بەرپرسەکانو خانووی پلاستیکی لەدامێنی شارەکاندا بدرێت بەخواپێداوەکان، ئەرێ ئێمەوەزارەتی کشتوکاڵمان بۆ چییە کەتەڕەتیزەو توورو سڵقو کەوەرو کەرەویزیش لەدەرەوە دەهێنین؟وەزارەتی کشتوکاڵمان بۆ چییە کەتەواوی رووبارو زێیەکانی کوردستان لەزۆر شوێندا هیچیان لەبەر ناکرێتو بەهەدەر دەچن بەرەو خوار، بڕوانە دەوروبەری ئاوی گۆپتەپەو عەسکەرو شۆڕبەرەوە تا پردێ، سی ساڵیش دەبێ بەرپرسێکی ئەمۆڵاتە شووتییەکی مەرزیخەی نەک نەخواردووە، نەبینیوە، جاوەزیری کشتوکاڵو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانن "مەرزیخە" لەکوێیە!؟

ماستی هەولێر کە لەڕابردوودا نەک لەکوردستان تەنانەت لەعێراقیش دەنگی دابووەوە گۆرانی بێژە عەرەبەکان گۆرانییان بەباڵایدا دەوت، ئێستا نەک ناوی نییە، تەنانەت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانیش بەباڵای ماستی "دۆکا"دا هەڵدەڵێنووەزیری کشتوکاڵیش تەماشای ریکلامەکە دەکاتو بەکوڕەکان دەڵێ ئەوەش تاقیبکەنەوە، گوندەکانی کەرکوکو گەرمەسێر جگە لەبۆنی مردن، بۆنی هیچی دیکەیان لێ نایەت حکومەتووەزیرە تەکنۆکراتەکانی حکومەتیش، کەزۆر تەکنۆکراتی بوونی خۆیان بەسەر ئەو میللەتەدا نیشاندەدەن، لەبیریان چووەتەوە رۆژگارێک ئەو گوندانە قەڵاو پشتو پەنای پێشمەرگە بوون، لەو گوندانە مامە ریشەو خالید گەرمیانیو حەمەڕەشو سەدان پێشمەرگەی جەربەزە بوونە هەوێنی ئەوەی ئەمڕۆ تەکنۆکراتەکان لەسەرەوە بن، بەڵام تەکنۆکراتەکانو حکومەت لەساڵی "١٩٩١"ەوە ساڵی یەکجار سەریان لەجەلەمۆردو قەیتوولو قەڵا دەیان گوندی تر نەداوە گوندەکان سلفەی عەقارو بلۆکی رەقو تەقیان بۆ چییە؟ ئەوان دەیانەوێت حکومەت ژیان لەبواری کشتوکاڵو دەغڵو دان، مەڕو ماڵاتو بوون بگێڕێتەوە، ئەرێ حکومەت لانیکەم با لەبواری ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری گوندەکاندا چاو لەئێرانو تورکیا بکات، دوژمنەکان ماوەیەکە دەزانن چۆن ژیان بکەن بەبەر گیانی گوندەکانی کوردستاندا، ئەوەی دەیان ساڵ وێرانیان دەکرد، ئەی ئێمە بۆ نەتوانین، با یەکجار حکومەت ئەرک بکێشێ سەرێک لەجەلەمۆرد بدات ئەو گوندەی بەژمارەی زۆری ئەنفالکراوەکانی دەکرێ ناوی بنێین "هەڵەبجەی بچوک" با سەرۆکی حکومەتو کابینەکەی بەگیانێکی وەرزشییەوە ئەمەم لێوەربگرنو سەرێک لەچوار گوندی گەرمیانو کەرکوک بدەن، سەرێک لەمیلناسرو چەوریو سنوور بدەنو بەچاوی خۆیان ئەو وڵاتە ببینن کەزۆر بەشانازییەوە باسی ئاوەدانکردنەوەی دەکەن!

بڕوای تەواوم بەوە هەیە کەوەزیری کشتوکاڵ نازانێ جەلەمۆرد لەکوێی کوردستاندایە،وەک چۆن بڕوام بەوەش هەیە وەزیری تەندروستی دوو سێ کابینە نەیانتوانی نەخۆشخانەیەکیان بۆ تەواوبکات. چەند ساڵ لەمەوبەر باوکی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی مامۆستای ئازیز نەجیب گەرمیانی سەعات زیاتر بەدیار یەکێ لەئاوییەکانی گەرمیانەوە گریا، ئەو رۆژە ئێمە مامۆستا نەجیبو عومەر محەمەدو بەندە سەردانێکی ئەو گوندانەمان کرد، ئاخۆ خاتوو ئاسۆس لانیکەم لەبەر وەسییەتەکەی باوکی، لەبەر گەورەیی ئەو مامۆستا نووسەرە هەست ناسکو خاوەن عیزەتی نەفسە، سەردانی چوار گوندی گەرمیانی کردووە، دوای ساڵێک لەدەستبەکاربوونی وەک وەزیر، ئاخۆ وەزیری پەروەردە ئاگای لەخوێندنی ئەو گوندانە هەیە، ئەو دەزانێ پار ساڵ چیمەنی شەهیدان منداڵەکانی لەخێمەدا دەیانخوێند، چیمەنێک کەبارق بەشێک لەخەڵکەکەی بەزندویەتی کردە ژێر خۆڵەوە، من چی لەم شالیارانەی حکومەت بکەم، کەدەبێت تۆ نازیان بکێشیو سەردانیان بکەیت، چیان لێبکەم کەهەمیشە پشتی مێزەکانیان بەشوێنی کارکردن دەزانن، چیان لێبکەم کەئەو ژمارە تەلەفۆنو مۆبیلانەی کەدەیدەن بە رۆژنامەنووسو تەنانەت دۆستو دڵسۆزەکانی خۆشیان یان بەردەوام داخراوە یان هەرگیز کەس هەڵیناگرێت، پێویستە حکومەت دوو شتی هەبێت بڕیارو تەلەفۆن. بتوانێ بڕیار بداتو کاری پێبکرێتو هەر کاتیش زەنگت بۆ لێدا بڵێ فەرموو.

شەنو کەوی کابینەی شەشەم دەکرێت 4





سێرە

هەفتانە مەلا ئاریان دەینووسێت
Arian@hetaw.net

# پارتیو لێبوردەیی

شکستی یەکتربوڵکردنو لۆژیکی خۆخۆریی ناوەکی یەکێتی، ئەگەر بەدیوێکدا بۆ یەکێتی خۆی پاشەکشەی هێزو کەمکردنەوەی کاریگەرییە سیاسییەکانی بووبێت، ئەوە بۆ دیوەکەی تری کەپارتییە بریتییە لەپرۆسەی باڵابوونەوەو بەدەستخستنەوەی رۆحی تاقانەیی، رۆحێک کەدرێژکراوەی مێژووی ئەیلولەو لەهەناوی خۆشیدا غروری سیاسییو ئاکاری پارتی پێشڕەوی هەڵگرتووە، پارتێک کەدەیەوێت لەپەنای دانانی بەرۆڵی پەراوێزیی بۆ هێزەکانی دیکە، خۆی جڵەوی بزووتنەوە سیاسییەکەی لەدەست بێت.

راستییەکەی پارتی، بەهۆی قوڵایی مێژوویی‌و هەمیش بەهۆی لوتبەرزییە سیاسییەکەیەوە، هەمیشە لەلاوازترین قۆناغەکانی خۆشیدا ویستوویەتی بەرۆڵی کوێخای سیاسی هەستێت، ئەگەر بەرواڵەتیش لەگەڵ پرەنسیپە نوێیەکانی فرە حیزبیو وەکییەکی سیاسیی خۆی بگونجێنێ، ئەوە خواستویەتی لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارو سەرکردایەتیکردنی چالاکییە سیاسییەکان خۆی بەرۆڵی میحوەری هەستێو رەفتاری پارتی پێشەنگ لەسەر ئەزموونو هێزەکانی تاقیبکاتەوە.

پارتی پێشەنگ یا حیزبی قائید، بەتێگەیشتنی بیریاران بریتییە لەو چەشنە پارتانەی کەئامانجیان دەستگرتنە بەسەر دەسەڵاتو ژیانو بڕیاری سیاسیو لەسەر رابردووی تێکۆشان دەیانەوێت دەست بەسەر شادەمارەکانی کۆمەڵگەدا بگرن، چەشنێکن کەئامادەن دان بەپلورالیزمێکی رووکەش دابنێن، بەمەرجێک ئەو پارتانەی دەخوازن لەناو پرۆسەکەدا بمێننەوە، دەبێت بەرۆڵی سەرکردایەتیو براگەورەیی حیزبی قائید رازی بن، بەو واتایەی دابینکردنی ئازادی سیاسیو مافی وتنو هەڵسوڕانی حیزبی بۆ بەشدارانی ناو پرۆسەی سیاسی ماف نییە، بەڵکو مەکرەمەیەکە پارتی پێشەنگ لەبەرانبەر بێدەنگی ئەوانی دیو رازیبوونیان بەو رۆڵە پەراوێزییەی بۆیان دیاریدەکرێت، دەیاندرێتێ. ئەمەش رێک هاووێنەی تێگەیشتنو دنیابینییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە ئیدی پارتی سروشتی پەیوەندییەکانیو ئاراستەی دۆستایەتیو هەوڵەکانی لێک نزیککبوونەوەی لەسەر بنەڕەتی رازیکردنی ئەوی دی بەرۆڵو مێژووەکەی خۆی بنیادنراوە، دواجاریش ئەمە لەسەر بنەمای پاداشتو دۆستایەتی، یا بێدەنگکردنو سزادان کارەکە بەڕێوەدەبات.

پارتی ئێستا بەپێی لۆژیکی کێسنجەر بیر لەسیاسەت دەکاتەوە، ئەو لۆژیکەی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەلاوە گرنگ نییە، هێندەی هێ□شتنەوەی سەرەداوی قەیرانو ناکۆکییەکان بەبنەڕەتی زاڵبوونو هێز دەزانێ، ئەو لۆژیکەی کەدەڵێت "گرنگ نییە کێشەکان چارەسەر بن، گرنگ ئەوەیە سەرەداوی کێشەکانت بەدەستەوە بێت"، لۆژیکێکە پارتی لەسەرێکەوە مامەڵەی پێ لەگەڵ قەیرانە سیاسییەکانی هەرێم دەکاتو لەسەرێکی تریشەوە هێزە سیاسییەکانی پێ بێدەنگ دەکات.

لەراستیدا ئاراستە سەرەکییەکانی پارتی لەپەیوەندییەکانیدا، هەم لەسەر بنەڕەتی هێشتنەوەی کێشەکانو هەمیش لەسەر بنەمای رازیکردنیانە بەرۆڵی براگەورەیی پارتی، ئیدی ئەگەر رازییەکان هەر کێ بن مەکرەمەی پارتی دەیانگرێتەوەو ناڕازییەکانیش قوڵاییە مێژوویییەکەیان لەهەر کوێیەک بێت، بەر سزاکە دەکەون، بەو مانایەی کەپارتی ئێستا بەکردەوە بەرە سیاسییەکەی هەرێمی دابەشکردووە، بەرەیەک کەگروپە بێدەنگو گوێڕایەڵو دۆستەکانی خۆی تێدا کۆکردووەتەوە، ئەوانەی بێ دوودڵی بەپرۆژەی سەرکردایەتیکردنی پارتی بۆ بزووتنەوە سیاسییەکەو پرۆسەی حوکمڕانی رازینو گروپەکەی دیکەش هێزە بێ گوێو رەخنەگرو قسە لەڕووەکانن، کەسەرەڕای دانانی بەرۆڵی مێژوویی پارتی، بەڵام رەفتارو ئاکاری سیاسیی ئەو هێزە دەخەنە ژێر پرسیارو رەخنەوە. هەڵبەت بەشێوەی پەرچەکرداریش ئەو هێزە، گروپی یەکەم ستایش دەکاتو لەناو نازو نیعمەتی پاداشتەکانی خۆیدا وەک رۆڵەی گوێڕایەڵ جێگەیان دەکاتەوەو گروپی دووەمیش وێڕای سەرزەنشت، دەبنە قوربانی سزاکانی پارتیو لێپێچینەوەی سیاسی.


سیاسەتی پارتی، لەپاش هەڵبژاردنی ٧/٢٥ەوە، لەسەر بنەڕەتێکی تەندروستو لەچوارچێوەی رێزگرتنی هاوبەش ئەزموون نەکراوە، بەڵکو سیاسەتێک بووە پەرچەکرداری سیاسیو کەلتووری تۆڵەسەندنەوە لەرواڵەتە سەرەکییەکانی بووە، بەو پێیەی لەو هەڵبژاردنەوە بەتێگەیشتنی پارتی سلێمانیو کۆمەڵێک هێزی سیاسی لێی یاخیبوون. ئیدی دواجار ئەو پەرچەکردارە بێ لێبوردەیی، رەنگدانەوەی بەسەر بڕیارە سیاسییەکانییەوە هەبووە، لەیەکەم تاقیکردنەوەیدا قادر عەزیز سزا دەدرێو پەرچەکردارەکە دەگاتە ئاستێک بەبڕیارێکی وەزیری ناوخۆ سیاسەتی لێ قەدەغەدە دەکرێت، لەدووەمیشدا سەرەڕای رازیبوونی کۆمەڵی ئیسلامی بەبەشداری لەکابینەی شەش، پارتی ڤیتۆ بەکاردێنێو لەسێهەمیشدا ململانێکانی لەگەڵ گۆڕان دەگاتە ئاستێکی ترسناکو دواجاریش مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ دۆسیەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ناکات، دواین بڕیارە سیاسییەکانی پارتیش راگەیاندنی شەڕێکە لەگەڵ میدیای ئەهلی کەدواجار هەم لەئاستی ناوخۆو هەمیش لەئاستی دەرەوە ئەوەی زیانی لەو شەڕانەدا پێدەبڕێت پارتییە، کەچی لەسەرێکی دیکەوە دۆستەکانی پارتیو ئەوانەی برا گەورەیی ئەو هێزە بێ مەرج قبوڵدەکەن، دەکەونە بەردەم پاداشتو مەکرەمەکانییەوەو هەندێکیان لەسزاش دەپارێزرێن.

رابردوو، ئێستاو ئایندەش پارتی هێزێکی گرنگ بووەو دەبێت، گرنگ بەو پێیەی ئێستا جومگەیەکی سەرەکی هێزە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیو سەرکردایەتی دامەزراوە فەرمییەکانی وەک سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانیشی لەدەستە، هەربۆیەش بەردەوامیو غیابی ئەو لێبوردەییە نەک هەر پارتی، بەڵکو ئەزموونو بزووتنەوە سیاسییەکەش بەرەو ئاراستەیەکی ترسناک دەبات، بەپێچەوانەشەوە خۆڕاستکردنەوەی پارتیو قوڵکردنەوەی پرەنسیبی لێبوردەیی لەرەفتاری سیاسیو دوورکەوتنەوە لەپەرچەکردار، ئەزموونەکە بەهێزتر دەکات، راستییەکەشی برای گەورەییو زۆرینەیی پارتی بەلێبوردەیی پێوانە دەکرێت، نە بەپارەداریو دڵڕەقی، چونکە شاعیر وتەنی سوراحی راستەقینە ئەوەیە سەر فروبێنێ بۆ پیاڵە.

# ٧٠ هاووڵاتی چەمچەماڵ لەپێناو ئیمزایەکدا گیانیان لەدەستداوە

## حکومەت بەنیازە رێگایەک بەدرێژایی ٨٠ کیلۆمەتر لەنێوان چەمچەماڵ-کەلاردا بکاتەوە

کاروخ نامیق لەچەمچەماڵ



رێگای مەرگ ژیانی سەدان هاووڵاتی خستووەتە مەترسیەوە

هاووڵاتیانی شارۆچکەی چەمچەماڵ زۆرینەی کات لەپێناو ئیمزایەکی مامەڵەکانیاندا لەدامودەزگا حکومییەکان دەبێت سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن لەکەلار، ئەوەش رووبەڕووی مەرگی کردوونەتەوە بەهۆی خراپیو دووریی رێگەی هاتوچۆوە.

هاووڵاتیانی چەمچەماڵ رۆژانە لەپێناو ئیمزایەکدا دەبێت ئەو رێگەیە ببڕن کە بەڕێگەی مەرگ ناسراوە، لەچەمچەماڵەوە بێنە سلێمانیو لەوێشەوە بەرەو کەلار بەڕێبکەون، رێگەی مەرگ (سلێمانی-دەربەندیخان-کەلار).

بەپێی وتەی قایمقامی چەمچەماڵ لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بەهۆی هاتوچۆی هاووڵاتیان لەنێوان چەمچەماڵو کەلار بۆ رایکردنی کارە ئیدارییەکانیان، ٧٠ هاووڵاتیی چەمچەماڵ لەو رێگەیە گیانیان لەدەستداوە.

هاووڵاتیانی چەمچەماڵ داوادەکەن مامەڵەی کاروبارەکانیان لەفەرمانگەکانی حکومەت لەئیدارەی گەرمیانەوە بگەڕێتەوە بۆ چەمچەماڵ وەک کارئاسانییەک بۆیان.

شاهۆ عەباس ٢٣ ساڵ، دانیشتووی چەمچەماڵ وتی"داوادەکەین رایکردنی کارەکانی هاووڵاتیان لەفەرمانگەکانی حکومەت لەچەمچەماڵ ئەنجامبدرێتو ناچارنەبن بچن بۆ کەلارو رێگەیەکی دوورو درێژ ببڕن بۆ ئیمزایەک".

شاهۆ وتی "ئەگەر ئێستا هاووڵاتییەکی چەمچەماڵ ئیشی بەفەرمانگەیەک هەبێت تووشی ماندووبوونو گرفتێکی زۆر دەبێت، لەبەرئەوەی دەبێت سەدان کیلۆمەتر ببڕێت تادەگاتە کەلار".

هاووڵاتیانی چەمچەماڵو دەوروبەری ئاماژە بەفراوانی ناوچەکەیانو چڕی دانیشتووانەکەی دەکەن لەبەرئەوە بەمافی سروشتی خۆیانی دەزانن رایکردنی کاروبارەکانیان لەفەرمانگەکانی حکومەت بگوازرێتەوە بۆ چەمچەماڵ.

ئیسماعیل کاکە سوور ٢٢ ساڵ، هاووڵاتییەکی تری چەمچەماڵە دەڵێت گواستنەوەی کاروبارەکانی هاووڵاتیان بۆ چەمچەماڵ بەمافێکی سروشتی دانیشتووانی ناوچەکە دەزانێت، لەبەرئەوەی سنووری چەمچەماڵ ناوچەیەکی فراوانەو چڕی دانیشتووانەکەی زۆرە.

کاکە سوور وتی "هاووڵاتیانی چەمچەماڵ تووشی گرفتێکی زۆر بوونەتەوە لەئەنجامی هاتووچۆیان بۆ رایکردنی کارەکانیان".

چەمچەماڵ سەرەتا سەر بەپارێزگای کەرکوک بووە، بەڵام لەچوارچێوەی سیاسەتی تەعریبداو بەپێی بڕیاری ٦٠٨، لەڕۆژی ٦/١١/ ١٩٧٥ لەلایەن رژێمی بەعسەوە، لەپارێزگای کەرکوک دابڕێنراو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی، بەمەبەستی کەمکردنەوەی رێژەی دانیشتووانی کورد لەپارێزگای کەرکوک، هەر بەهەمان بڕیار هەردوو شارۆچکەی کەلاریش لەپارێزگای کەرکوکەوە خرانە سەر پارێزگای سلێمانی و کفریش گواسترایەوە سەر پارێزگای دیالە.

لەدوای راپەرینیش حکومەتی هەرێم پارێزگای کەرکوکی پێکهێنا بۆ ئەو سێ شارۆچکە دابڕاوەو دەربەندیخانیشی خستەسەرو کردیە ناوەندی پارێزگاکە. بەڵام ئەو پارێزگایە دوای رزگارکردنی کەرکوک لەساڵی ٢٠٠٣ هەڵوەشایەوەو کرا بەئیدارەی گەرمیان و کەلاریش بوو بەناوەندی کارگێڕیی گەرمیان.

ئیدارەی گەرمیان لەهەرسێ شارۆچکەی کەلارو کفریو چەمچەماڵو ٢٠ ناحییە پێکدێت، دانیشتووانەکەشی نزیکەی نیو ملیۆن (٥٠٠ هەزار) کەسە.

پێش دروستبوونی ئیدارەی گەرمیان دانیشتووانی چەمچەماڵ بەمەبەستی رایکردنی کاروبارەکانیان لەفەرمانگەکانی حکومەت، سەردانی شاری دەربەندیخانیان دەکردو دواتریش سلێمانی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئیدارەی گەرمیان دروستکراو چەمچەماڵیش خرایە سەر ئەو ئیدارەیە، ئێستا هاووڵاتیانی چەمچەماڵ بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان لەفەرمانگەکانی حکومەت دەبێت سەردانی کەلار.

عەلی رەوف قایمقامی چەمچەماڵ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بڕینی ئەو رێگە دوورە لەلایەن هاووڵاتیانەوە کارێکی سەختە تەنانەت بۆ کاری ئیداری خۆشمان گرفتی بۆ دروستکردووین".

عەلی رەوف وتی "چەندانجار بەیاداشتو کۆبوونەوەی رەسمیو بەزارەکی داوامانکردووە چارەسەرێکی یاسایی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە".

گرنگترین ئەو فەرمانگانەی چەمچەماڵ کەسەر بەئیدرەی گەرمیانەو رۆژانە هاووڵاتیان سەردانیان دەکەن بریتین لەبەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی، بەڕێوەبەرێتی رەگەزنامەی باری شارستانی، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، بەڕێوەبەرایەتی چاودێری خێزان، بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە.

عەلی رەوف وتی "ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانی چەمچەماڵ لەرێگەی کەلار-دەربەندیخان-سلێمانی کە بەڕێگەی مەرگ ناسراوە، بوونەتە قوربانی کەنزیکەی ٧٠ هاووڵاتی دەبن".

رووبەری قەزای چەمچەماڵ ١ ملیۆنو ٨٠٠ هەزار دۆنم زەوییە، کەنزیکەی ١٦٥ هەزار کەسە تێیدا دەژی، لە٨ ناحیەو ٣٥٥ گوند پێکهاتووە، کەناحیەکان بریتیین لەسەنگاو، شۆڕش، قادر کەرەم، تەکیەی جەباری، قەرەهەنجیر، شوان، ئاغجەلەرو تەکیەی کاکەمەند.

دەستوور پەیوەندی بەمەلا سەعید ئەحمەدەوە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون لێدوان بدات.

سەرچاوەیەک لەئیدارەیی گەرمیان بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند "بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەسەر بودجەی وەزارەتی ئەشغالو ئاوەدانکردنەوە، رێگەیەکی قیرتاو لەنێوان کەلارو چەمچەماڵ دروستدەکرێت، کە بەناحیەی سەنگاودا تێدەپەڕێتو ناوچەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە".

بەوتەی سەرچاوەکە درێژیی رێگەکە ٨٠ کیلۆمەترە، ئێستا ٣٥ کیلۆمەتری قیرتاوکراوەو ٤٥ کیلۆمەترەکەی تر لەژێر کارکردندایە.

وتی "ئەو رێگەیە کارئاسانی زۆر بۆ هاووڵاتیان دەکاتو بەماوەیەکی زۆر کەم دەتوانن سەردانی کەلار بکەنو بگەڕێنەوە".

# روونکردنەوە

لەلاپەڕە ٢ی ژمارە ٥٤ی هەفتەنامەی دەستووردا، بابەتێک بڵاوکراوەتەوەو تێیدا ناوی ١٥ ئەندام پەرلەمانی کوردستان هاتووە، کەژمارەی مۆبایلەکانیان هەڵەن یان داخراون، ئێمە وەک لیژنەی ئامادەکاری کتێبی «رێبەری هاووڵاتیان» دوای پێداچوونەوەمان بەکۆی ئەو زانیاریانەی لەبەشی خۆیی پەرلەمانەوە دەستمانکەوتووە، بۆماندەرکەوت کەتەنیا ژمارەی مۆبایلی پەرلەمانتار (د. شاهۆ سەعید) لەلایەن ئێمەوە بەهەڵە گوێزراوەتەوەو لەبری ژمارە ٠٧٧٠١٥٨٥٣٤٢ لەرێبەرەکەدا نووسیومانە ٠٧٧٠١٥٧٥٣٤٢ لەگەڵ داوای لێبوردنمان لەبەڕێزی.

لێرەوە داواکارین لەهەموو ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان — خولی سێیەم کەناونیشانو زانیاریی تەواو لەبارەی خۆیانەوە لەسایتی پەرلەماندا بڵاوبکەنەوەو ئیمەیڵی تایبەت بەپەرلەمانیان هەبێت، نەک شەخسی، لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان پەرلەمانتارانو هاووڵاتیاندا.

**لیژنەی ئامادەکاری کتێبی «رێبەری هاووڵاتیان»**
**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE**
**٢٠١٠/١٠/٢٥**

**رونکردنەوەیەک لەپەرلەمانتار دانا سەعید سۆفی**

سڵاو، بەداوای لێبوردنەوە ئەو ژمارە تەلەفۆنەی لەرێبەرەکە نووسراوە هەڵەیە، نازانم بۆ وا هاتووە، بەڵام ژمارەی تەلەفۆنی دروستی من لەسایتی پەرلەمان نووسراوە، کە بەم شێوەیەیە (٠٧٥٠٧٠٥٤٣٩٣)، لەگەڵ رێزم.

دانا سەعید سۆفی.

**بەرچاوڕوونی**

پەرلەمانتار ئەڤین عومەر لەفراکسیۆنی کوردستانی، (پارتی). لەپەیوەندییەکیدا بەرۆژنامەی دەستووری رایگەیاند ئەم ژمارەیە مۆبایلی٠٧٥٠٤٤٦٩٩٦٣ تایبەتی خۆمە، واتە هەڵەنییە وەک ئەوەی لەراپۆرتە هەواڵەکەی دەستوردا هاتووە.

# داوای زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆم دەکرێت

دەستوور

کۆمەڵێک لەگەنجانو رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانی شاری رانیە، داوا لەسەرکردایەتیی کۆنی بزووتنەوەی ریفراندۆم دەکەن، دەست بەکاروچالاکییەکانیان بکەنەوە، ئامادەیی خۆشیان دەردەبڕن بۆ هەر جۆرە ئەرکێک کەپێیان بسپێرێت لەناو بزووتنەوەکەدا.

رۆژنامەنوس جەبار عەزیز ئەندامی گروپی زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندوم، لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، وتی "ئێستا قۆناغێکی نوێ لەعێراقدا هاتووەتە ئاراوەو دوای هەشت مانگ تێپەڕبوون بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، حکومەتی عێراق پێکنەهاتووە، هەروەها لەعێراق دەنگێکی نەشاز هەیە دژ بەخواستەکانی کورد، کەهەموویان خواستی زۆر دەستوورین، لەلایەکیتریشەوە رۆژانی رابردوو وەزیری پلاندانان پێشنیازی لابردنی خانەی نەتەوەی لەفۆرمی سەرژمێری کردووە، بۆیە ئێمە داوای زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆممان کردووە".

جەبار وتی "لەباشووری سودان پرسی ریفراندۆم هاتووەتە ئارا، کەدەوڵەتانی عەرەبیو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی پشتگیری لەئەنجامەکەی دەکەن، خواستەکانی کوردیش ئەوە دەهێنن کەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێبکات".

بزووتنەوەی ریفراندۆم لەساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن کۆمەڵێک رۆشنبیرو سیاسی لەکوردستان لەپێناو داکۆکیکردن لەخواستەکانی گەلی کورد پێکهات، کەدیارترین کەسایەتییەکان فەتاح زاخۆوو وەزیری ئەوکاتی رۆشنبیریو رۆشنبیر هەڵکەوت عەبدوڵڵا بوون.

هەنگاوی یەکەمی ئەو رۆژنامەنووسانەی رانیە بەدەرکردنی بەیاننامەیەک دەستیپێکردووەو بڕیاری لەرۆژانی داهاتوودا چالاکییەکانیان زیاتر بکەن.

لەبەیاننامەکەدا هاتووە "ئێمە بەشێک لەگەنجانو رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی شاری رانیەو دەوروبەری، بەلێوردبوونەوەمان لەڕەوشی سیاسیی عێراقو ئەو پیلانانەی لەبەرانبەر کورد دەکرێن پێشنیازدەکەین جارێکی تر سەرکردایەتی بزوتنەوەی ریفراندۆم لەکوردستان بێتەوە مەیدانو دەستبەکارەکانی خۆی بکاتەوە".

# کاردانەوە یان ستراتیژ؟

پێشنیازی پـڕۆژەی گەورەبکات، چونکە گاریگەری دروستدەکات لەو شارەی تیایدا دروستدەکرێت.

**ڕەخنە لەڕێکخستنەوەی بودجە دەگیرێت**

دوای سوێندخواردنی وەکو سەرۆکی حکومەت، لەیەکەم وتاریدا بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند، ئەولەویەتی کارەکانیان بۆ کشتوکاڵو پیشەسازییە، بەڵام دوای ساڵێک هیچ بەرنامەیەکی ڕوون نییە بۆ ئەو دوو کەرتە.

وشیار مەعروف پسپۆڕی ئابووری لەزانکۆی کۆیە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "لەبودجەی ئەمساڵی حکومەتی هەرێمدا گرنگی نەدرا بەکشتوکاڵو پیشەسازی، پارەیەکی زۆر کەمی بۆ تەرخانکرا، بەشی زۆری بودجەی حکومەت بۆ موچە دەڕوات".

هەروەها ڕوونیکردەوە کە تائێستا زۆربەی کەلوپەلو خواردەمەنی لەدەرەوەی هەرێمەوە دێن، لەبودجە هیچ گرنگییەک نەدراوە بەپێشخستنو کردنەوەی کارگەو زیادکردنی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی.

لەبارەی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەوە، ئاماژەی بەوەدا کەحکومەتی هەرێم بودجەی نییەو وتی "تەنیا پارە وەردەگرێت، پارەکەش لەبەغدادەوە دێت، حکومەتی هەرێم ناتوانێت بنیادنانی لەسەر بکاتو کۆنترۆڵی بکات، چونکە بودجەکە مانگانە دێت".

هەروەها وتی "باوەڕم بەڕێکخستنی بودجە وەک ئەوەی ئێستای حکومەتی هەرێم نییە، دەبێت بودجە لەسەر بنەمای پرۆژەو بەرنامە بێت، پرۆژە بۆ پێشخستنی خوێندەواریو تەندروستیو هەموو کەرتەکانی دیکە، حکومەت لەبودجەدا بەرنامەی نییە بۆ هاڵاوسانی نرخو دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران".

**بەرهەم ساڵح بەڵێنی بۆ ناوچە جێناکۆکەکانی دیالە نەبردووەتەسەر**

کابینەی شەشەم چەندان بەڵێنی بۆ ناوچە جێناکۆکەکانی سنووری پارێزگای دیالە دا، بەڵام تائێستا هیچی نەبردووەتەسەر.

سەمیر محەمەد سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین وتی "تائێستا کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم هیچ پرۆژەیەکی بۆ شاری خانەقین ئەنجامنەداوە، بەڵام لەبودجەی یەکێتی چەند کلیۆمەترێک ڕێگەوبان قیرتاوکراوە لەگەڵ چەند پرۆژەیەکی بچوک بۆ ناوشار ئەنجامدراون، هەروەها کابینەکانی پێشوو چەند پرۆژەیەکی بچوکیان ئەنجامداوە بۆ خانەقین".

عەبدول حسەین عەباسیش بەڕێوەبەری ناحیەی ناحیەی مەندەلی ئاماژەی بەوەدا کەحکومەتی هەرێمو کابینەی شەشەم هیچی بۆ مەندەلی نەکردووەو مەندەلی بەوهۆیەوە لەقەزاوە بچوکبووەتەوەو بووە بەناحییە.

لەلایەکی ترەوە ئەنوەر حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەولەولا کە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریو خراپی بارودۆخی ئەمنی نزیکەی ٦٠٠ خێزانی کورد شارۆچکەکەیان بەجێهێشتووە، وتی "لەکابینەی پێشووی حکومەتدا چەند پرۆژەیەکی بچوکیان بۆ شارەکە کردووە، بەڵام لەم کابینەیەدا تەنیا چەند پرۆژەیەکی بچوکی تەواو نەکراویان بۆ تەواوکردووینو هیچی تر".

**پەرلەمانتاران لێکۆڵینەوە لەکارەکانی کابینەی شەشەم دەکەن**

پەرلەمانتاران پێیانوایە کارەکانی ساڵێکی کابینەی شەشەم ستراتیژی نەبووە، بەڵکو زیاتر کاردانەوە بووە بەرانبەر ئەو ڕەخنەو بارگرژییە سیاسییەی کە لەکوردستان لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ەوە دروستبووە.

پەرلەمانتاران بەنیازن چ وەکو فراکسیۆنەکان چ وەکو لیژنەکانی پەرلەمان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەکارەکانی کابینەی شەشەم بکەن، ئاماژە بەوە دەدەن کە بەهۆی ئەو بارگرژییەی لەکوردستاندا هەبووە، کارەکانی حکومەت زیاتر کاردانەوە بووە، نەک ستراتیژ.

حەمە سەعید حەمەعەلی لەفراکسیۆنی یەکگرتوو و سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەماوەی ئەو ساڵەدا حکومەت وەکو پێویست کارەکانو پرۆژەکانی ئەنجامنەداوە، چونکە کاری ستراتیژترو پرۆژەی گەورەتر هەبوو کەدەبووایە جێبەجێبکرایە.

حەمە سەعدی دەڵێت حکومەت کەساڵێک بەسەر تەمەنیدا تێپەڕدەبێت، بەڵام تەنیا بەهەندێک بابەتی سیاسیو لاوەکیو یەکنەگرتنەوەی هەندێک دامودەزگای حکومەت خەریک بووە، وتی "ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەپرۆژەکانی لەسنووری هەولێرو دهۆک جیاوازی هەیە لەگەڵ سلێمانی".

هەروەها وتی "کارەکانی ئەمساڵی حکومەت زیاتر کاردانەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانە، نەک بەرنامەیەکی ستراتیژی هەبێت بۆ بەڕێوەبەردنی کارەکان".

حەمە سەعید پێیوایە پەرلەمان دەبوو سێ مانگ تا شەش مانگ جارێک لێپرسینەوەی لەگەڵ حکومەتدا بکردایە، وتی "بەداخەوە ئەمە لەڕووی بەرنامەو پلانو بەدواداچوونو لێپرسینەوە وەک پێویست نییە".

ڕەفیق سابیر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کوردستانیو سەرۆکی لیژنەی نەزاهە، دەڵێت پەرلەمان لەڕێگای لیژنەکانی خۆیەوە بەدواداچوونی بۆ کارەکانی حکومەت کردووە، وتی "هەر لیژنەیەک بەپێی تایبەتمەندی خۆی کاری بۆ وەزارەتەکەی دەکات، لەبەرئەوە لیژنەکان بڕیاری ئەوە دەدەن کەموکمکینە حکومەت لەبوارێکدا کاری باشی کردبێتو لەبوارێکی تردا کەموکورتی هەبێت".

ئەو پێیوایە هێشتا زووە کەمرۆڤ بڕیارێکی جدی لەسەرکارەکانی حکومەت بدات، چونکە بەبڕوای ئەو ماوەی ساڵێک زۆر نییە.

هەروەها وتی "لەگەڵئەوەشدا لەو ماوەیدا لەپارێزگای سلێمانیدا هەست بەبوونی حکومەت دەکرێت، هەندێک جوڵە دەبینرێتو هەندێک کارکراوە، بەڵام ڕەنگە هەمووومان چاوەڕوانی زیاتر بووبین".

> حەمە سەعید حەمەعەلی: کارەکانی ئەمساڵی حکومەت زیاتر کاردانەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانە، نەک بەرنامەیەکی ستراتیژی هەبێت بۆ بەڕێوەبەردنی کارەکان

پەیام ئەحمەد پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی گۆڕانو ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، دەڵێت هەرشتێک کەدەکرێت، ناکرێت ئەوان دەستخۆشیان لێبکەنو تەواو، وتی "نەخێر دەبێت ئەوان ئیشی باش بکەنو ئێمەش بەردەوام چاودێریو بەدواداچوونمان بۆ ئەوە کردووە، چونکە لەهەندێک پـڕۆژەدا کەموکورتی هەبووەو کارەکان جێبەجێنەکراوە وەک خۆی".

پەیام پێشنیازی ئەوە بوو کەحکومەت یەکبخرێتەوەو بێتە گشتیو هیچ جیاوازییەک نەبێت لەنێوان ناوچەکاندا، وتی "ناکرێت ناوچەیەک زیاتر خزمەتبکرێتو ناوچەیەکی تر کەمتر، چونکە ئێمە ئەو کێشەیەمان هەیە کەئەو ناوچەیەی کەنزیکی دەسەڵاتە، خزمەتی زیاتر دەکرێتو ئەوەی کەدوورە پشتگوێدەخرێت".

بەکر کەریم محەمەد ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت پێویستە حکومەت لەئەدای تەنفیزی خۆی بکۆڵێتەوەو لەکۆنفرانسێکدا هۆکارەکانی ئیشکردن ئاشکرابکاتو تەندەرەکان بەشەفافی بکرێن.

بەڕای ئەو لەئەمساڵدا تاڕادەیەک توانراوە هەندێک لەبڕگەکانی بەرنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێبکرێن، وەک بواری تواناسازی لاوانو زیادکردنی موچەی شەهیدانو ئەنفالکراوان. بەڵام وتی "ئەوەنەبێت کەهەموو شتەکان بەڕێکوپێکی چووبوونە پێشەوە، بۆیە گلەییو گازندەش هەیە لەهەندێک شت کەدەبوو لەم ماوەیدا کاریان لەسەر بکرێت".

* محەمەد نەجیب، هێمن لەتیف، فەرمان چۆمانی، ڕێبوار جەلال بەشداریان لەم ڕاپۆرتەدا کردووە.

**تادێت باری ئەمنی ناوچە دابڕاوەکان ئاڵۆزتر دەبێتو کوردەکان ئەو ناوچانە بەجێدەهێڵن، کە دوو ساڵ لەمەوبەر پێشمەرگەیان لێکشاندەوەو تەسلیمی سوپای عێراقیان کرد. ئێستا دەنگێک هەیە داوادەکات کورد بەهێز ئەو ناوچانە بخاتەوە سەر هەرێم، بەڵام زۆرینە ڕایانوایە کە لۆژیکی بەکارهێنانی هێز نەماوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کوردەکان بەلۆژیکی هێزو هەڕەشە لەناوچە دابڕاوەکان کەزێدی هەزاران ساڵەیانە دەردەکرێن.**

## "لەگەڵ ئەوەم کورد لەشەوو ڕۆژێکدا هێزی پێشمەرگە بەرێتە دوا بستە خاکی سنووری کوردستان"



عارف قوربانی
چاودێری سیاسی

دەستوور: بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان هەندێک دەڵێن کورد لەباشترین حاڵدا پێویستە بەڕێگەی چەک ئەوە یەکلاییبکاتەوە، بەڕێزیشتان پێشنیازی ئەوەتان کردووە ئایا ئەوە ڕێگایەکی گونجاوە؟

عارف قوربانی: کورد دەبێت هەموو ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر لەپێناوی یەک شت بۆئەوەی کوردەکانی ئەو ناوچانە دڵنیابکات ئێمە دەستبەدارتان نابین شوێنو ماڵی خۆتان جێمەهێڵن، چونکە لەهەلومەرجێکی وەک ئێستادا ئەو کوردانە ئەو ناوچانە جێبهێڵن پێموانییە دۆخێکی تر لەعێراقدا بخولقێتەوە ئەم کوردانە جارێکی تر بتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. کورد دەبێت لەڕێگەی گروپی کوردی لەبەغدا حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم فشار لەسەر بەغدا دروستبکات، ئەگەرنا لەناچاریدا هەر دەبێت پەنا بۆ ئەو هێزە بەرین بۆ ئەوەی ئەمری واقیع لەوناوچانە بخولقێنین.

دەستوور: پێشتر کورد دەیتوانی بەئاسانی ئەو کێشانە بەهێز یەکلاییبکاتەوە، پێتانوایە پێویست بوو ئەوکات بیکردایە بۆئەوەی ئێستا ئەو کێشەیە دروستنەبوایە؟

عارف قوربانی: زەمەن ناگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە بەهێز نەمانکرد، ئێستا ناتوانیین بیکەین، بەدڵنیاییەوە کورد دەیتوانی لەکاتی پرۆسەی ئازادی کۆی کێشەکانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان چارەسەربکات، لەبەرئەوەی عێراق دەوڵەتی نەبوو، حیزبەکان بەهێز نەبوون، سوپا نەمابوو، ئەمریکا ئەوکات لەناوچەکە خاوەن بڕیاری زیاتربوو لەچاو ئێستا، کورد پایەی بەهێزتربوو لەعێراق، کۆی ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بەڵێ دەکرا ئەوکات بەهێز یەکلاییبکەینەوە، بەڵام کورد لەوکاتەشدا بۆ دڵنیایی لەناوچەکەو بۆئەوەی بۆ هەموو دنیایی بسەلمێنێت، کورد بەڕێوشوێنی یاساییو دەستووری داوای مافەکانی خۆی دەکات ئەو کارەی نەکرد.

دەستوور: هۆکار چییە ئەوکات نەیکرد؟

عارف قوربانی: هەموو دنیا تەسەوری وابوو کورد لەکاتی ڕوخانی ڕژێمی بەعس تۆڵەدەکاتەوە وەکو میللەتێکی زوڵملێکراو کەبەدرێژایی هەشتا ساڵی ڕابردوو زوڵمی لێکراوە لەو ناوچانە تۆڵەدەکاتەوە، بەڵام کورد ویستی نیازپاکی خۆی نیشان بدات کەباوەڕی بەتۆڵەکردنەوە نییە.

دەستوور: ئایا کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا لەناوچەکانی دیالە بەتایبەت لەسەعدییەو جەلەولا بەدروست دەزانیت، یان پێتانوایە هەڵەبوو بۆ کورد؟

عارف قوربانی: کارێکی هەڵەبوو لەبەر یەک هۆی ڕوون، ئەویش ئەوەیە دەستوور ئەو ناوچانەی بەتەواوی نەبڕاندووەتەوە، ئەم ناوچانە سەر بەناوەندن یان سەر بەهەرێمی کوردستانن، بەڵکو وەک ناوچەی ناکۆک هێشتوونیەتییەوە، کەواتە ناکۆکە لەنێوانی هەرێمی کوردستانداو بەغدا، کەواتە دەبوو کورد سوودی لەم بڕگە دەستوورییە وەربگرتایە بەوەی بەغدا چەند مافی مامەڵەکردنی هەیە لەگەڵ ئەم ناوچانە، کەواتە دەبێت هەرێمی کوردستانیش هەمان ئەو مافە مومارەسەبکات.

دەستوور: لەباشترین حاڵەتدا کورد پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانەدا بکات لەئێستادا؟

عارف قوربانی: کورد دەبێت دەست بەو مەبدەئەی خۆییەوە بگرێت کە هیچ کات ئامادەنییە دەستبەرداری ئەو ناوچانەبێت، مادام نیەتی کورد ئەوەیە دەستبەرداریان نابێت، دەبێت لەئێستادا بڕیارێکی چارەنووس سازبدەین بەوەی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، چونکە دڵنیام ڕۆژێک دەگەینە ئەو بڕیارەی ئێستا خەڵک بەمەترسی دەزانێت، بەڵام ئەوکاتە ئێمە لاوازترین دوژمنەکانمان بەهێزترن.

من لەگەڵ ئەوەم کورد لە شەوورۆژێکدا هێزی پێشمەرگە بەرێتە دوابستەخاکی سنووری کوردستانو لەوێ ئاڵای کوردستان هەڵبکاتو بەلایەنە عێراقییەکان بڵێت ئەمە خاکی کوردستانە، دەمانەوێت لەچوارچێوەی عێراق بەو شێوازە فیدراڵییەی دەستوور بڕیاری لێداوە لەگەڵتان بژین، ئەگەر ئەوان هەر هەڵوێستێکی پێچەوانەیان هەبوو، کورد مافێکی سروشتی خۆیەتی جیابێتەوە نەبێتە بەشێک لەعێراق.

## بەکارهێنانی هێز لەئێستادا لەلایەن کوردەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات



ئەنوەری حاجی عوسمان
بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە

دەستوور: کوردەکان بەردەوامن لەسەر جێهێشتنی ناوچەکانیان بەتایبەت لەجەلەولاو سەعدییەو لەناوچەی دووزخورماتووش، لەولاشەوە عەرەب بەلێشاو دێنە کەرکوک، بۆ چارەسەرکردنی ئەمە هەندێک دەڵێن کورد لەباشترین حاڵدا پێویستە بەڕێگەی چەک ئەمە یەکلاییبکاتەوە، ئێوە ئەمە بەڕێگەچارە دەزانن؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: بەکارهێنانی هێز لەئێستادا لەلایەن کوردەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات، لەبەرئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو ناوچانەن. بۆیە من بەباشی نازانم لەئێستادا.

دەستوور: کورد پێشتر دەیتوانی بەئاسانی ئەو کێشانە بەهێز یەکلاییبکاتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو خیارەی لەپێشبوو، دەشیتوانی ئەنجامی بدات، پێتانوایە پێویست بوو ئەوکات بیکردایە بۆئەوەی ئێستا ئەو کێشەیە دروستنەبوایە؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: پێموابیە پێشتر دەبوو نەمانهێشتایە عەرەبەکان بێنەوە ئەو ناوچانە، لەبەرئەوەی لەدوو ساڵی ڕابردوودا تارادەیەکی زۆر ئەو ناوچانەمان کۆنترۆڵکردبوو، ئەوکاتە پێموابوو ئەگەر ئەوان بێنەوە ئەم کایشەیە بەئاسانی چارەسەر ناکرێتو ناگەڕێنەوە تادەگاتە ئاستی ئاڵۆزی، دەبوو ئەوکاتە نەمانهێشتایە بگەڕێنەوە، بەداخەوە ئەوکات ڕاوبۆچوونەکان وەک ئێستا نەبوونو ئەو حەماسەی ئێستا هەیە ئەوکاتە نەبوو. دەبواییە ئەوکات بەڕێگەی هێز نەمانهێشتایە عەرەبە شۆڤێنیەکان بگەڕێنەوە، تووشی بەرپرسیارێتیش نەدەبووینەوە لەبەرئەوەی ئەوکاتە ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەبوو، ئەگەر ئەوکاتە بارودۆخەکە بگەیشتایەتە هێزو شەڕەتەقە، تۆمەتباری یەکەم ئەوان دەبوون، بەڵام ئێستا ئەوان لەو ناوچانە دانیشتنو خۆیان جێگیرکردووە دەبێت تۆ بچیتە سەریان لەمکاتەشدا تۆ دەبیتە تۆماتبارو شەڕفرۆش.

دەستوور: مەبەستت ئەوەیە کەمتەرخەمبوون؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: چەندینجار ئێمە کەمتەرخەمبووین کەڕێگەماندا بارودۆخی ئەو ناوچانە بگاتە ئەم حاڵەتەی ئێستا، لەبەرئەوەی بەدیلی ئەو ناوچانە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسو هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق هێزی پێشمەرگەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو هەڵوێستو حەماسەی ئێستا هەندێک لەبرادەرانی ئێمە هەیانە ئەوکات نەیانبوو.

دەستوور: هۆکار چییە ئەوکات نەتانکرد؟ ئایا هیچ ڕێگرییەک هەبوو؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: دەمانتوانی بەڕێگەی هێز ئەو ناوچانە کۆنترۆڵبکەینەوە لەبەئەوەی ئەوکاتە ئێمە دانیشتووی ئەو ناوچەیەبووین هێزی ئێمەی لێبوو، بەڵام نەکرا لەبەرئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی یەک هەڵوێست نەبوو، لەلایەکی تریشەوە لایەنە عێراقییەکان بەئێمەیان دەوت ئەمانە توندڕەوی دەکەنو ئاژاوەگێڕنو دەیانەوێت شەڕ دروستبکەن.

دەستوور: ئەو ڕێگریانە چی بوو؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: ناتوانم باس لەتەفاسیلی ئەو ڕێگرییانە بکەم، بەڵام هەموومان دەزانین ڕێگریەکان چیبوو، دەتوانم بڵێم بەگشتی یەک هەڵویست نەبووین، من پێشنیازمکردووە بۆ ئەمریکییەکان با جەلەولاو سەعدییەو مەندەلیو قەرەتەپە هێزی پێشمەرگەی تێبچێتەوەو سوپای عێراقیش بمێنێت.

دەستوور: کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا لەناوچەکانی دیالە بەتایبەت لەسەعدییەو جەلەولا بەدروست دەزانیت؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: زۆر زۆر هەڵەبووین کاتێک بڕیارماندا هێزی پێشمەرگە لەجەلەولاو سەعدییەو قەرەتەپەو مەندەلی بکشێنینەوە، گوێم لەکاک مەلابەختیار بوو وتی هەڵەی گەورەمانکردووە، بەڵام ماسییەک کە لەدەستتبوو هەق نییە بەرەڵایکەیتەوە ناو ئاو، لەبەرئەوە جارێکی تر دەڵێم زۆر هەڵەبووین لەبەرئەوەی زۆرجار ئەوەی لەجەبهەو بەرەکانی شەڕ بەدەستمانهێناوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دۆڕاندوومانە.

دەستوور: لەباشترین حاڵەتدا کورد پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانەدا بکات لەئێستادا؟

ئەنوەری حاجی عوسمان: هەرچەندە من بۆ خۆم باوەڕم بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ نییە، واتا باوەڕم بەوەنییە مادەی ١٤٠ چارەسەربێت، بەڵام هەتا ئەو مادەیە جێبەجێدەکرێت، باشوایە هێزی پێشمەرگە بەرینەوە ئەو شوێنانەی کێشەی لەسەرە.

# شەنو کەوی کابینەی شەشەم دەکرێت

## هاووڵاتیانیش دەڵێن کردار شەرتە، بەڵام دەبێت بەپلانو بەرنامە بێت

پەیامنێرانی دەستوور

چاودێرانو هاووڵاتیان رەخنەی ئەوە لەحکومەت دەگرن کەکارەکانی ساڵێکی تەمەنی بەپێی پلانو بەرنامە نەبوون، دەوترێت حکومەت نەیتوانیوە لەو رووداوە گرنگانەی کەپەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە هەیە بێتە دەنگ.

سبەی پێنجشەممە ساڵێکی تەواو بەسەر رۆژی سوێندخواردنی سەرۆکی حکومەتی کابینەی شەشەمو وەزیرەکانی ئەو کابینەیەدا تێپەردەبێت، بەسەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح، بەڵام چاودێرانو هاووڵاتیان لەئەدای کارەکانی کابینەی شەشەم رازی نین.

٢٠٠٩/١٠/٢٨ یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەسەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح، دوای ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر ئەو کابینەیەدا، رەخنەکان رووبەڕووی کابینەی شەشەم، خۆی لەنەبوونی پلانو بە بەرنامە ئیشنەکردنو خۆ خەریککردن بەکارە لاوەکییەکانەوە دەبینێتەوە، هاووڵاتیان دەڵێن تائێستاش بەشێوەی دوو ئیدارەکارکردن دەبینرێتو پرۆژە گرنگو ستراتیژەکان وەلاوەنراون، هەروەها دەوترێت حکومەت خۆی لەرووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵەدا دزییەوەو بێدەنگبوو لەجۆری بەقاچاغبردنی نەوتو هەڕەشەکان لەسەر رۆژنامەنووسانو مەسەلەی داڵدەدانی جاشو کۆنە مستەشارەکانی سەردەمی بەعس.

هێشتا نەتوانراوە سیمای دوو ئیدارەیی کۆتایی پێ بێنێت، ئەمەش نیگەرانی لای پەرلەمانتارو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکردووە.

**کابینەی شەشەم جیاوازی نییە**

هاووڵاتیان دەڵێن کابینەی شەشەم لەتەمەنی ساڵێکیدا، ئەوەی نیشانی هاووڵاتیان داوە کەهیچ جیاوازییەکی بەئاراستەی باشترکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیان نییە، ئەوەش دەڵێن نەیتوانی ئەوەی خەڵک داوایدەکات بەدیبهێنێت، لەجۆری دانانی پلانێک بۆ کەمکردنەوەی بێکاریو کەمکردنەوەی کێشەی خوێندکارانو ژنان.

ئەمیرە لەتیف خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین پێیوایە ئەوەی خەڵکی چاوەڕوانی بوو کابینەی شەشەم نەیتوانی بیهێنێتەدی، ئەو وتی هەستدەکرێت ئەمساڵ کوشتنو سووتانو هەڕەشە لەژنان زیادیکردووە، وتی "حکومەت هیچ پلانێکی ئەوتۆی نەخستووەتەڕوو تابتوانێت هەڕەشەکانی سەر ژنان کەمبکاتەوە بەر بەو حاڵەتانە بگیرێن".

سەباح عومەر کارمەندی تەندروستی پێیوایە ئەگەرچی چاوەڕێدەکرا بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنو کەسایەتی سەرۆکی کابینەکە، ئەم کابینەیە گۆڕانێکی جۆری بەسەربێت، بەڵام وتی "ئەوەی تائێستا هەستیپێدەکەین، بەپێچەوانەوە کابینەی پێنجەم لەڕووی ئیشکردن سەرکەوتووتر بوو لەکابینەی شەشەم".

ئەو کارمەندە وەک خۆی دەڵێت بەردەوام چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکات، دەڵێت سەرۆکی کابینەی پێنجەم بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو وەزیرەکاندا هەبوو، بۆیە لەئیشوکارەکانی بەڕادەیەکی زۆر باشتربوو لەم کابینەیە، وتی"سەرۆکی کابینەی شەشەم ئەو دەسەڵاتەی پێنەدراوە لەلایەن حیزبەوە، بۆیە نەیتوانیوە ئەو بەڵێنانە بباتەسەر کە بەخەڵکی دابوو".

بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت لەچەند لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەدابوو لەئیشوکارەکانی چەند وەزیرێکی رازی نییە، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ وەزیرێکی ئاشکرا بکات.

سەباح وتی"ئەم کابینەیەش نەیتوانیوە سیمای دوو ئیدارەیی بسڕێتەوە".

**رێکخراوەکان: ئەگەر هیچ نەکرێت بەدواداچوون بۆ چی بکەین؟**

رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەڵێن هیچ بەدواداچوونێکیان بۆ کارەکانی حکومەت نەکردووە، بەبیانووی ئەوەی بەدواداچوون بۆ شتێک دەکرێت کە بەرنامەی بۆ دانرابێت.

شۆڕش ئەمین رێکخەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە٢٧ رێکخراو پێکدێن، وتی "ئێمە نازانین بەرنامەی حکومەت چی بووە، تا بەدواداچوون بۆ کارەکانی حکومەت بکەین، هەرچەندە خۆیان دەڵێن بەبەرنامە ئیشمانکردووە، بەڵام لەواقیعدا بەبەرنامە ئیشیان نەکردووە".

شۆڕش دەڵێت پێشترو ئێستاش حیزبو حکومەت تێکەڵاو بووەو حکومەت بەدەست حیزبەوەیە، ئەو وتی "هەرچەندە لەم کابینەیەدا یەک دوو هەنگاو نراوە، بەڵام نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنی تەواوەتییەوە، کەسەرۆکی حکومەت خۆشی ئیعترافی بەمە کردووە، وەک یاسای حیزبەکانو نەبوونی شەفافیەتی لەبودجەدا، هەروەها ئەو پارەیەی کەدەدرێتە یەکێتیو پارتی زۆر زیاترە لەپێگەی پەرلەمانیان".

**کابینەکەی بەرهەم ساڵح خۆی لەمەسەلە گرنگەکان دزییەوە**

چاودێرانی دەڵێن کابینەی شەشەم بێهەڵوێست بووە بەرانبەر هەندێک رووداوی گرنگ کە لەتەمەنی ساڵێکی ئەو حکومەتەدا روویدا.

گلەیی زۆری چاودێرانی کارەکانی حکومەت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەحکومەت لەهەندێک مەسەلەی گرنگی وەک بەقاچاغبردنی نەوت، تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانو مەسەلەی بودجەو دوورخستنەوەی دەستتێوەردانی حیزب لەحکومەت هەڵوێستی نەبووەو نەیتوانیوە کاری باش بکات.

ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت بەهۆی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئاسایشی سلێمانیو هەولێر، سەرۆکی کابینەی شەشەمیش دەزانێت دوو ئاسایش هەیە، بۆیە سەرۆکی حکومەت ناتوانێت راستەوخۆ بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرێت.

میرە وتی "کارەسات لەوەدابوو دوای راگەیاندنی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لەدۆسیەی شەهید سەردەشت، وتەبێژی حکومەت راگەیەنراوێکی وەک سیاسەتی حکومەتەکەی بڵاوکردەوە، بۆیە کابینەی شەشەم دوای بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکە کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە، تائێستاش سەرۆکی حکومەت هیچ هەڵوێستێکی نییە".

میرە دەڵێت حکومەت بەهۆی ئەوەی بەرپرسی یەکەمی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانو هاووڵاتیانە، بۆیە بەرپرسیشە لەلێپرسینەوە لەدۆسییەکەی سەردەشت عوسمان. بەڵام وتی "حکومەت کەمتەرخەمی نواندووە بەرانبەر بەدۆسییەکە".

شۆڕش ئەمین ئاماژە بەوەدەدات کەمەسەلەی گرێبەستییە نەوتییەکانو ناردنە دەرەوەی نەوت بەقاچاغ، گرفتو کێشەی زۆرە بووە لەسەردەمی ئەم حکومەتەدا، هەروەها مەسەلەی بڕینی بوجەی رێکخراوکان مەسەلەی مەحسوبیەتی تێکەوتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەتائێستا لابردنی بەڕێوەبەرە گشتییەکانو ئەوانەی کەدادەمەزرێن هەر لەڕێی لقو مەڵبەندەکانەوە دەکرێت. ئەو وتی "ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەحکومەت سەربەخۆ نییە".

**"کردار شەرەتە"، بەڵام بەبەرنامە**

"کردار شەرتە"، یەکێک لەبەرنامەکانی لیستی کوردستانی بوو لەبانگەشەی هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا، بەڵام هاووڵاتیانو چاودێرانی کارەکانی حکومەت دەڵێن "کردار بەبەرنامەو پلان شەرتە".

بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت، لەچەند لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەدابوو کە لەساڵێکی تەمەنی کابینەی شەشەمدا توانیویانە زۆربەی بەرنامەکانی لیستی کوردستانی جێبەجێبکەن، وتی ناردنە دەرەوەی خوێندکارانو زیادکردنی موچەی کەسوکاری شەهیدانو کەمکردنەوەی بودجەی حیزبەکان. بەڵام هاووڵاتیان دەڵێن کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان هەژاریو بێبەشبوونە لەمافە سەرەتاییەکان، سەرەڕای چەندان کێشەی تری رۆژانە لەجۆری خراپبوونی رێگەو بانەکان پیسبوونی ژینگەو زیادبوونی بێکاری.

شۆڕش ئەمین دەڵێت یەکێک لەسیما خراپەکانی ئەم حکومەتە دابەزینی ئاستی بژێوی خەڵکە بەڕادەیەکی زۆر خراپ.

ئەو نمونەی هێنایەوە، وتی "وەزارەتی تەندروستی لەم کابینەیەدا، پسوڵەی دکتۆری بەرزکردەوە، ئەوەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی دەرمانو تیشکو پشکنین لەتاقیگەکان، بۆیە خەڵک هەیە ناتوانێت بچێتە هیچ عەیادەیەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی، چونکە هیچ عەیادەیەک لەسەد هەزار کەمتر نییە لەیەک رۆژدا".

ئەو وتی "گەشەسەندنێکی وانابینم لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، چونکە بەهۆی موزایدەکردن بەسەر یەکترییەوە سەیردەکەیت شارێکی وەکو سلێمانی بووە بەقوربانی گەورەی ئەو ململانێیە".

هەورەها وتی"ئەگەر هەر شتێک کرابێت ئەوا لەبەرژەوەندی هەژاراندا نەبووەو ئەوان کەڵکیان لێ وەرنەگرتووە".

سالار عومەر کاسب لەبازاڕی شێخەڵڵای هەولێر پێیوایە لەماوەی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمدا جگە لەپاشەکشە هیچ بەرەو پێشووەچوونێک هەستپێنەکراوە.

ئەو وتی"لەماوەی ئەو ساڵەی رابردوودا لەڕووی ئاسایشەوە باری ئەمنی هەرێم ڕووی لەخراپی کردووە، حاڵەتی کوشتنو رفاندنی هاووڵاتیان زیادبووە".

لەکابینەی شەشەمدا مەسەلەی داهاتی نەوتو بەقاچاغبردنی نەوتی هەرێم لەڕێگەی سنوورەکانەوە وروژێنراو باسی زۆری لێوەکرا، بەڵام تائێستاش هاووڵاتیانی کوردستان بێئاگان لەداهاتی نەوتو بودجەی هەرێم، یەکێک لەو رەخنانەی رووبەڕووی حکومەت بووە ناشەفافییە لەبودجەدا.

سەرگوڵ قەرەداخی ئەندامی پەرلەمان لەفراکسیۆنی کۆمەڵ، پێیوایە لەلایەن حکومەتەوە هەوڵدانێک هەیە بۆ کارکردن، بەڵام کارکردنەکە بەئاراستەی بەرنامەو پلان نییە.

سەرگوڵ وتی "ئێمە وەک پەرلەمان کەدەسەڵاتی چاودێریو بەدواداچوونی کاروبارەکانی حکومەتمان هەیە، هەستدەکەین کە بەشێوەیەک لەشێوەکان حکومەت دەیەوێت یان ئیرادەی هەیە بۆ ئیشکردن، بەڵام پلانو بەرنامەی نییە".

سەرگوڵ دەڵێت کارەکانی حکومەت بەرەوە پێشەوە ناڕۆنو وتی "زۆربەی گرفتەکانی خەڵکیو ناڕەزایەکانی خەڵک دەبینین لەزۆربەی بوارەکاندا، کۆمەڵێک ئیشکراوە بەڵام دیاریکراو کەمە، زۆربەی بوارە هەستیارو خزمەتگوزارییەکان پێویستیان بەئیشی جدیو بەردەوام هەیە".

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە کەمتەرخەمی هەبووە لەکارەکانی حکومەتداو وتی ئەو گرفتانەی کە لەبواری پەروەردە لەخوێندنگاکاندا هەیە لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێدا، کارانەبوونی داواکاری گشتیو گرفتەکانی ناو دادگاکانو فەرمانبەرانی دادگاو گرفتەکانی دامەزراندنو دەرچووانی کۆلیژەکان، ئەمانەو کۆمەڵێک گرفتی تر کەپێویستە حکومەت کەمتەرخەم نەبێت لەئاستیداو هەوڵی جدی بدات بۆ چارەسەرکردن.

فەرهاد یاسین حەمە عەلی بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکگرتووی ئیسلامی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "کابینەی پێنج لەڕووی ئەمنییەوە باشتربوو لەکابینەی شەش، لەکابینەی پێنج زیاتر دۆستی حیزبی دیاربوون لەحکومڕانی دەسەڵاتیدا، حیزب بەتەواوەتی چوو بووە ناو پایەکانی دەوڵەتو حکومەت شان بەشانی بەشداربوون".

ئەو وتی "کابینەی پینجەم لەڕووی شەفافیەتەوە کەمتر شەفافیەتی پێوە دیاربووە، خەڵک زۆر ئاگاداری کارەکانی نەدەبوو کەدەکرا، بەڵام لەکابینەی شەشدا ئۆپۆزسیۆنێکی تۆکمە هەیە شەفافیەتی بەم هۆیەوە پێوە دیارترە".

**هەمووان چاوەڕێی کارن**

گەنجانو دەرچووانی زانکۆ چاوەڕوانی کابینەی شەشەم بوون کەبتوانێت کێشەی بێکاری گەنجان چارەسەربکەن. بەڵام زۆرینەی ئەوانەشی دامەزرێنران بەپێی واسیتەو واسیتەکاریو نامەی لقو مەڵبەندەکان بووە.

سەرهەد مستەفا گەنجێکی شاری رانیەیە دەڵێت دوو ساڵە زانکۆی تەواوکردووە، چاوەڕێ بووە لەکابینەی نوێدا، بەهۆی ئەوەی سەرۆکی کابینەکە کەسێکی ئەکادیمییە، ئاوڕێکی تەواو لەگەنجان بداتەوەو هەلی دامەزراندن بەیەکسانی بۆ سەرجەم هاووڵاتیان دابینبکات، "بەڵام بەداخەوە ئەوەی من بۆی دەچووم لەگۆڕانکاری لەکابینەی تازە هیچی وانەبوو".

هیچ پلانێکی گونجاو بۆ رێگاوبانەکان نییە

سەنگەر نوری، ئەندازیارێکی تەلارسازییە، دەڵێت زۆرێک لەپرۆژەکانی کابینەی شەشەم درێژکراوەی کابینەی پێنجەمە، ستراتیژی نین، چونکە ئەو پرۆژانە هەڵەیان تێدا بووە، ئێستا چاکدەکرێنەوە، ئەگەر مەبەستیش پرۆژەی ستراتیژییە با هەوڵبدرێت شەقامێکی بازنەی دیکە بەدەوری شاری سلێمانیدا دروستبکەن، بۆئەوەی ئەو کێشەو قەرەباڵغیەی ناوشار کەمبکرێتەوە.

ئەو وتی "ئەگەر بەو شێوەیە بێ بەرنامەیی بێت ئەوا رێگە بۆ رۆیشتن لەشاری سلێمانی نامێنێتەوە".

ئەندازیارەکە، ئاماژە بەوەشدەدات ئێستا کابینەی شەشەم دەتوانێت



د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وشیار مەعروف: باوەڕم بەڕێکخستنی بودجە وەک ئەوەی ئێستای حکومەتی هەرێم نییە، دەبێت بودجە لەسەر بنەمای پرۆژەو بەرنامە بێت

سالار عومەر: باری ئەمنی هەرێم رووی لەخراپی کردووە، حاڵەتی کوشتنو رفاندنی هاووڵاتیان زیادبووە

ئەحمەد میرە: کابینەی شەشەم لەدوای دۆسیەکەی سەردەشت عوسمانەوە کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە

# "ئەگەر هەر خێزانێک بەرمیلێک نەوتی بدەینێ، هەولێر ٦٥ ملیۆن لیتری دەوێت"

## نورەدین حامد بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر بۆ دەستوور



**تاپشت بەدەرەوەی هەرێم ببەستین، کێشەی سووتەمەنی هەرێم بنبڕنابێت**

سازدانی: فەرمان ڕەشاد لەهەولێر

نورەدین حامد بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر لەبارەی هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی سووتەمەنی دەڵێت کێشەی سووتەمەنی لەئێستادا ئەوەندەی سیاسییە تەکنیکی نییە، ئاماژە بەوە دەدات تا لەسنووری هەرێمیش ڕێگە بەپاڵاوگەی تایبەت بەدەرهێنانی سووتەمەنی نەدرێت، کێشەی سووتەمەنی چارەسەر نابێت.

**دەستوور:** پلانی ئەمساڵ بۆ دابەشکردنی سووتەمەنی لەسنووری پارێزگای هەولێر چۆنە لەکاتێکدا لەوەرزی سەرما نزیکدەبینەوە؟

**نورەدین حامد:** ئێمە لەمانگی شەشەوە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتمان لەسنووری پارێزگای هەولێر دەستپێکردووە، دیارە ئێمە پارێزگای هەولێرمان کردووەتە سێ ناوچە، ناوچە شاخاوییەکان بەرمیلێک نەوتیان وەرگرتووە لەئێستادا، ناوچەی دووەم دەوروبەری هەولێرە ئەوانیش بەرمیلێک نەوتیان وەرگرتووە، ناوچەی سێیەم ناوشاری هەولێرە کە لەئێستا پرۆسەی دابەشکردنی نەوت دەستپێکردووە، سەرەڕای ئەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکان ئامادەکاری دابەشکردنی بەرمیلی دووەم بەسەر هاووڵاتیان دەستپێکردووە.

**دەستوور:** ئەو بڕە نەوتەی دابەشیدەکەن، پێتوایە بەگوێرەی پێویستی هاووڵاتیانە؟

**نورەدین حامد:** دابەشکردنی نەوت بەسەر هاووڵاتیان بەگوێرەی ئەو بڕەیە کە لەسەرچاوەکانی سووتەمەنییەوە بۆمان دابیندەکرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەرچاوەی دابینکردنی سووتەمەنی هەشت پارێزگای عێراق لەنێوانیان پارێزگاکانی هەرێم پاڵاوگەی بێجییە، دیارە لەسەرجەم پارێزگای هەولێر ئەگەر هەر خێزانێک یەک بەرمیل نەوتی بۆ دابینبکەین، ٦٥ ملیۆن لیترمان پێویستە، ئێمە دەخوازین بڕی سووتەمەنی هاتوو زیاتربێت بۆئەوەی ئەو نەوتەی دەیدەین بەهاووڵاتیان بەگوێرەی داواکاری ئەوان بێت، ساڵی پار لەناوچە شاخاوییەکان سێ بەرمیلو لەناوچەکانی تر دوو بەرمیلمان دابەشکرد، ئێمە هیواخوازین ئەمساڵ زیاتربێت.

**دەستوور:** لەبەرنامەدا نییە میکانیزمی دابەشکردنی نەوت بگۆڕن، دەوترێ ئەو میکانیزمەی ئێستا سیمایەکی ناشیرینی هەیە؟

**نورەدین حامد:** ئێمە حەزدەکەین ئەو میکانیزمەی ئێستا بەمیکانیزمێکی باشتر بگۆڕین، بەڵام پێشتر بەچەند شێوەیەکی تر نەوت دابەشکراوە، بەڵام گرفت هاتووەتە پێش، بۆیە ئەو میکانیزمەی ئێستا هەرچەندە ناڵێین ڕێگەیەکی زۆر باشە، بەڵام گونجاوترین شێوازە کە لەتوانای ئێمەدا بێت.

**دەستوور:** لەکاتێکدا ئێمە چەندان بیری نەوتمان لەسنووری هەرێمدا هەیە، بۆ تائێستا هەر پشت بەدەرەوەی هەرێم دەبەستن؟

**نورەدین حامد:** لەڕاستیدا ئەوەی لەسەر ئێمەیە وەک بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تەنیا دابەشکردنی سووتەمەنییە نەک چۆنیەتی دابینکردنی، بەڵام بەوپەڕی دڵنیایی ئەگەر ئێمە بمانەوێت کێشەی سووتەمەنی لەهەرێم چارەسەربکەین، یەک ڕێگەمان لەبەردەستە دایە ئەویش دەبێت سەرچاوەی دابینکردنی سووتەمەنی خۆمانمان هەبێت، واتا دەبێت حکومەتی هەرێم لەبیری ئەوەبێت کەسەرچاوەیەکی دابینکردنی سووتەمەنی ناوخۆمان هەبێت کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمدا بێت، ئەوکاتە بەگوێرەی پێویستیو جۆر سووتەمەنی بەرهەمدەهێنین، پێشموایە ئەو هەنگاوە سیاسییە نەک تەکنیکی بێت، دەبێت بەغداد بەوە ڕازی بێت سووتەمەنی لەپاڵاوگەکانی هەرێم بەرهەمبێتو تەنیا لەسنووری هەرێمیش سوودی لێوەربگیرێت.

**دەستوور:** زۆرێک لەقوتابخانەکان لەوەرزی سەرمادا بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە سۆپایان بۆ داناگیرسێنرێت، هۆکارەکەی چییە؟

**نورەدین حامد:** ئێمە ساڵانە بەگوێرەی ئەو نووسراوەی بۆمان دێت لەپەروەردەی هەولێر سووتەمەنی دابیندەکەین بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان، ساڵانی پێشووش زیاد لەسێ ملیۆن لیترمان بۆ دابینکردوون، ئێمە هەرکاتێک نووسراومان بۆ بێت لەبارەی بڕی پێویستییان، دەستدەکەین بەدابینکردنیو مانگێکمان پێویستە تاپرۆسەکە تەواوبکەین، بۆ ئەمساڵیش تائێستا نووسراومان بۆ نەهاتووە تا دەست بەدابەشکردنی سووتەمەنی بەسەر پەروەردەکان بکەین.

**دەستوور:** قەرەباڵغی وێستگەکانی دابەشکردنی بەنزین گلەیی شوفێرانی لەسەرە، چی دەڵێن؟

**نورەدین حامد:** ئێمە چوار وێستگەی دابەشکردنی بەنزینمان لەهەولێر هەیە، جگە لەڕۆژانی شەممەو پێنجشەممە ڕۆژانی تر قەرەباڵغی بەو شێوەیە نییە، دیارە دەمەوێت ئەوەش بڵێم تا دوو مانگ بەر لەئێستا ئێمە بەبێ کۆبۆن بەنزینمان بەشوفێران دەدا، ئەوکات هیچ کێشەیەکمان نەبوو، چونکە خەزنێکی ستراتیژی ٢٠ ملیۆن لیتری بەنزینیشمان هەیەو بۆ ماوەیەکی باش سوودمان لێبینیوە لەکاتی کەمبوونی بەنزین، بەڵام هۆکاری ئەوەی کەشێوازەکەمان گۆڕیوە بۆ کۆبۆن ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم گرفتی بەنزین هەبوو، ئەمەش وایکرد بەشێک لەشوفێران ئەو هەلە بقۆزنەوەو ڕۆژی چەند جارێک بچن بەنزین وەربگرنو بەتاڵی بکەنو بیفرۆشنەوە، ئێمەش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە کۆبۆنمان گەڕاندەوە، ئێستاش هەموو شوفێرێک لەهەفتەیەک بڕی ٩٠ لیتر بەنزینی پێدەدرێت کەپێموایە بڕێکی باشە.

**دەستوور:** شوفێران لەجۆری ئەو بەنزینە ڕازینین کەحکومەت دابینیدەکات، هەوڵتان نەداوە جۆرەکەی باش بکەن؟

**نورەدین حامد:** دیارە ئەو بەنزینەی وێستگە حکومییەکان سەرچاوەکەی بێجیە، کەژمارەی ئۆکتاڵی ٨٥، کەدەتوانم بڵێم زۆر باش نییە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بەخودی ئەو پاڵاوگەیەوە هەیە کەئەو جۆرە بەرهەمدەهێنێت، ئێمە تا ساڵی ٢٠٠٧ کێشەمان لەجۆری بەنزین نەبوو، چونکە سەرچاوەی دابینکردنی لەدەرەوەی عێراق بوو، بەڵام دوای ئەو بەرواره پاڵاوگەکانی ناوخۆی عێراق بەنزین دابیندەکەن کەجۆرەکەی باش نییە.

**دەستوور:** هاووڵاتیان گلەیی لەوە دەکەن بەنزینخانە ئەهلییەکان جۆری خراپی بەنزین بەنرخی باش دەفرۆشن؟

**نورەدین حامد:** دیارە بەنزینخانە ئەهلییەکان بەشێکیان بەنزین لەئێمە وەردەگرن، بەڵام بەشێکی تریان بەنزینی بازرگانیی دەکڕن، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە بەردەوام چاودێری ئەو بەنزینخانە ئەهلیانە دەکات، فەرمانێکی پارێزگاش بۆ ئێمە هاتووە بۆ ئەو بەنزینخانانەی سەرپێچی دەکەن، سزا بدرێن، تا ئێستا چەندان بەنزینخانە لەسەر خراپی جۆری بەنزین سزادراون.



# گەڕەگە نوێیەکانی هەولێر ئەمساڵیش خزمەتگوزاریان ناگاتێ

عەلی بانیشاری لەهەولێر

ئەو گەڕەکە نوێیانەی بڕیاربوو ئەمساڵ خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجامبدرێت، بەبیانووی نەبوونی بودجەی پێویستەوە ئەمساڵیش خزمەتگوزاریان ناگاتێ، گەڕەکە نوێیەکان بەشێکیان تەنانەت کێشەی ئاوەڕۆو نەبوونی کارەباو خزمەتگوزاری پاککردنەوەیان هەیە.

دانیشتووانی گەڕەکە نوێیەکانی شاری هەولێر بەدەستنەبوونی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، شارەوانیو لایەنە بەرپرسەکان بەکەمتەرخەم دەزاننو ئاماژە بەوەدەکەن بوونی زبڵو خاشاکی زۆر لەکۆڵانەکاندا تەنگی پێهەڵچنیوون. بەشێک لەوانەی ئاوەڕۆیان بۆ ئەنجامدراوە، ئێستا کێشەی ئاوەڕۆیان بۆ دروستبووەتەوە.

دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە باس لەوەدەکەن، لەماوەی رابردوودا چەندان منداڵ بەهۆی کۆبوونەوەی زبڵو خاشاکەوە نەخۆش کەوتوون، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی سەربەتاڵی زێرابەکان لەو شارەدا چەند منداڵێک ڕووبەڕوی مەرگ بوونەتەوە.

گەڕەکی دارەتووە، یەکێکە لەگەڕەگە نوێیەکانو زیاتر لە ٢٠ هەزار ماڵی تێدایەو زۆرترین گرفتی هەیە. نادر حەمەڕەحیم دانیشتووی دارەتوو، وتی «زبڵو خاشاک دارەتووی بێزارکردووەو کەس خۆی بەخاوەنی ئەو گەڕەکە نازانێت، هەر کۆڵانێک دەگریت هەرچی پاشماوەیان هەیە لێیکەوتووە«.

ئەو هاووڵاتییە دەڵێت چەندان جار لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە داوایان لەو کەسو لایەنانە کردووە کەخۆیان بەخاوەن کێشەکە دەزانن، بەڵام ئاوڕیان لەخەڵکەکە نەداوەتەوە.

نادر حەمەڕەحیم، وتی «لەئەمساڵدا لەگەڕەکی دارەتوو بەدەیان منداڵ بەهۆی سەربەتاڵی زێرابەوە نەخۆش کەوتوونو نەخۆشخانەکانیش هۆشداری ئەوەیان پێداون منداڵەکانیان لەو گرفتە بپارێزن، هەروەها تائێستا چەند منداڵێک کەتوونەتە ناوچاڵە زێرابی سەربەتاڵو گیانیان لەدەستداوە».

لەماوەی ٨ ساڵی رابردوودا ٩ گەڕەکی نوێ لەهەولێردا دروستکراون، تائێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەتاییان بۆ ئەنجامنەدراوە. زۆرینەی هاووڵاتیانی ئەو گەڕەکانەش لەهەژارنشینەکانن.

ڕەحمان سابیر دانیشتووی گەڕەکی هەولێری نوێ، وتی «ئەگەر حکومەت کاری بەمشێوەیە بێتو لەکەس نەپرسێتەوە هەربڵێت شارم کردووە بەدوبەی، ئەو ڕاستناکاتو بەبۆچوونی من نەکردنەوەی ئەم گەڕەکە نوێیانە لەم چەند ساڵەدا باشتربوو لەکردنەوەیان».

پێشتر شارەوانی هەولێر بەڵێنی ئەوەی بەهاووڵاتیانی ئەو گەڕەکە نوێیانە دابوو لەهەر هەفتەیەکدا دووجار تاسێ جار ئۆتۆمۆبێلی شارەوانی زبڵو خاشاکیان بۆ کۆبکاتەوە. بەڵام ڕەحمان وتی «بەخودا جاری واهەیە بەدوو هەفتەش ئەو ئۆتۆمبێلانە نابینرێن لەگەڕەکدا».

بەرپرسانی شاری هەولێر دەڵێن هەولێر کێشەی کەمیی بودجەی هەیەو بەڵێنی ئەوە بەهاووڵاتیان دەدەن لەبودجەی ٢٠١١دا کێشەکانیان بۆ چارەسەربکەن.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بەدەستووری وت «هۆکاری تەواونەکردنی پرۆژەکانی ئەو گەڕەکانە بۆ گرفتی کەمیی بودجە دەگەڕێتەوە، چونکە ئێمە ئەو بودجەیەی دامانابوو حسابی فراوانبوونی گەڕەکەکانمان نەکردبوو، بۆیە ئێستا هەندێک لەپرۆژەکانی ئەو گەڕەکانە بەهۆی کەمیی بودجەوە وەستاونو چاوەڕوانی بوجەی ٢٠١١ دەبین».

پارێزگاری هەولێر هۆکاری کۆبوونەوەی زبڵو خاشاکی هەندێک لەگەڕەکەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەو کەمتەرخەمیەی لەلایەن کۆمپانیاکانی پاککردنەوەوە ئەنجامدراوە، لەئەنجامی کەمتەرخەمییەکانی کۆمپانیاکانی پاککردنەوە، شارەوانی هەولێر ئەو گرێبەستەی لەنێوان شارەوانیو ئەو کۆمپانیانەدا هەبووە، هەڵوەشاندەوە.

دەستوور سەردانی شارەوانی هەولێری کرد بەبیانووی نەبوونی کاتەوە نەتوانرا لێدوان لەسدقی زراری سەرۆکی شارەوانی هەولێر وەربگیرێت.

> ئەگەر حکومەت کاری بەمشێوەیە بێتو لەکەس نەپرسێتەوە هەربڵێت شارم کردووە بەدوبەی، ئەوە راستناکات

# ئەو قەزایەی بەنیازی پارێزگایە تاپۆی نییە

هونەر ئیحسان لەکەلار

بەڕێوەبەری تاپۆی قەزای کەلار دەڵێت هەوڵو پلانەکانیان بۆ تاپۆکردنی گەڕەکەکانی قەزاکە راوەستاوە، لەبەرئەوەی لەسەر نەخشەدا نین، ئاماژە بەوەش دەدات ئێستاش بەشێک لەگەڕەکەکانی شار لەسەر نەخشەنینو تاپۆیان نییە.

هەرچەندە لەساڵی ٢٠٠٠ەوە، بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ لەقەزاکە کرایەوە. بەڵام تائێستا نەتوانراوە هەموو گەڕەکەکانی کەلار تاپۆبکرێن، گروپەکانی فشاریش لەشاری کەلار داوادەکەن بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی لەقەزای کەلار بکرێتەوە.

نەبوونی تاپۆ هاووڵاتیانی قەزای کەلاری نیگەرانکردووە، چونکە قەزای کەلار یەکێکە لەگەورەترین قەزاکانی کوردستانو دانیشتووانەکەی ساڵانێکە لەهەوڵی ئەوەدان قەزاکەیان بکەنە پارێزگا.

خالد ئەحمەد دانیشتووی گەڕەکی کەلار کۆن کەکۆنترین گەڕەکی قەزاکەیە، وتی «١٥ساڵە لەم خانووەدام کەچی تائێستا تاپۆنەکراوە، زۆربەی زۆری خانووەکانی ئەم گەڕەکە تاپۆیان نییە».

شاری کەلار کەئێستا بەیەکێک لەگەورەترین قەزاکانی هەرێمی کوردستانو عێراق دادەنرێت، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی پێشوو تەنیا گوندێک بوو، پاشان لەساڵی ١٩٧٠ کرا بەقەزاو لەکۆتایی حەفتاکاندا دانیشتووانەکەی نزیکەی ١٠ هەزار کەس بوو، بەڵام ئێستا بەپێی فۆڕمی خۆراک ١٦٨ هەزار کەسە، جگە لەوەش زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس لەدانیشتووانەکەی فۆڕمی خۆراکیان لەشارەکانی خانەقین، کەرکوکو دووزخورماتووە.

ئێستا شارەکە زیاتر لە ٢٠ گەڕەکی هەیە، بەڵام بەهۆی پشتگوێخستنی لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراقو دواتر فەرامۆشکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، گەشەی شارەکە تاڕادەیەکی زۆر سروشتی نەبووە، بۆیە تا ئێستا چەند گەڕەکێکی کەمی تاپۆ کراون.

ئەکرەم ڕەزا بەڕێوبەری تاپۆی کەلار دەڵێت بڕیارێک دەرچوو بۆ تاپۆکردنی هەموو ئەو خانووانەی کە لەسەر نەخشەدان بۆئەوەی تاپۆ بکرێن، لەوماوەیەدا توانرا چەند گەڕەکێک وەک شێروانەو بنگردو فەرمانبەرانو چەند گەڕەکێکی تر تاپۆ بکرێن، بەڵام نەتوانرا گەڕەکەکانی سیروانو ئازادیو گۆڕانو سەرکەوتن تاپۆبکرێن، لەبەرئەوەی لەسەر نەخشەدا نین.

هەروەها وتی ئێستا ئەو بڕیارە ڕاگیراوە کەگەڕەکەکانی تر تاپۆ بکرێن.

بەڕێوەبەری تاپۆی کەلار ئاماژەی بەوەدا بۆماوەی ساڵێک بڕیارەکە درێژکرایەوە تا مانگی حەوتی ٢٠٠٩، بەڵام لەماوەی ئەوساڵەدا نەتوانرا یەک خانوو لەکەلاردا تاپۆ بکرێت، وتی «هۆکارەکەشی شارەوانی کەلار بوو، چونکە ئیشیان لەسەر نەدەکرد، شارەوانی نووسراوی نەدەکرد بۆ ئێمە تاوەکو ئیشی لەسەر بکەین».

شارەوانی ئامادەنەبوو لێدوان لەوبارەیەوە بدەن.

لەئێستا پێنج ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی لەگەرمیان پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە بۆئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تاپۆ لەشارەکەدا بکرێتەوە، بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممەش ئەو پرۆژەیە پێشکەشی وەزارەتی داد بکرێت.

عەدنان قوربانی ئەندامی کۆمەڵەی خەڵک لەگەرمیان وتی «دەمانەوێت ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەبری تێبینەرایەتی کەلار ئیش بکەن، چونکە تێبینەرایەتی کەلار نەیانتوانیوە وەکو پێویست خزمەت بکەن، شتی ڕۆتینی زۆریان کردووەو غەدریان لەخەڵک کردووە».

کەلار ئێستا ناوەندی کارگێڕی گەرمیانە کە لەیەکەیەکی کارگێڕی هاوشێوەی پارێزگایەو باوەڕپێنەکراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەڵام دانیشتووانەکەی خوازیارن شارەکەیان بکرێتە پارێزگاو هەموو ناوچە دابڕاوەکانی پارێزگای کەرکوکو ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگاکانی دیالەو واستی بخرێتەسەر.

هاووڵاتیانی قەزای کەلار دەڵێن پێدەچێت نەبوونی تاپۆو نەخشەیەکی ڕوونی قەزاکەیان کاریگەری لەسەر بەپارێزگابوونی کەلار هەبێت. قوربانی وتی «نەبوونی تاپۆ کاریگەری دەبێت لەسەر بەپارێزگابوونی کەلار، چونکە تائێستا کەلار نەخشەی ڕوونی نییە زیادەڕەوی دیمەنی ناشیرینیان بەکەلار بەخشیووە».

www.arsivakurd.org

# ”ڕێگەی تری فشار بەرانبەر وەزیری خوێندنی باڵا دەگرینەبەر“

## عیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ دەستوور

**سازدانی: بورهان قادر لەهەولێر**

**عیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕەخنەی توند لەئەدای وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەگرێتو دەڵێت مەسەلەی وەرنەگرتنی قوتابیان لەزانکۆکان بێ بەرنامەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو هەروەها لەبارەی پرۆژەی تواناسازی لاوانیش دەڵێت بێ بەرنامەیی تێکەوتووەو وتی ”ئەوان کۆمەڵێک مەرجیان داناوە کەجێبەجێنەکراون، بۆ نمونە قوتابی هەیە لەسەر ئاستی کۆلێژەکەی نمرەکەی ٥٣یە، کەچی قبوڵیان کردووە تا لەماستەر بخوێنیتا، بەڵگەشمان لەبەر دەستەدایە.**

**دەستوور:** لەماوەی ڕابردوودا سەردانی ئەمریکاتان کرد بۆ وەرگرتنی زەمالەی خوێندن لەکاتێکدا حکومەت بڕێکی زۆر پارەی بۆ ئەو بوارە تەرخانکردووە، دەکرێ باس لەو پرۆژەیە بکەیت؟

**عیرفان عەزیز:** دوابەدوای کۆنگرەی ١٣ی یەکێتیەکەمان بڕیاری شێوازێکی نوێی کارکردنمان دا لەناو توێژی قوتابیان تا گۆڕانێک بهێنینە کایەوەو لەڕێگەی ئەو گۆڕانەوە ئاستی زانستی ئەم وڵاتە بەرەو پێش بەرین، ئەو بیروبۆچوونەی کە لەناو ستافی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیاندا ئاڵوگۆڕمان کردو ناوچەو ڕێکخراوی خۆی هەیەو دەتوانێ کاری حیزبایەتی خۆی لەوێوە بکات، ئێمە ڕێکخراوێکی قوتابیانینو بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ئایینو نەتەوەو بیروبۆچوونی سیاسی لەپێناو مافەکانی قوتابیاندا تێدەکۆشین.

**دەستوور:** حکومەتی هەرێم لەڕێی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بەناوی پرۆژەی تواناسازی بۆ ناردنە دەرەوەی خوێندکارو قوتابیان تەرخانکردووە، بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەم پرۆژەیە چییە؟

**عیرفان عەزیز:** ئێمە لەگەڵ پێشچوونی ئاستی زانستی قوتابیاندایین، کەپرۆژەیەک بەناوی ١٠ دەقیقە کاتی خۆی بۆئێمە تەرخانکرد، ئێمەش ناڕازیبوونی خۆمان لەبەرانبەر ئەو کردەوەیەی ئەو دەربڕی، مەسەلەی وەرنەگرتنی قوتابیانیش بێ بەرنامەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لەهیچ حکومەتێکیش ناتوانرێت ڕێگری لەقوتابیان بکرێت کەبخوێنن، ئەمساڵ ١٢ هەزار قوتابی لەسەر شەقامەکان دەمێننەوە، دەبێ بەدیل بدۆزینەوە، بۆیە دەتوانم بڵێین لە١٠٠٪ قوتابیان دەتوانرێت لەهەموو کۆلێژو پەیمانگەکان وەربگیرێنو بەدیلیش چییە؟، ئەوەیە چۆن کۆلێژی بەیانیان هەیە لەهەمان بینادا با کۆلێژی ئێوارانیش هەبێت، واتە ببێتە دوو دەوام بەهەموو کۆلێژو بەشەکانەوە بیناو مامۆستاش هەیە، بەڵام ئەوە خۆدزینەوەیە لەقوتابیان، لەساڵی ٢٠٠٧ەوە هەست بەو قەیرانە دەکرێو ساڵ بەساڵیش زیاددەبێت، ساڵی داهاتوو ١٠٠ هەزار قوتابی لەقۆناغی دوازدە تاقیکردنەوە دەکات، کوا وەزارەتی خوێندنی باڵا چ بەرنامەیەکی بۆ ئەوانەی داهاتوو هەیە، ئایا ئەوانیش هەر وەرناگرێ، بەرنامەی ئەو هەموو گەنجە چیلێدێت، دانەنانی پلان کەمتەرخەمی لە وەزارەتەکەی بەدیاردەکەوێت، ئەگەر جەنابی وەزیر ئەوەندە پرۆفیشناڵە، دەبێ چارەسەرێک بدۆزیتەوە، کەدەڵێن ئەمساڵ کات بۆتان دەدرکێنین.

**دەستوور:** کۆمەڵەی خوێندکاران وەکو ڕێکخراوێک لەناو فیدراسیۆن بۆچوونی ئەوان چییەو پێش ئەوەی تۆ ببیتە سەرۆکی فیدراسیۆن هەمان کێشە هەبوو؟

**عیرفان عەزیز:** هەموومان کەچواردە ڕێکخراوین یەک دەنگینو پێش منیش هەمان کێشە هەبووە.

**دەستوور:** ئێوە پرۆژەو پێشنیازو ڕەخنەکانی خۆتان داوەتە وەزیرو لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان.

**عیرفان عەزیز:** بەڵێ هەر هەموویمان بەنووسراو داوەتە وەزیرو لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانیشدا مەوعیدی دانیشتنمان لەسەر ئەو کێشانە هەیە.

**دەستوور:** پێتوانییە هۆکاری سەرەکی ئەو کێشانە ئەوە بێت ئێوە پێشتر زۆر دەست ڕۆیشتوو بوون لەناو زانکۆکانو ئێستاش وەزیر ڕێگری لەدەستتێوەردانتان لێدەکات، بۆیە لەڕێگەی حیزبەوە دەتانەوێت فشاربخەنە سەر وەزیر؟

**عیرفان عەزیز:** نەخێر، ئێمە حیزبایەتی ناکەینو داواکاریەکانمان بۆ قوتابیانە بەگشتی، ئێمە داوای بڕیاری تایبەتمان بۆ قوتابیە پارتییەکان نەکردووە، ئێمە داوای مافی هەموو قوتابییەکان دەکەین. دواتر ئێمە ئەو چواردە ڕێکخراوە لەپەرلەمان



## مەسەلەی وەرنەگرتنی قوتابیان لەزانکۆکان بێ بەرنامەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

یەکێک لەوانە بەپێویستمانزانی زۆرترین قوتابی بنێرینە دەرەوە، چونکە سەقەتیو بێسەروبەری مەنهەجی ئێمە وای لەئێمە نەکرد کەئێمە هاوکاری هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە بکەین تا سیستمێکی گونجاو بێتەکایەوە، بۆیە ئێمە سەردانی ئەمریکامان کردو لەگەڵ شەش زانکۆدا دانیشتنمان کرد، لەوانە ( سەنتیاگۆ ستێت یونیڤێرستی، کەپلن کۆلیش یونیڤێریستی، کانیفۆریا بزنس یونیڤێرستی، ئەلاینت یونیڤێرستی، جۆرج مەیسن یونیڤێرستیو نەشبیل ستیت یونیڤێرستی) ئەو شەش زانکۆیە دەرگایان بۆ ئێمە کردووەتەوە لەڕێی دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە لە٥٠٪و لە٦٥٪ داشکاندن بۆ ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان کراوە، تا بتوانین ٥٠٠ قوتابی بنێرینە ئەمریکا، مەبەستی ئێمەش ئەوەیە لەداهاتوودا ئەو قوتابیانە بێنەوە هەرێمی کوردستان تا بتوانن خزمەتی کوردستان بکەن، ئێستاش قۆناغی یەکەم دەستپێکردووەو لیژنەمان پێکهێناوەو تا ئێستا ٨٨٣ قوتابی داوایان پێشکەشکردووە، لەو زەمالانەش کار ئاسانییەکی زۆر هەیە لەوانە ڤیزەی (ئێف وەن)مان بەخۆڕاییو بێپارە بۆیان وەرگرتووە، کەباشترین ڤیزەیە. دواتر کۆلێژەکانی ئەوێ زۆر گرانو توانیومانە داشکاندنێکی زۆر بکەین، ئەو پارەیەی کەدەشیدەن، دەتوانن بەقیست بیدەن، جیا لەوەش بەئێمەیان وتووە کەقوتابیان ئەگەر ویستیان لەگەڵ خوێندن ئیشبکەن، ئەوان زانکۆکە دەیانخەنە سەر کاریش، ئەوەش یەکەمجارە لەسەر ئاستی هەموو عێراق وەکو ڕێکخراوێک بتوانین زەمالەی ٥٠٠ قوتابی وەربگرین، ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە لەگەڵ زانکۆکانیشدا کراوە، من تاکە سکرتێری قوتابیان بووم کەکردوومانە، چونکە ئەوانیتری وڵاتان هەمووی لەسەر ئاستی وەزیری خوێندنی باڵا، یان سەفیر یان سەرۆکی حکومەت کراوە.

**دەستوور:** کێن ئەوانەی لەپرۆژەکەی ئێوەدا وەردەگیرێن، ئایا ئەوانە زۆرترینیان ئەندامانی یەکێتی قوتابیانو پارتی نین؟

**عیرفان عەزیز:** هیچ مەرجێکمان دانەناوە، یا بڵێین کۆمەڵە مەرجێک دابنێینو لەپەنای ئەوەوە ئەوەی مەبەستمانە بیکەین، ئەندامبوون لەیەکێتی قوتابیانو حیزب هیچ ڕۆڵێکی نییە، ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین کەسەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانین کەپارتێکی دەسەڵاتدارە، بەڵام پارتی هیچ جارێک بەئێمەی نەوتووە بڕۆن کاری ئێمە لەناو ناوەندەکانی خوێندندا بکەن، دواتر پارتی پێویستی بەوە نییە، چونکە لقو تواناسازی دادەندرێت، ئێمە لەگەڵیداین تا هەرچی زانیاری هەیە لەناو دەستو مێشکی مامۆستاو قوتابیانی ئێمەدا بێ، بەڵام ئەو پرۆژەیەی کەئێستا تواناسازی کردوویەتی گلەییەکی ئێجگار زۆری لەسەر هەیە، کۆمەڵێک مەرجیان داناوە کەجێبەجێنەکراون، بۆ نمونە قوتابی هەیە لەسەر ئاستی کۆلێژەکەی نمرەکەی ٥٣یە کەچی قبوڵیان کردووە تا لەماستەر بخوێنیت، بەڵگەشمان لەبەر دەستدایە، چونکە ئەو قوتابیانەی لەدەرگای یەکێتی قوتابیانیان داوەو پێشوازیمان لێکردوون، بەڵگەیان هێناوە.

**دەستوور:** هۆکاری ئەوە چییە؟

**عیرفان عەزیز:** ئێوە دەتوانن بەدواداچوون بکەنو دواتر هەموو کەس دەزانێت، هۆکارەکەش ئەوەیە ئەو قوتابیانە کەسی ئەوانن، دواتر ئەو پارەیە زۆرەو من دڵنیام کەئەمساڵ ناتوانن ئەو هەموو قوتابیە بنێرنە دەرەوە لەسەر ئەو پارەیە، جا پرسیار ئەوەیە ئەو پارەیەی کەدەمێنێتەوە بۆ چییە، یان ئەو قوتابیەی کەدەنێردرێنە دەرەوە ئامانجیان چییە.

**دەستوور:** بۆچی ئێوە لەڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە قوتابیان نانێرنە دەرەوەو خۆتان دەچنە ئەمریکا، ئایا ڕێگریتان لێکراوە؟

**عیرفان عەزیز:** ئەو پرۆژەیەی وەزارەت بەحساب عەدالەتی تێدا دەبێت، بەڵام لەناوەڕۆکیشدا تا ئێستا ناعەدالەتی تێدایە، لەهەمان کاتیشدا ئەو ناوانەی کەدەریشچوون تا ئێستا حکومەت وەرەقەی قبوڵی لەزانکۆکانی ئەوروپا بۆ وەرنەگرتوون، ١٨ کەس لەو قوتابیانە هاتوونەتە لای ئێمە کەوەرەقەی قبوڵیان بدەینێ بۆ زانکۆکانی ئەمریکا.

**دەستوور:** گومانی ئەوەتان هەیە کەئەو پرۆژەیە زیاتر بۆ خزمەتی کۆمەڵەی خوێندکاران بێ؟

**عیرفان عەزیز:** من باوەڕناکەم ئەوە بۆ ڕێکخراو هەبێ، نەوەک بۆ ڕێکخراو، بۆ حیزبەکەی خۆیان گومانی لەسەر دەکرێ، بەڵام بۆ ڕێکخراو زەحمەتە.

**دەستوور:** ئێستا کێشەی وەرنەگرتنی خوێندکارانی دەرچووی دوازدەی ئامادەیی لەزانکۆکان یەکێکە لەکێشە گەورەکانی سیستمی خوێندن، تێبینیتان لەسەر ئەو کێشەیە چییە؟

**عیرفان عەزیز:** هەفتەی ڕابردوو ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا دانیشتینو یاداشتنامەیەکمان پێدا، بەڵام ئێمە وەکو فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکان چووین، کەچی هەستمانپێکردووە، ڕاست نییە، دواتر قوتابی گلەییو گازاندەی هەیە، خۆپیشاندان دەکات، کەچی وەزیری خوێندنی باڵا ناچێت بەدەمیانەوەو خۆی پیشان نادات.

**دەستوور:** ئێوە ڕەخنەشتان لەو گۆڕانکارییانە گرت کەوەزیری خوێندنی باڵا کردی، بۆچی؟

**عیرفان عەزیز:** وەزارەتی خوێندنی باڵا دەیەوێ سیستمی کۆلێژەکانی ئێمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کۆلێژەکانی وڵاتانی بیانی نەبێتو سیستمی ئەوان لەسەر ئێمە جێبەجێبکات، ئەوەش ناکرێت. چونکە کۆمەڵگەی ئێمە لەکۆمەڵگەی ئەوان جیاوازە، دەکرێ ئێمە ئەو ١٢ هەزار قوتابیە بنێرینە زانکۆ ئەهلییەکان، بەڵام جەنابی وەزیر بڕیارێکی داوەو هەر زانکۆیەکی ئەهلی ڕێژەی بۆ دەستنیشانکردووە، بۆ نمونە دەڵێ دەبێ کۆلێژی جیهان ٥٠ قوتابی لە یاسا وەربگرێ، کەچی ئەو توانای وەرگرتنی ٦٠٠ قوتابی هەیە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە.

**دەستوور:** داواکاری ئێوە چییە لەوەزارەتو وەزیری خوێندنی باڵا؟

**عیرفان عەزیز:** ئێمە دەمانەوێت هاریکاری پرۆژەکانی وەزیری خوێندنی باڵا بین، بەڵام گوێشمان لێڕابگرێت، ئێمە بەبێ جیاوازی نوێنەری هەموو قوتابیانین، ئێمە لەناو کێشەکانی قوتابیاندایین، کەدەچین قسەیان لەگەڵدا دەکەین، دەبێ داواکاری ئێمە وەربگیرێ، پشتگوێخستنی داواکاری فیدراسیۆنی قوتابیو خوێندکارییەکان پشتگوێخستنی هەموو قوتابیەکە، ئێمە لەدوا دانیشتندا لەگەڵ وەزیر کەچواردە سکرتێری ڕێکخراو بووین ١٠ دەقیقەی بۆئێمە دانا کەقسە بکەین، خۆیشی ٢٠ دەقیقە قسەیکردووە، لەگەڵ ڕێزم هەموو قسەکانیشی دووبارەبوون، کەدەچینە لای سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانو حکومەت بەسەعات لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشن، هۆکاری ئەو کێشانەش ئەوەیە ڕێگەچارەسەرەکانی ئێمە لەگەڵ ئەو پێچەوانەیەو تا ئەمڕۆ یەکناگرێتەوە، بۆیە چیتر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵادا ناکەینو ڕێگەی تر دەگرینەبەر.

**دەستوور:** ئەو ڕێگەیانە چین؟

**عیرفان عەزیز:** ئێستا ناتوانین ئاشکرای بکەین، تا ١١/١ ئەگەر جەنابی وەزیر ئەو کێشانەو داواکاریانەی ئێمەی چارەسەرنەکرد، پەنا بۆ ڕێگەی تری دیموکراسی دەبەین، ئەو کات وەکو فیدراسیۆن لەناوخۆماندا بڕیار دەدەینو ئەو شەرعیەتمان هەیە کەبەرگری لەمافی قوتابیان دەکەین.

**دەستوور:** باست لەوەزارەتی پەروەردەش کرد، تێبینیو ڕەخنەتان لەسەر وەزارەتی پەروەردە چییە؟

**عیرفان عەزیز:** ئێمە جیا لەوەزارەتی خوێندنی باڵا ڕەخنەمان لەوەزارەتی پەروەردەش هەیە، چونکە کەموکوڕییەکی زۆر لەوەزارەتی پەروەردەشدا هەیە، بۆ نمونە وەزارەتی پلاندانان بۆ دەربازبوون لەقەیرانی کێشەی قوتابیان لەوانە زۆری ژمارەی قوتابیان لەپۆلێکو دانیشتنی سێ قوتابی لەسەر کورسی یان سێ دەوام لەقوتابخانەیەک بڕیاریداوە کەپێنج ساڵ بەدوای یەک ٣٠٠ قوتابخانە لەساڵێکدا دروستبکرێن، ئینجا لەو قەیرانانە ڕزگارماندەبێت، واتە ئەگەر ئەو بڕیارە بە بەردەوام جێبەجێبکرێت ئینجا دوای پێنج ساڵ دەتوانین بڵێین ئەو کێشەیە نەما، کەچی ئێستا بڕیاریانداوە ساڵانە ١٠٠ قوتابخانە دروستبکرێن، ئەگەر وابێ ئەو کێشەیە چارەسەر نابێ.

**دەستوور:** ئەو کێشانەی لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵادا هەتانە هەمان ئەو کێشانەتان لەگەڵ وەزیری پەروەردەشدا هەیە؟

**عیرفان عەزیز:** ناتوانین بڵێین هەمان کێشەمان لەگەڵ وەزیری پەروەردەدا هەیە، ئەو زیاتر پەرۆشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی قوتابیانو خوێندکاران، بەڵام ناتوانین بڵێین کەموکورتی نییە، زۆر خاڵ هەیە وەکو یەکنو شەریکن، واتە بەیەکەوە نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، چۆن کێشەمان لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵادا هەیە، ئەویش بەهەمان شێوە، بۆ نمونە بەکارهێنانی وشەی قوتابی بۆ چەند قۆناغێکو خوێندکاریش بۆ چەند قۆناغێکی تر، ئەو کێشەیە دەبێ پەرلەمان بڕیاری لەسەر بداتو پێویست ناکات وەزیرێک پێنج مانگە لەدەرەوە هاتووەتەوە بڕیاری لەسەر بدات ئەوە کاری وەزیر نییە، خۆیشیان نازانن بەرنامەیان بۆ ئەو وشەیە چییە، یا کەمیی کتێبو بینای قوتابخانەو کەلوپەلەکانی تر، ئەگەر ئێمە هەرێمێک بوینایە پارەمان نەبوایە، دەمانوت با بچینە دەرەوەی وڵات هەرچی ڕێکخراوی خێرخوازی هەیە بیهێنین بۆ کوردستان، بەڵام ئێمە بودجەیەکی باشمان هەیەو پارەمان لەبەر دەستدایە، بەڵام پلانێکمان نییە، وا نیوەی ساڵ هات زۆر قوتابخانە هەن تا ئێستا دەستیان بەخوێندن نەکردووە.

”

دڵنیام کەئەمساڵ ناتوانن ئەو هەموو قوتابیە بنێرنە دەرەوە لەسەر ئەو پارەیە، جا پرسیار ئەوەیە ئەو پارەیەی کەدەمێنێتەوە بۆ چییە؟

”

ئەمساڵ ١٢ هەزار قوتابی لەسەر شەقامەکان دەمێننەوە

”

١٤ ڕێکخراو چووین بۆلای وەزیری خوێندنی باڵا، ١٠ دەقیقە کاتی پێداین

# ویکیلیکس... ماڵپەڕێک دنیای هەژاند

ئا: محەمەد عەلی کەمال

ماڵپەڕی ویکیلیکس بەواتای "دزەکردنەکانی ویکی" دێت، وەک دامەزرێنەرانیشی دەڵێن ماڵپەڕێکە بۆ خزمەتگوزاری گشتیو تایبەتە بەپاراستنی ئەو کەسانەی کەئابڕووچوونو نهێنییەکانی حکومەتە گەندەڵەکان ئاشکرادەکەن.

هەروەک هەموو ئەو پێشێلکارییانە دەخاتەڕوو کەتایبەتن بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەهەر شوێنێکو هەرکاتێک بێت.

ناوی ویکیلیکس لەدوو وشە پێکهاتووە وشەی "ویکی" بەمانای ئەو پاسە دێت کەوەک کەشتی دێتو دەچێت بۆ شوێنێکی دیاریکراو. وشەی "لیکس"وشەیەکی ئینگلیزییەو بەواتای "دزەکردنەکان" دێت.

ماڵپەڕەکە لەمانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٧دا دامەزراوەو لەو کاتەوە دەستی بەبڵاوکردنەوەی زانیاریو ململانێو شەڕە دادوەریو سیاسییەکان کردووە لەپێناو ئەو بنەمایانەی دامەزراوە لەسەری. بنەماکانیش کەبریتییە لەدروستیو شەفافییەتی زانیارییەکانو دۆکیۆمێنتە مێژووییەکانو مافی خەڵک لەدروستکردنی مێژوویەکی نوێ.

سەرەتای دروستبوونی ماڵپەڕەکە لەئەنجامی گفتوگۆی نێوان کۆمەڵێک چالاکوانی سەر تۆڕی ئینتەرنێتەوە لەشوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە بوو، هەموویان سووربوون لەسەرئەوەی رێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرنو بیپارێزن، هەر لەنەبوونی خۆراکو چاودێری تەندروستیو فێرکردنو بابەتە بناغەییەکانی دیکە.

لەم روانگەیەوە دامەزرێنەرانی ماڵپەرەکە بەباشیان زانی سنوورێک بۆ ئەم پێشێلکارییانە دابنێن ئەویش لەڕێگەی ئاشکراکردنو تیشک خستنە سەریان.

گرنگی ماڵپەڕەکە بۆ ئاشکراکردنی ئەو نهێنییانە دەگەڕێتەوە سەبارەت بەهەندێک بابەت کەخاوەن دوورابیەکی مرۆڤایەتین، بۆ نمونە وەک لاپەڕەی سەرەکی ماڵپەرەکە ئاماژەی بۆ دەدات ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی مەلاریا دەبن لەوڵاتی ئەفریقا لەماوەی یەک سەعاتدا سەد کەس بەهۆیەوە دەمرن.

جولیان ئاسانگی ئوسترالیو یەکێک لەدامەزرێنەرانی ماڵپەڕی ویکیلیکسی فەرەنسی جەخت لەوە دەکاتەوە، کەگرنگی ماڵپەرەکە خۆی لەو زانیارییانەدا دەبینێتەوە کەدزەی پێدەکەن بەمەبەستی ئاشکراکردنی خراپی بەڕێوەبردنو گەندەڵی لەو وڵاتانەی کەگرفتارن بەدەست ئەم جۆرە قەیرانانەوە وەک نەخۆشیی مەلاریا.

ویکیلیکس بەزۆری پشت بەکەسانی ئاسایی دەبەستێت وەک سەرچاوەی زانیارییەکانی، لەڕێگەی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەستیان دەکەوێتو دەیخەنەڕوو. بۆ پاراستنی سەرچاوەی زانیارییەکانیان ماڵپەڕی ویکیلیکس رێوشوێنی جۆربەجۆر دەگرێتەبەر، لەنمونەی ئامرازە پێشکەوتووەکانی بەنهێنی کردنو وشەی نهێنی بۆ دانان کەدەبێتەهۆی رێگریکردن لەوەی هیچ لایەنێک بتوانێ ئەو سەرچاوەیە بدۆزێتەوە کەبووەتەهۆی دزەکردنەکە.

وەرگرتنی زانیارییەکانیش یان لەڕێگەی کەسەکانەوە دەبێت یاخود لەڕێی پۆستەوە، هەروەک تۆڕێک لەپارێزەرانو چالاکوانان پارێزگاری لەو بابەتە بڵاوکراوانەو سەرچاوەکانیان دەکەنو هیچ کەسو لایەنێک ناتوانێت بەرواری بڵاوکردنەوەیان بزانێت یاخود چاودێریو رێگرییان لێبکات.

پێشتریش ماڵپەڕەکە فەرمانێکی لەلایەن دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسەردا درا کەبێ تاوانی سەلماند لەهەر پێشێلکارییەک، ئەمەش دوای ئەوە هات کەویکیلیکس ژمارەیەک بەڵگەنامەی بڵاوکردەوە کەتایبەت بوون بەئاشکراکردنی چەند نهێنییەکی پەنتاگۆن لەبارەی جەنگی ڤێتنامەوە.

راستییەک کەدامەزرێنەرانی ماڵپەرەکە جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە ئەم سکاڵایانە نابنەهۆی رێگرتن لەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکانو گەڕان بەدوایاندا لەلایەن خەڵکەوە بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی راستی مەسەلەکان. لەدواجاریشدا دەتوانرێت بکرێتە بابەتێک بۆئەوەی دادوەر لێی بڕوانێت.

وردبینیکردنی دۆکیۆمێنتەکان پێش بڵاوکردنەوەیان لەڕێی چەند رێگەیەکی پێشکەوتوو لەڕووی زانستییەوە دەبێت، بەمەبەستی ئاگاداربوون لەدروستی بەڵگەنامەکان. بەڵام وەک دامەزرێنەرانی ماڵپەڕەکەش ئاماژەی پێدەدەن ئەمە ناکاتە ئەوەی ساختە لەهەندێکیاندا نەبێت.

لەم سۆنگەیەشەوە خاوەنەکانی ویکیلیکس پێیانوایە باشترین رێگە بۆ جیاکردنەوەی بەڵگەنامە ساختەکان لەوانەی ئۆرجینالن، تەنیا لەپیشاندانی بەکەسانی شارەزا کۆتایی نایەت، بەڵکو بەبینینی لەلایەن خەڵکەوە بەتایبەت ئەوانەی کەپەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەبابەتەکەوە هەیە.

شێوازی بڵاوکردنەوەشی زۆر سادەیەو ئەو کەسەی خاوەنی بەڵگەنامەکەیە تەنیا پێویست بەدابەزاندنو دیاریکردنی زمانو وڵاتو سەرچاوەکەی دەکات، دواتر دەچێتە لای ئەو کەسانەی وردبینی دەکەنو تایبەتمەندن لەو بوارەدا بۆئەوەی بزانن کەئایا ئەو مەرجانەی تێدایە شیاوی بڵاوکردنەوە بێت. دواتر گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵدەکرێتو لەسەر ماڵپەرەکە دادەبەزێنرێ.

لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨دا بانکێکی سویسری سکاڵایەکی لەدژی ویکیلیکس لەئەمریکا تۆمارکرد، دوای ئەوەی ماڵپەرەکە ژمارەیەک بەڵگەنامەی بڵاوکردبووەوە کەتایبەت بوون بەپرۆژە نایاساییەکانی ئەو بانکە، سەرەنجام بەکارهێنانی ئەو ماڵپەرە بەو ناوەی ئێستایەوە راگیرا، واتە فلتەر کرا، بەڵام ماڵپەڕەکە چەند ناوێکی دیکەی بەمەبەستی بەکارهێنان خستەبەر دەستی جەماوەر.



جولیان ئاسانگی

# "پێویستە پارتی وەڵامی قاسم ئاغا بداتەوە، ئەگەر ئەوان پەنایان نەداوە"

## خەلیل عوسمان پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی بۆ دەستوور

سازدانی: کامەران محەمەد

خەلیل عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کوردستانی لەسەر پشکی یەکێتی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت پەرلەمانتارە پارتییەکان لەکەیسی قاسم ئاغا هاوهەڵوێستن لەگەڵ یەکێتییەکانو پێداگیری لەسەر گرتنی قاسم ئاغا دەکەن.

خەلیل عوسمان جەخت لەوە دەکاتەوە، کەپەرلەمانتارەکان تا دوای وێستگە بەدوای ئەو مەسەلەیەوە دەبن، داواش لەیەکێتیو پارتی دەکات، کەسەرجەم ئەو موستەشارانە رادەستی یاسا بکەن، کەتۆمەتبارنو حیزبەکانیان کردووەتە پەناگە.

**دەستوور:** کەیسی قاسم ئاغا بۆچی جیاواز بوو لەگەڵ کەیسی کۆمەڵێک موستەشاری تۆمەتباری تر، کە بەهەمان شێوە بەکوشتنی پێشمەرگەو ئەنفالکردنی خەڵکی تر تۆمەتبارن، کەچی لەپەنای یەکێتیو پارتیدا بەئازادی دەژین؟

**خەلیل عوسمان:** لەڕاپەرینی١٩٩١بەرەی کوردستانی، لەفەراغێکی دەستووریو قانونی، بڕیارێکی سیاسی بۆ ئەو موستەشارانە دەرکرد، بۆئەوەی لەدژی کۆمەڵانی خەڵک نەوەستنەوە، بڕیاری لێبووردنی دا، قاسم ئاغا تادوا کات دژی خەڵکو بەرە وەستایەوەو ئامادە نەبوو بێتە ژێر باری بڕیارەکەی سەرکردایەتی سیاسی. دەبێ ئەمەش بزانین کەبڕیارەکە، بڕیارێکی سیاسییەو بەمانای ئەوە نییە هاووڵاتیانو کەسوکاری قوربانیان لەهەقی خۆیان خۆشببنو نەتوانن لەدادگاکان داوای خۆیان تۆماربکەن، جگە لەوەی لەدوای رووخانی رژێم، دادگایەکی تایبەت بەتاوانەکان لەعێراق دامەزرا، کەهەموو خەڵک بۆی هەیە داوا تۆماربکات لەسەر ئەو کەسانەی کەرژێم زیانی پێگەیاندوون.

**دەستوور:** پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەو هەڵایە تەنیا لەسەر قاسم ئاغا دروستبووە؟

**خەلیل عوسمان:** من بەوە دڵخۆشم کەئەمە سەرەتای وەچەرخانێکی تازەیە. دروستبوونی ئەم کەمپینەو جموجۆڵی خەڵکی شاری کۆیە، سەروەرییەکی گەورەیە بۆ خەڵکەکە. هیواخوازم کەئەمە ببێتە دەسپێکی دادگاییکردنی هەموو قاسم ئاغاکانی دیکە، کەدەستیان لەشەهیدکردنی پێشمەرگەو خەڵکی سڤیل سوور بووە، بەوانەی کە لەناو یەکێتیشدان. پێویستە هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان تەفاهومی ئەوە بکەن، کەمەسەلەکە پرسێکی نیشتمانییەو پێویستە پشتگیری خەڵک بکرێتو یاسا سەروەر بێت.

**دەستوور:** بۆچی مەسەلەی قاسم ئاغا دەکرێتە مەسەلەی ململانێی حیزبیو سیاسی. ئایا کێشەکە تەواو یاسایی نییە؟

**خەلیل عوسمان:** من ناتوانم بڵێم کێشەکە دەقاودەق کێشەیەکی حیزبیو سیاسییە، خۆ قاسم ئاغا بەتەنیا پێشمەرگەی یەکێتی شەهید نەکردووە. پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەشی شەهیدکردووە، خەڵکی شەهیدکردووە. بۆیە ئەو داوای یاسایی لەسەرە، ئەگەر ئێستا ئیعلانی ئەوە دەکات، کە لەپەنای لایەنێکی سیاسیدا خۆی حەشارداوە، هیوادارم ئەو لایەنەش بەفەرمی وەڵامی قاسم ئاغا بداتەوەو بەدرۆی بخاتەوە، ئەگەر درۆیە.

**دەستوور:** لەپەرلەمان چی دەکەن بۆ جێبەجێکردنی یاسا لەسەر قاسم ئاغاکان؟

**خەلیل عوسمان:** مەسەلەکە تەواو پەیوەندی بەلایەنی دادوەرییەوە هەیە، ئێمە ناتوانین دەست لەکاروباری دادگا وەربدەین.

> پەرلەمانتارەکانی پارتی هاوهەڵوێستن لەدەستگیرکردنی قاسم ئاغاو چەسپاندنی یاسا بەسەریدا

ئەوەی کەپێمانکراوە وەکو پەرلەمان، وەکو خۆم بەشەخسی کەنوێنەری دەڤەرەکەمو نوێنەری کەسوکاری قوربانیانی دەستی قاسم ئاغام. بەدواداچوونی کەیسەکەم کردووە، بەڵگەکانم کۆکردووەتەوە، کەدادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی داوە. وەکو فراکسیۆنی کوردستانیش بەفەرمی یاداشتمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانو داوامانکردووە کەپەرلەمان بەئەرکی خۆی هەستێتو سەرۆکایەتی نووسراوی فەرمی ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کەدادوەر لەبارەی قاسم ئاغاوە داویەتی. سەرۆکایەتی پەرلەمانیش یاداشتەکەی ئاراستەی لیژنەی یاساییو لیژنەی ناوخۆ کردووە. لیژنەی یاسایی وەڵامیداوەتەوە کەدەبێت قاسم ئاغا دەستگیربکرێت. دڵنیام لیژنەی ناوخۆش هەڵوێستیان باش دەبێت.

**دەستوور:** قاسم ئاغا رەتیدەکاتەوە کەکوردستانی بەجێهێشتبێت..ئەمە جگە لەوەی خێزانەکەی قاسم ئاغا دەڵێت جگە لەبارزانی حساب بۆ کەسی تر ناکەین. پێتوایە ناوهێنانی بارزانی تاچەند زیانی دەبێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم؟

**خەلیل عوسمان:** من پێموانییە ئەم قسەیە، هیچ رێگەخۆشکردنێکی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ کرابێت. بۆیە ئەمە لێدوانێکی عەفەویانەو هەڵچوونێکە. بۆیە ئێستا ئێمە چاوەڕوانی وەڵامێکی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمینو هیوادارین کەوەڵامی بدەنەوە.

**دەستوور:** بەڵام خۆ قاسم ئاغا یەکەم کەس نییە، کەڕەتیدەکاتەوە بچێتە بەردەم دادگا، بۆ نمونە عەباسی بالوئاغا بەهەمان شێوە دەڵێت هەتا بارزانی پێمنەڵێت من ناچمە دادگا؟

**خەلیل عوسمان:** بەداخەوە عەباسو هەموو ئەوانەی کەخۆیان لەپەنای حیزبەکانەوە دالدەداوە، سودیان لەو هەلومەرجە سیاسییە نالەباری کوردستان وەرگرتووە. ئومێد دەکەم کەلێرە بەدواوە ئەو حیزبانەی کەبوونەتە پەناگەی ئەو تاوانبارانە، کار بۆ سەلماندنی سەروەری یاسا بکەن.

**دەستوور:** ئایا لەپەرلەمان، هەڵوێستی پەرلەمانتارە پارتییەکان چۆنە سەبارەت بەو مەسەلەیە؟

**خەلیل عوسمان:** بۆ مێژوو دەیڵێمو جەختی لەسەر دەکەمەوە، کە لەچوارچێوەی پەرلەماندا. برادەرانی پارتی هاوهەڵوێستن لەدەستگیرکردنی قاسم ئاغاو چەسپاندنی یاسا بەسەریدا.

**دەستوور:** بۆچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێدەنگەو وەکو پێویست هەڵوێست نانوێنێت؟

**خەلیل عوسمان:** خۆ قاسم ئاغا بەتەنیا دوژمنی یەکێتی نییە. دواتریش یەکێتی لەکوردستانی نوێ روونکردنەوەی خۆی داوە، ئێمە پێمانوایە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەک نییە تایبەت بێت بەیەکێتی بەتەنیا. بۆیە نابێت لەحیزبێکدا بچوکی بکەینەوە. مەسەلەکە یاسایەو دەبێ جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** باشە بۆچی سەرۆکی حکومەت یان وتەبێژی حکومەت، لەم بارەیەوە هیچ لێدوانێکی فەرمیان نییە. لەکاتێکدا وەک خۆت دەڵێی، رەنگە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ وروژاندنی مەسەلەیەکی گەورە، ئەویش دادگاییکردنی هەموو قاسم ئاغاکانە؟

**خەلیل عوسمان:** من ناڵێم حکومەت تەقسیری پێوە دیار نییە، بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەدەسەڵاتی قەزاوە هەیە، بۆیە دەبێت دەسەڵاتی قەزایی سەروەر بێت. من نازانم بۆ دەبێت سەرۆکی حکومەت قسە لەو بارەیەوە بکات؟

**دەستوور:** بەڵام ئێوە خۆتان دەڵێن، بڕیاری گرتنی قاسم ئاغا لەلایەن دادوەرەوە دراوە.

**خەلیل عوسمان:** بەڵێ دراوە.

**دەستوور:** کەواتە قەزا کاری خۆی کردووە. بەڵام پۆلیسو ئاسایش نەیانگرتووە، ئەمەش پەیوەندی بەوەزارەتی ناوخۆوە هەیە، ئەمیش واتە حکومەت.

**خەلیل عوسمان:** ئاخر بۆ دەبێ سەرۆکی حکومەت قسەبکات. منیش دەڵێم وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسە لەو مەسەلەیە. ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ بوو کەبیگرێت، کەنەیکرد، دەبوایە خۆی هۆکارەکەی روونبکاتەوە. نەک بەڕێز پارێزگاری هەولێر بێت لەجیاتی ئەوان لێدوان بدات. پێموایە وەزارەتیش قسەی دەبێت. ئەوەش بزانن، کەئێمە لەپەرلەمان کار بۆ ئەوە دەکەین لایەنی کەمتەرخەم لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

**دەستوور:** دەڵێن بێدەنگی یەکێتی نیشتمانی لەبەر ئەوەیە، کەترسی ئەوەی هەیە، پارتی کەیسی فرۆکەوانەکە بوروژێنێ، کەیەکێتی دەربازی کرد.

**خەلیل عوسمان:** پێموانییە یەکێتی ترسی لەوە هەبێت. وەک پەرلەمانتارێکیش ئەو قسەیە دەکەم، کەپێویستە لەسەر یەکێتیو پارتیو هەموو حیزبەکانی تر، ئەو تاوانبارنە بدەنە دادگا کەسکاڵایان لەسەرە.

**دەستوور:** ئەگەر قاسم ئاغا بهاتایەتە ناو یەکێتی، هەمان ئەو هەڵوێستەت دەبوو؟

**خەلیل عوسمان:** بەدڵنیاییەوە هەمان هەڵوێستم دەبوو، تەنانەت ئەگەر کەسێکی نزیکی خۆشم بێت. من نوێنەری خەڵکی ئەو دەڤەرەمو قەزیەکە پەیوەندی بەم خەڵکەوە هەیە. هەموو تۆمەتبارەکان دەبێ بدرێنە دادگا، ئەگەر تۆمەتەکانیان سەلمێنرا، با سزای خۆیان وەربگرن، ئەگەر نا با ئازاد بن.

**دەستوور:** لێدوانی پارێزگاری هەولێر لەبارەی ئاگادار نەبوونی لەفەرمانی دەستگیرکردنی قاسم ئاغاو لێدوانی وتەبێژی ئەنجومەنی داوەری، کە بەجۆرێک لەپشتگیریکردن لەپارێزگار لێکدەدرێتەوە، چۆن دەخوێنیتەوە؟

**خەلیل عوسمان:** پێموایە پەلەیان کرد. بەتایبەتی بەڕێز پارێزگاری هەولێر جۆرێک لەدوو دڵیو دڵەڕاوکێی پێوە دیار بوو. هەروەها لێدوانی وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەریش پەلەی تێدا بوو، پێویست بوو زیاتر وردبینی تێدا بکرێتو بەدواداچوون لەدادگاکانی هەولێر بکرێتو دڵنیاببنەوە لەنەبوونی فەرمانی دەستگیرکردنی قاسم ئاغا، ئینجا ئەو لێدوانەیان بدایە. لەڕاستیدا فەرمانی گرتنی هەبووە. ئەمە جگە لەوەی لە ٩-١-٢٠٠٣ دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک کە لەسلێمانی بوو، لەگەڵ دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر کۆبوونەوەی هاوبەشیان کردو بڕیاریاندا لەدەستگیرکردنی تاوانبارانی ژێر ناوچەکانی خۆیان هاوکاری یەکتر بکەن، ئەمەش بۆئەوەی هیچ تۆمەتبارێک نەتوانێت لەنێوان یەکێتیو پارتی ئەم بەرو ئەو بەر بکات. بۆیە دەتوانم بڵێم کەلێدوانەکانی پارێزگاری هەولێرو وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری، ئەوندەی مەغزای سیاسی هەبوو، ئەوەندە مەغزای قانونی نەبوو.

**دەستوور:** ئەگەر قاسم ئاغا لەکوردستان مایەوەو دەستگیریش نەکرا، وەکو پەرلەمانتار چی دەکەن؟

**خەلیل عوسمان:** ئەوکات قسەی خۆمان دەبێت. تا ئێستا مەسەلەکە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. ئێمە کەسوکاری ئەنفالکراوانی دەشتی کۆیە دڵنیادەکەینەوە، کەواز لەو مەسەلەیە ناهێنینو تا دوا وێستگە بەدوایدا دەڕۆین. دەبێ یاسا سەروەر بێتو دەسەڵاتی دادوەری رۆڵی خۆی ببینێت

"روئیای حیزبەکان لەسەر پەیوەندیی حکومەتو حیزب ئاشکرا نەبووە" 10



# کوڕێکی ئەحمەد کاکە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەیان لەبزووتنەوەی ئیسلامی ئاشکرادەکات

دەستوور

بزووتنەوەی ئیسلامی لەیەکەم کۆبوونەوەی شورای دوای بەستنی کۆنفرانس، بڕیارە قسە لەبارەی مەسەلەی بەشدارینەکردنی ژمارەیەک کادری باڵای حیزبەکەی بکات، کوڕێکی ئەحمەد کاکەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیش دەڵێت بزووتنەوە بەهۆی ئەوەی بنەماڵەکەیانی فەرامۆشکردووە، بۆیە ئەوان وازیانهێناوە.

لەکۆنفرانسی بزووتنەوەی ئیسلامیدا کەرۆژی شەممە ١٠/٢٣ لەهۆڵی ئەکواپارک لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو، ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیو ئەندام مەکتەبەکانی بزووتنەوە بەشدارییان لەکۆنفرانسدا نەکرد، بەپاساوی ئەوەی کەکۆنفرانس ناتوانێت کێشەکانی ناو حیزبەکەیان چارەسەر بکات.

محەمەد بازیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو عیرفان ئەحمەد کاکە ئەندامی سەرکردایەتیو هەریەکە لەحاجی فاروق بەرپرسی کارگێڕیو ئیداری مەکتەبی رابەر، ئارام کەمال کارگێڕی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی بزووتنەوە، حاجی موحسن، ئەحمەد محەمەدو مەریوان شەمێرانی کەئەندام مەکتەبن، لەگەڵ کاروان شەمێرانی ئیدارەی مەکتەبی پەیوەندییەکانو مەلا ئەحمەد قامیشی لەمەکتەبی زانایان بەشداری کۆنفرانسیان نەکرد.

بزووتنەوەی ئیسلامی رایدەگەیەنێت کە لەیەکەم کۆبوونەوەی شورای بزووتنەوە لەدوای کۆنفرانس قسە لەبارەی بەشدارینەکردنی ئەو ژمارە کادرە باڵایەی حیزبەکەی دەکات، ئەندامێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەش



عیرفان ئەمین

دەڵێت بزووتنەوە ژمارەیەک کادری باڵای حیزبەکەی پشتگوێخستووەو پێیانوابووە کۆنفرانس ناتوانێت کێشەکانی بزووتنەوە چارەسەربکات، بۆیە بەشدارنەبوون.

بنەماڵەی ئەحمەد کاکە مەحمودو کوڕانی رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەقۆناغە جیاوازەکاندا، بەڵام لەئێستا رابەرو مەکتەب سیاسیو شورای بزووتنەوە ئەو خانەوادەیان فەرامۆشکردووە، بۆیە چوار کوڕی ئەحمەد کاکە وازیان لەحیزبەکە هێنا.

عیرفان ئەحمەد کاکە ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەو کوڕە گەورەی ئەحمەد کاکە مەحمود کاکە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوانی پشتگوێخستووە، بۆیە ئەوان وازیان لەبزووتنەوە هێناوە.

عیرفان ئەحمەد وتی "بەوپێیەی من لەهەڵبژاردنی شورادا دەنگێکی بەرچاومهێنا بەهۆی بوونی پلەومەقامی باوکمو خەباتو ماندووبوونی بنەماڵەی خۆمان، دەبوایە پۆستو مەقامێکو مەکتەبێک یان ئۆرگانێکمان هەبوایەو پۆستێکیان پێببەخشینایە لەناو بزووتنەوەدا، بەڵام ئەوە ماوەی دوو ساڵ بەسەر کۆنگرەدا تێدەپەڕێت هیچ شتکێکیان پێ رەوان نەبینین".



دوا کۆنفرانسی بزووتنەوەی ئیسلامی

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور موچەی ماڵی مامۆستا (ئەحمەد کاکە مەحمود) لەلایەن بزووتنەوەوە تەنیا ٣٥٠٠٠٠ هەزاربووە.

ئەحمەد کاکە یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە لەساڵی ٢٠٠٦ کۆچی کرد، بەڵام ئێستا هەر چوار کوڕەکەی وازیان لەحیزبەکە هێناوە.

ئەو کەسانەی کەبایکۆتی کۆنفرانسی بزووتنەوەیان کرد ئاماژە بەوەدەدەن کەپێویست بووە بزووتنەوە پێش کۆنفرانس کێشەکانی چارەسەربکات.

عیرفان وتی "حەزمانکردووە تەبابینو برابین، پێشئەوەی بچینە کۆنفرانس ناوماڵی خۆمان رێکبخستایەتەوە، بەڵام ئەوەبوو گوێ بەداواکانمان نەدراو کۆنفرانس بەسترا، بەڵام هەرشتی تەشریفاتی بوو نەتوانراوە گۆڕانکاری بکات لەکۆبوونەوەی شورادا، کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر بەستنی کۆنفرانس، من یەکێک بووم لەوانەی کە لەگەڵ ئەوەدابووم کۆنفرانس دوابکەوێت تاکێشەکان چارەسەربکرێن".

شوان قەڵادزێی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی ئاماژە بەوەدەدات کەهەموو کەسە چالاکەکانی بزووتنەوەی بەشدارییان کردووە.

ئەو وتی "ئەو کەسانەی کەپەیڕەوو پرۆگرامی بزووتنەوە دەیگرتنەوە هەموویان لەکۆنفرانسدا ئامادەبوون، هەروەها ئەو کەسانەش کەبەفیعلی ئەندام مەڵبەندو ئەندام مەکتەبوونو چالاکبوونو بەشداری کۆنفرانسیان کرد، ئەو کەسانەی کەبەشدارییان نەکرد، کەسانی فیعلی نەبوون لەناو بزووتنەوەدا پەیڕەوو پرۆگرامیش نەیگرتوونەتەوە".

کاروان شەمێرانی بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی بزووتنەوە کە لەکۆنفرانسدا بەشداری نەکرد، قسەکانی وتەبێژی حیزبەکەی رەتدەکاتەوە، بەدەستووری وت "ئێمە کەسانی فیعلی ناو بزووتنەوەین، ئەوەی کاک شوان وتویەتی بۆچوونی خۆیەتی".

لەبارەی هۆکاری بەشدارینەرکردنیان لەکۆنفرانس، کاروان وتی "بەشداری نەکردنمان پەیوەندی بەهەندێکی شتی تایبەتیو بۆچوونی تایبەتی خۆمانەوە هەبووە کەناتوانین بەرۆژنامەکانی بڵێین، هیچ شتێک ناڵێم لەبارەی سەرکەوتوویی یان سەرنەکەوتوویی کۆنفرانسەوە، ئەوەلەبەشداربووانی کۆنفرانس بپرسن".

ناسیح مەجید وتەبێژی کۆنفرانسی بزووتنەوە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو کەسانە ئازادبوون لەوەدا بەشدارییان کردووە یان نا، تائێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە بۆئەوەی ئایا ئیجرائاتیان لەگەڵدا دەکرێت یان نا، لەکۆبوونەوەی داهاتووی شورادا قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت".

ئەو دەڵێت ئەگەر هاتوو ئەو کەسانە بەئەنقەست بەشدارییان نەکرد، ئەوکاتە بڕیاریان لەسەر دەدرێت کەرەنگە ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوان ئازادبوون بەشداری بکەن یان نا، چونکە هیچ کاریگەرییەکایان لەسەر کۆنفرانس نەبووە.

عیرفان ئەحمەد کاکە وتی "خەڵک لەناوەوەو دەرەوەی بزووتنەوەدا دەڵێن بۆچی کوڕانی مامۆستا ئەحمەد دیارنین، دیارە ئەوە مەسەلەکە بووە کەئێمە پشتگوێخراوین".

# بڕیاربوو هەر خێزانەو ١٠ ملیۆنو پارچە زەوییەکی پێبدرێت

## گوندنیشنە زیانلێکەوتووەکانی سەردەمی رژێمی بەعس، لەکەرکوک قەرەبووناکرێنەوە

زانیار داقوقی

بەهۆی چەند کێشەیەکەوە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ قەرەبووکردنەوەی گوندنیشنە زیانلێکەوتووەکانی سەردەمی رژێمی بەعس، لەپارێزگای کەرکوک جێبەجێناکرێت، بەڵام لەزۆربەی پارێزگاکانی تر گوندنیشنەکان قەرەبووکرانەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەساڵانی رابردوودا، وەزارەتی مافی مرۆڤی راسپارد بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ لێکۆڵینەوە لەزیانلێکەوتووانی دەست رژێمی پێشوو، لەبارەی قەرەبووکردنەوەی گوندنیشنەکان، بەڵام تائێستا هیچ زیانلێکەوتووەیەکی دەستی رژێمی بەعس لەگوندنیشنەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک قەرەبوونەکراونەتەوە.

ئەوکات لیژنەکە لەڕێگەی فۆرمەوە زانیاری لەسەر زۆربەی گوندنیشنەکانی پارێزگای کەرکوک ئەوانەی زەرەرمەندبوون کۆکردەوە، تەنانەت لەچەند گوندێکدا لیژنەشیان لەڕێگەی بەڕێوەبەری ناحیەکانو شارەوانی ناحییەکانەوە پێکهێنا، بۆ



کێشەی موڵکداری زیانی لەزیانلێکەوتووان دا

پێدانی ئەو پارچە زەوییەی کەئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەردابوو. بەڵام کاری ئەو لیژنانە راگیرا.

تورهان موفتی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "پارێزگای کەرکوک یاسایەکی تایبەتی بۆ دابینکراوە بەهۆی ئەوەی کێشەوگرفتی دەستەی موڵکداری هەیە، تائێستا چارەسەرنەکراوە، بۆیە کارەکانی ئەو لیژنانە راگیرا".

تورهان وتی "بۆ زیانلێکەوتووانی کەرکوک کە لەسەردەمی رژێمی پێشوو زەرەرمەندبوون، بەپێی ماددەی ١٤٠یش قەرەبووی گوندنشینەکانیش دەکرێتەوە، بە١٠ ملیۆن دینارو پارچەیەک زەوی".

هەروەها وتی "زۆربەی هاووڵاتیانی کەرکوک بەدەست رژێمی پێشوو زەرەرمەندبوون، تائێستا قەرەبوونەکراونەتەوە، چونکە کێشەی قەرەبووکردنەوەکە دواتر خراوەتە سەر دەستەی موڵکداریو بەهۆی ئەوەی تائێستا ئەو دەستەیە هیچ مافێکی بۆ خاوەنی ئەسڵی نەگەڕاندووەتەوە، کارەکان راگیران".

ئەو ئەندامە ئاماژەی بۆئەوشدا کەحکومەتی عێراق شاری کەرکوکی پشتگوێخستووەو تائێستا بەهۆی کێشەو ململانێی سیاسییەکانی شارەکەش زەرەرمەندانی ئەو شارە لەقەرەبووکردنەوە بێبەشکراون، هەرچەند دانیشتووانی ئەو سنوورە باجی ئازادی عێراقیان داوە. بەڵام هیچ لایەنێک ئاوڕ لەزەرەرمەندانی پارێزگای کەرکوک نادەنەوە".

تورهان موفتی باسی لەوەکرد کەبڕیاربوو قەرەبووکردنەوەکە بەپێی رێژەی زیانلێکەوتووان بێت.

# رۆژنامەنووسێکی پارتی دەڵێت ئێران هانی ئۆپۆزیسیۆن دەدات بۆ کشانەوە

## ئۆپۆزیسیۆن: پارتیو یەکێتی هەر شتێک بەدڵی ئەوان نەبێت، دەڵێن دەستی دەرەکی لەپشتە

کامەران گۆران

رۆژنامەنووسێکی پارتی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن تۆمەتبار دەکات بەوەی کە بەدەستی دەرەکیو بۆ لاوازکردنی پێگەی کوردستان لەبەغداد هەڕەشەی کشانەوە دەکەن، بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیش دەڵێن تۆمەتەکە سواوە، ئاماژە بەوە دەدەن هەڕەشەی کشانەوە بۆ پاراستنی ئەزموونی دیموکراسییە لەهەرێم.

رێبوار کەریم وەلی رۆژنامەنووسی پارتی، نزیک لەمەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە، دەڵێت "فشارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە خۆوە نییە، من تەسەوردەکەم جوڵانەوەیەک لەدەرەوە هەبێت بۆ بێهێزکردنی هەڵوێستی کوردی لەبەغداد و شکاندنی بەئاراستەی تەسلیمبوون بەشیعەکان لەبەغداد".

پەیمان عیزەدین پەرلەمانتاری گۆڕان دەڵێت ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی بەرگرتن لەپەسەندکردن و تێپەڕاندنی مەسەلە هەستیارەکان بەزۆرینەو کەمینە، ئەزموونی حکومڕانی کوردستان بپارێزن و بەرەو دیموکراسی بەرن.

پەیمان عیزەدین ئاماژە بەوە دەدات ئەو کۆمیسیۆنەی بڕیارە دروستبکرێت، دەنگدان بۆ رەشنووسی دەستووری هەرێم، هەڵبژاردنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمان بەڕێوەدەبات، گەر دەستەکەش تەنیا دەسەڵات دایبنێت، ئەوا چارەنووسی دیموکراسی دەکەوێتە مەترسییەوە. وتی "کە ئەمانە پرسی زۆر گرنگو کاریگەرن و پەیوەندییان بەدیموکراتیزەکردنی کوردستانەوە هەیە، پێویستی بەوە نییە دەستێک لەدەرەوە بێتو بەئۆپۆزسیۆن بڵێت بەرگری بکە لەبەرژەوەندی رای ئازادو رای خەڵک، کەمن پێموانییە ئێران خەمی دیموکراسی هەرێمی هەبێت، ئەگەر بەتەنگ دیموکراسیەتەوە بێت لەوڵاتی خۆیدا دیموکراسی پیادە دەکات".

پەیمان عیزەدین وتی "ئەوەی ئێمە دەیکەین ئەوە شەڕە دیموکراسیەکەیە، کە تائێستا توانیومانە دەنگی بەشێکی کاریگەری ئەم خەڵکەی پێ بەدەستبهێنین، بۆیە ئێران نایەت پشتگیریی ئێمە بکات بۆئەوەی بەرگری لەدیموکراسیەت بکەین".

بیلال سلێمان پەرلەمانتار لەسەر لیستی کۆمەڵ دەڵێت عادەتی یەکێتیو پارتی بەوشێوەیەو فێربوونە هەرشتێک بەدڵی ئەوان نەهاتو نەچوو، دەستی دەرەکی دەخەنە پاڵی، وتی "ئەوان ئەوەی وایە دەستی چەوری خۆیان بەسەری خەڵکدا دەهێن. ئەگەرنا ئەسڵو ئەساسی نییە، ئەوە چەکێکە بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن، هەموو دەمێکیش ئەو چەکەیان بەکارهێناوە".

سەمیر سەلیم پەرلەمانتار لەسەر لیستی یەکگرتوو، رەتیکردەوە هەڕەشەی کشانەوە لەسەر داوای هیچ وڵاتێکی دەرەکی بێت، وتی "مەسەلەی کشانەوە پەیوەستە بەو پەیڕەوەی کە فراکسیۆنەکان پێکهاتنیان لەسەر کردووە لەبەغدا، تا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان پابەندبێت بەو پەیڕەوە، هەروەها داواکارییەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێبکات، پێموانییە هیچ جۆرە کشانەوەیەک رووبدات".

# "لۆژیک قبوڵی ناکات پارتیو یەکێتی دژایەتی حکومەت بکەن"

## فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان بۆ دەستوور

سازدانی: بورهان قادر لەهەولێر

**فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژە بەوە دەدات حکومەت نەیتوانیوە کارنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێبکاتو دەڵێت ئەگەر خەڵک لەسەر ئەو بەرنامەیە دەنگیان بەلیستەکە دابێتو خوێندبێتیانەوە، ئەوا ئێستا لەم حکومەتە رازی نەدەبوون.**
**فەرهاد محەمەد رەخنە لەسەرۆکی حکومەت دەگرێت کەپشوودرێژ نەبوو لەبەرانبەر ئەو رەخنانەی لەگۆڤارەکەیانەوە ئاراستەی کرا، دواتر بەفشاری حیزبی، سەرنووسەری پێشووی گۆڤارەکە لەسەر کار لابرا.**

**دەستوور:** بەردەوام لەچەند کەناڵێکی نزیک لەسەرۆکی حکومەتەوە ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێت کە لەلایەن پارتیو یەکێتیەوە رێگری بۆ کارەکانی حکومەت دروستدەکرێت، سەرەتا نێچیرڤانو ئێستاش خەڵکی تر ناوی دێت، هەر بەوهۆیەشەوە سەرنووسەری گوڵان گۆڕا، رای ئێوە چۆنە لەوبارەیەوە؟

**فەرهاد محەمەد:** سەرەتا دەمەوێت دوو شت لەیەکتری جیابکەینەوە، یەکەمیان رەخنەگرتن لەئەدای حکومەت وەک دامەزراوەیەکی راپەراندن بۆ کاروباری خەڵکو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک، دووەمیشیان لێکجیاکردنەوەی کاری رۆژنامەوانی لەناو پارتیو سیاسەتی پارتی. ئەگەر سەرەتا باسی رەخنەگرتن بکەین، با ئەو پرسیارە لەحکومەت بکەین، ئایا ئێمە وەک رۆژنامەنووس ئەوجا چ رۆژنامەنووسانی سەر بەحیزبەکان بین، یان رۆژنامەنووسانی ئەهلی یان سەربەخۆ، لەسەر چ بنەمایەک رەخنە لەئەدای حکومەت دەگرین؟ بێگومان لەسەر خودی ئەو بەرنامەیە رەخنە لەحکومەت دەگرین، کەلیستی کوردستانی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩و بەڕێزیشی وەک سەرۆکی لیستی کوردستانی هەموو برگەکانی چەندان جار بەخەڵک راگەیاندووەو دەیان جار داوای لەخەڵکی کوردستان کردووە، دەنگ بدەن بەلیستی کوردستانی بۆئەوەی ئەو بەرنامەیەتان بۆ جێبەجێ بکەین، کەواتە کاتێک ئێمە وەک رۆژنامەنووس رەخنە لەحکومەت دەگرین، مانای ئەوە نییە، ئێمە ئاستەنگ بۆ حکومەت دروستدەکەین، نەخێر ئێمە سەیری بەرنامەی لیستی کوردستانی دەکەینو لەگەڵ ئەدای حکومەت بەراوردی دەکەین، زۆر ئەدای حکومەت هەیە لەئاستی ئەو بەرنامەیە نییە کەلیستی کوردستانی بەڵێنی بەخەڵکی داوە. کەبەڕێز د.بەرهەم خۆی سەرۆکی لیستی کوردستانی بوو، هەر خۆشی ئێستا سەرۆکی حکومەتە، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەبوو جەنابی د.بەرهەم پشووی بۆ رەخنەگرتن درێژتر بوایە، لەبری ئەوەی گوشار دروستبکات بۆسەر گۆڤارێک بۆئەوەی سەرنووسەرەکەی لاببرێت، دەبوو داوای بکردایە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵدا بکاتو رەخنەکانی گوڵانی بکردایە بەدەسپێکی دیالۆگێکی سەردەمیانە لەپێش هەموان لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندنی پارتی، ئەم دیالۆگەشی شۆڕبکردایەوە بۆ ناو دەزگاکانی دیکەی حکومەت بۆئەوەی ئێمە وەک هۆیەکانی راگەیاندنی پارتیو یەکێتی چاودێری کارەکانی زیاتر بکەین، بەراستی لەم خاڵەدا ئێمە وەک گۆڤاری گوڵان هەموو کات گلەیی خۆمان ئاراستەی د.بەرهەم دەکەین، هەستدەکەین وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی بەرانبەر رەخنەکانمان نەبووە، هەموو لایەکیش ئەو راستیە دەزانن، ئێمە وەک گۆڤاری گوڵان لەکابینەی پێنجەمیشدا بەردەوام هەفتانە راپۆرتمان لەسەر حکومڕانیو حکومڕانی باشو رەخنەگرتن لەئەدای کابینەی پێنجەم هەبووە. هەروەها لەکاتی دەستاودەستکردنی سەرۆکایەتی حکومەتیش، لەسەر بەرگی گوڵان بەمانشێت نووسیوومانە ئەم هەنگاوەت وانەیەکی دیکەی دیموکراتی فێرکردین، ئێمە لەم مانشێتە مەبەستمان بوو ئەوە بەخوێنەرانی گوڵان بڵێین (دیموکراتی بریتی نییە لەوەرگرتنی دەسەڵات بەرێگەی زۆرینە، بەڵکو دیموکراتیەت بریتیە لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە)، بەهەرحاڵ من وەک رای شەخسی خۆم ئێستاش دەڵێم بەڕێز د.بەرهەم نەک هەر زوو تورەبوو، بەڵکو زوو هەڵچوو، هەڵچوونەکەشی هێندەی حیزبیانە بوو وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی، هێندە وەک هەڵچوونو تورەبوونی سەرۆکی حکومەت نەبوو، راپۆرتەکەی گوڵان هەلێکی باش بوو بۆ جەنابی د.بەرهەمو کابینەی شەشەمیش بۆ ئەوەی خۆی وەک سەرۆکی حکومەت شانازی پێوە بکاتو بڵێت ئەو رەخنانەی راگەیاندنەکانی پارتیو یەکێتی لێمدەگرن، زۆر توندترە لەو رەخنانەی کەمیدیای ئۆپۆزیسیۆنو ئەهلیەکان لێمدەگرن، جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە ئێستاش گلەیی لەجەنابی د.بەرهەم وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کەوەک سەرۆکی حکومەت مامەڵەی لەگەڵ گوڵاندا نەکرد. ئەمانە لەلایەک، لەلایەکی دیکە بۆیە ئاماژەم بەم باکگراوەندە کرد، بۆئەوەی راشکاوانە ئەوە بڵێم تێکەڵاوکردنی ئەو راپۆرتەی گوڵان وەک بەرنامەو سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرانبەر کابینەکەی د.بەرهەم، کارێکی ناهەقیو ناویژدانیە بەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێ، لەبەر ئەوەی گوڵان لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستاش جۆرە لامەرکەزیەتێکی لەکارکردن هەبووە، زۆر جار سەرنووسەرەکانی پێش منو کاک فوئاد سدیقیش کەکاریان کردووە، لەهەندێک کاری رۆژنامەوانیان کارەکانیان لەگەڵ سیاسەتی پارتی یەکی نەگرتووەتەوە، پارتی موحاسەبەشی کردوون، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان پێش ئەوەی ئەو راپۆرتە لەسەر کابینەی شەشەم بڵاوبکەینەوە، راپۆرتێکی توندترمان لەسەر پارتی بڵاوکردەوەو لێتان ناشارینەوە پارتیش زۆر لێمان تورەبوو، بەڵام دواتر سەرکردایەتی پارتی ساربوونەوەو نە سەرنووسەریان لابردو نەهیچ، ئێستاش ئێمە وەک گۆڤاری گوڵان هەمان بەرنامەمان بەرانبەر بەحکومەتی کوردستان هەیە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەین وەک گۆڤاری گوڵان لەگەڵ جەنابی د.بەرهەم دابنیشینو گلەییەکانمان قبوڵ بکاتو ئێمەش دەست لەدەست هێز لەخوا دەستدەکەینەوە بەرەخنەگرتن لەحکومەتو لەوەزارەتەکان، ئێمە پێمانوابوو، کاتێک رەخنە لەحکومەت دەگرینو بەبیری دەهێنینەوە بەرنامەی لیستی کوردستانی بەڵێنی پارتیو یەکێتیە بۆ خەڵکی کوردستان، دەبێت جێبەجێبکرێتو بەڕێزی وەک سەرۆکی حکومەت راسپێردراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەو ئێمەش وەک کەناڵێکی راگەیاندن کەرەخنەی لێدەگرینو خزمەتێکی بەلاشی پێشکەشدەکەین، وادیارە بەڕێزی ئەو خزمەتەی ئێمەی نەویست، سەبارەت بەخاڵی کۆتایی پرسیارەکەشتان بەوەی پارتیو یەکێتی ئاستەنگ بۆ حکومەت دروستدەکەن، بەراستی من سەیرم پێ دێت ئەگەر بەمەبەست یان غەیرە مەبەست شتی وا بەخەیاڵدا بێتو بپرسین، ئایا پارتی یان یەکێتی ئاستەنگ بۆ حکومەت دروستدەکەن؟ ئەمەش لەبەر یەک هۆکاری سادە، ئەوەی ئەو کادرە پێشکەوتووانەی هەردوولا کەبتوانن ئاستەنگ بۆ حکومەت دروستبکەن، خۆیان بەشێکن لەکۆڵەکەکانی حکومەت، بەڵام ئەگەر پرسیارەکەتان بەو شێوە بوایە پارتیو یەکێتی مەبەستیانە زیاتر حکومەت بخەنە خزمەتی خۆیانەوە، ئەمەیان هەڵوەستیەکی لەسەر دەکرا، بێگومان ئێمەومانان وەک کادری ئەو دوو حیزبە بەرگریمان دەکرد دەمانوت وانییە، ئێوەش وەک خەڵکی بێلایەن لەدەرەوەی حکومەت ئازادن هەر رایەکتان هەبێت.

**دەستوور:** رایەک هەیە دەڵێت کەوەزیرو کاربەردەستانی پارتی لەحکومەت، سەرۆکی حکومەت بەمەرجەع نازاننو بۆ پرسو را بۆ شوێنی دیکە دەگەڕێنەوە، ئەگەر حاڵەتی وا هەبێت، مەسەلەکە لاوازی سەرۆکی حکومەت یان بێمتمانەیی ئەو دوو حیزبە بەیەک؟

**فەرهاد محەمەد:** سەبارەت بەو رایەی جەنابتان ئاماژەتان پێکردووە، بێگومان بەو رەهاییە نییە، بەڵام بەوجۆرەش نییە بڵێین بنەما نییە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بنەمای ئەو رایە چۆنە؟ لەوەڵامدا دەڵێین وەزیرو کاربەدەستانی هەردوولا (پارتیو یەکێتی) مافی خۆیانە وەک کادری حیزب مەکتەب سیاسییەکانیان بەمەرجەعی خۆیان بزانن، لەوانەیە بڵێن بۆ؟ منیش راشکاوانە دەڵێم وەزیرو کاربەدەستانی هەردوولا کەئێستا وەزیرو بەرپرسن لەحکومەت، مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی دایمەزراندوون بەوەزیرو کاربەدەست، ئەمەش واتە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لیستی خۆی ئامادەکردووەو مەکتەبی سیاسیی پارتیش لیستی خۆی ئامادەکردووە، هەردوولیست تەسلیمی د.بەرهەمو ئازاد بەرواری کراوە حکومەتی لێ پێکبهێنن، هەر بۆ نموونە، وەزیری دارایی کەسەر بەیەکێتییە لەبەر ئەوە وەزیری دارایی نییە، کەتوێژینەوەیەکی زانستی ئابووری پێشکەشی یەکێک لەناوەندەکانی توێژینەوە کردبێتو بەپێی ئەو توێژینەوە لەماوەی ٤ ساڵدا داهاتی تاکەکەس لەکوردستان دووبەرانبەر زیادبکات، یان وەزیری پەروەردە کەسەر بەپارتییە، لەبەرئەوە وەزیری پەروەردە نییە ئەویش سیستمێکی نوێی بۆ پەروەردەو فێرکردن لەکوردستان داڕشتووەو لەچوار ساڵی داهاتوو ئاستی خوێندن لەکوردستان دەگاتە ئاستی ستاندەری خوێندن لەجیهاندا، کەواتە مەکتەب سیاسییەکانی پارتیو یەکێتی مافی خۆیانە هەڵسەنگاندن بۆ کارو چالاکیو بەرنامەی حکومەت بکەن، هەر بۆنموونە جەنابی کاک مەلابەختیار کەبەرپرسی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە، بەئاشکراو لەسەر تەلەفزیۆن شانازی بەوە دەکات ئەوان وەکو یەکێتی لەو کادرانەی خۆیان قبوڵ ناکەن کەئێستا وەزیرو کاربەدەستن، کارەکانیان وەک پێویست نەکەن، ئەمەش واتە بەڕێز مەلابەختیار بەناوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتەوە (وەک بڕیارێکی بەکۆمەڵی ناو مەکتەبی سیاسیی خۆیان) رایدەگەیەنێت ئەوان لێپرسینەوە لەگەڵ کادرانی خۆیان دەکەن، من پێموایە جەنابی کاک مەلابەختیار مافێکی سروشتی حیزبەکەی خۆی پیادەدەکاتو مافی خۆشیانە وەک یەکێتی بەو سیفەتەی جەنابی د.بەرهەم ئەندامی مەکتەبی سیاسییو جێگری مام جەلالیشە، بانگیبکەن بۆ مەکتەبی سیاسیو لەناو مەکتەبی سیاسی پرسیار سەبارەت بەکارەکانی حکومەت لێبکەنو مافی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشە پێشنیازی خۆی بەئاشکرا بداتە ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی خۆی کەئێستا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەم چوارچێوەیەشدا زۆر ئاساییە خودی سەرۆکی حکومەت مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەمەرجەعی خۆی بزانێت، لەبەرئەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی پارتیو یەکێتی بۆ ئەم خولە ئیستیحقاقی یەکێتییە نەک هیی د.بەرهەم، کەسەرۆکی حکومەتە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی دەکاتو هەر دەبێت یەکێتیش بەمەرجەع بزانێت، بەڵام لەناو چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی هەرێمی کوردستان، وەک کیانێکی دەوڵەتی بێگومان پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم دەبنە مەرجەعی سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئەمە رێگە لەوە ناگرێت وەک سیاسەت یەکێتی نیشتمانی مەرجەعی سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەمە بۆ جەنابی کاک ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتو وەزیرە بەڕێزەکانی پارتیش راستەو دەبێت لەچوارچێوەی حکومەتدا، سەرۆکی حکومەت مەرجەع بێت، پێموایە ئەمە هەر بەو جۆرەیە، بەڵام ئەمە رێگە لەوە ناگرێت مەکتەبی سیاسیی پارتیش جەنابی کاک ئازاد، یان هەر وەزیرێکی دیکە بانگهێشتی مەکتەبی سیاسی بکاتو هەموو پرسیارێکی لێ بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەکتەبی سیاسیی پارتیش لەرووی سیاسیەوە مەرجەعی جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەتو وەزیرو کاربەدەستەکانی پارتییە، بەڵام بەوجۆرە بڵێین وەزیرێکی پارتی بیەوێت پرۆژەیەک بکاتو نووسراو بۆ مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی بکاتو نووسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەکات، شتی وانییە، بەڵام بشڵێین پارتیو یەکێتی نابێت مەرجەعی سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو وەزیرو کاربەدەستانی هەردوولا بێت، ئەمەش من پێموایە ناکرێت، لەبەرئەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی پێکەوە مەرجەعی سیاسین نەک حکومەت، بەڵکو مەرجەعی سیاسی هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانن.

**دەستوور:** ئەم حکومەتە حکومەتی هاوبەشی یەکێتیو پارتییە؟ هەر شکستو پاشەکشەیەک زیانەکانی پێش هەر کەسی تر بۆ خودی ئەم دوو حیزبەیە؟ کەواتە بۆچی دەبێت دژایەتی بکەن؟

**فەرهاد محەمەد:** منیش پێم سەیرە ئەگەر دژایەتی بکەن، لەبەرئەوەی پارتیو یەکێتی بەحکومەتەوە پارتیو یەکێتینو ئەم لافەی ئێستا لێدەدەن، ئەگەر حکومەتیان بەدەستەوە نەبێت، ئەم پارتیو یەکێتییەی ئێستا نابن، بۆیە لۆژیک قبوڵی ناکات پارتیو یەکێتی دژایەتی حکومەت بکەن، لەبەرئەوەی حکومەتەکە حکومەتی پارتیو یەکێتییە، ئەوجا ئەگەر ئێوە مەبەستان لەدژایەتیکردن شتێکی دیکە بێت، من ئەوەیان نازانم، بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکەم ئەوەیە پارتیو یەکێتی زۆر پێویستیان بەوەیە حکومەتیان بەدەستەوە بێت، ئەمە پێویستیەش رێگەی ئەوە نادا دژایەتی حکومەت بکەن، خاڵێکی زۆر سادە کەگرنگە ئێستا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، هۆکاری سەرەکی کەئێستا پارتیو یەکێتی کردووەتە ئەو دوو هاوپەیمانەی کەرێککەوتنی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیەو سوێند بەسەری یەکتری دەخۆن، ئەوەیە بەرهەمی ئەو رێککەوتنە ستراتیژییە شکۆو سەنگی هەردوولایانی راگرتووە.

**دەستوور:** هەندێک رایانوایە کەکارنامەی حکومەت بەرنامەی راگەیەنراوی لیستی کوردستانی نییە، بەڵکو کارنامەی بەرهەم ساڵح خۆیەتی، ئەوانە دەڵێن سەرۆکی حکومەت زیاتر دەیەوێت پێگەی خۆی بەهێز بکات لەناو خەڵکدا لەرێگەی حکومەتەوە، بۆیەش هەندێکجار رووبەڕوودەبێتەوە لەگەڵ یەکێتیو پارتی؟

**فەرهاد محەمەد:** بەڕێز جەنابی د.بەرهەم وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو جێگری مام جەلال، مافی خۆیەتی ئەندامێکی هەمیشەیی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتیو یەکێتی بێت، مافی خۆشیەتی لەغیابی مام جەلالدا بەناوی جەنابی مام جەلالیشەوە لەکۆبوونەوە هاوبەشەکاندا نوێنەرایەتی مام جەلالو یەکێتیش بکات، بۆیە ئاساییە لەبەرنامەی لیستی کوردستانیشدا جێگەی دەستی دیاربێتو ئاساییشە د.بەرهەم وەک کاندیدی پێشوەختەی یەکێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت رەشنووسی پرۆژەیەکی گەڵاڵە کردبێتو وەک پرۆژەی یەکێتی پێشکەشی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان پارتیو یەکێتی کرابێت، بەڵام با لێرەدا گریمانەیەک بکەینو بڵێین ئەم بەرنامەیەی ئێستای حکومەت لە٪١٠٠ ئەو بەرنامەیەیە کە د.بەرهەم دایڕشتووەو کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتیو یەکێتی وەک بەرنامەی لیستی کوردستانی پەسەندیکردووە، تەنیا ئەم حاڵەتە مۆرکی بەرنامەکە لە د.بەرهەم وەردەگرێتەوەو دەیکاتە بەرنامەی لیستی کوردستانی، ئەمە لەبری ئەوەی خاڵێکی سلبی بێت، خاڵێکی ئیجابییە بۆ پارتیو یەکێتیو مانای وایە پارتیو یەکێتی بەکۆی دەنگ رازی بوون کە د.بەرهەم ئەو بەرنامەیەی خۆی دایڕشتووە خۆشی وەک سەرۆکی حکومەت جێبەجێی بکات،

بۆ لاپەڕە ١٩



> **ئەگەر خەڵک لەسەر بەرنامەی لیستی کوردستانی دەنگی بەلیستی کوردستانی دابێتو هەموو ئەوانەی دەنگیان بەو لیستە داوە، ناوەڕۆکی بەرنامەکەیان خوێندبێتەوە، بەئاسانی لەم حکومەتەی ئێستا رازی نەدەبوون**

> **هەستدەکەین د.بەرهەم وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی بەرانبەر رەخنەکانمان نەبووە**



# ”ڕوئیای حیزبەکان لەسەر پەیوەندیی حکومەتو حیزب ئاشکرا نەبووە“

## لەتیف شێخ عومەر بەرپرسی نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەت لەسلێمانی بۆ دەستوور

سازدانی: زانیار محەمەد

**لەتیف شێخ عومەر بەرپرسی نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەت لەسلێمانی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بنبڕکردنی دەستتێوەردانی حیزبی لەکاروباری حکومەتدا لەدوا قۆناغدایە، ئاماژە بەوە دەکات ئێستا لەئاستی سەرەوەی حیزبەکاندا دەستتێوەردان نەماوە، بەڵکو لەخوارەوە ماوەو ئەویش وردەوردە لەکەمبوونەوەدایە.**

**دەستوور:** بەردەوام لەچەند کەناڵێکی نزیک سەرۆکی حکومەتەوە ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێت کە لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە ڕێگری بۆ کارەکانی حکومەت دروستدەکرێت، دەتوانیت پێمانبڵێیت ڕێگرییەکان چین؟

**لەتیف شێخ عومەر:** کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەڵێن ڕێگریمان بۆ دروستدەکرێت، ئێمە نەمانوتووە ڕێگریمان بۆ دروستدەکرێت. ڕێگری نییە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە کولتوورێک لەم وڵاتەدا هەبووە، بەناوی تێکەڵکردنی ئیشوکارەکانی حیزبو حکومەت، ئێستا ئەوە لەدوا قۆناغەکانیایەتی. ئێستا کەمێکی ماوەو زۆری بەڕێکراوە. دوای پرۆژەکەی مام جەلال بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبو حکومەت، یەکێتی لەهەردوو بوارەکەدا ئیشی زۆری لەسەر ئەوە کردووە، لەهەردوو بوارەکەدا، واتە حیزبو حکومەت بخەنە سەر سکەی خۆی. بەشەفافیو ڕوونی لەکوێدا پێویست بوو پەیوەندییان هەبێتو لەکوێدا پێویست بوو پەیوەندییان نەبێت، ئەوە ڕێکخراوە. لەکۆنگرەی سێیەمی یەکێتیشدا، ئەو بابەتە زۆر بەوردیو چڕی قسەی لەبارەوە کرا، بەشەفافی یەکلاکرایەوە، پەیوەندیی لەنێوان حیزبو حکومەتدا چییە، لەکوێدا پێویستە حیزبو حکومەت هاوئاهەنگییان هەبێت. لەدوای کۆنگرەش ئیشی لەسەر کراوە. دەستوەردانی حیزب بەو شێوەی جاران نەماوە. بەڵام بەجۆرێک لەجۆرەکانو لەئاستی خوارەوە دەستوەردانی حیزب هەیە، بەڵام خۆشبەختانە لەقۆناغەکانی کۆتاییدایە.

**دەستوور:** بەردەوام باس لەڕێگریو تێکدانی کارەکانی حکومەت دەکرێت، جۆرو هۆکاری ئەو دەستتێوەردانانە چین؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ڕێگری نییە بۆ کارەکانی حکومەت، حکومەت دەزگایەکی گەورەیەو بەپێی یاسا کاردەکات. یاسا لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. ڕێگری نییە، بەڵام واقیعێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، وای فەرزکردووە لەکۆنەوە حیزب هەندێک ئیشوکاری بەشێوەی مەشروعی یان نامەشروعی لەگەڵ حکومەتدا تێکەڵبووە. لەشوێنێکی ئیداریدا نیم کەس دەستوەربداتە کاروباری من. بەڵام ڕەنگە کۆمیتەیەک، لقێک، جێگەیەک بەشێوەیەک کە نایاساییە، داواکاری یان داخوازییەکیان هەبێت. لێرەو لەوێ شتی وا هەیە، بەڵام زۆر گەورە نییەو چارەسەردەکرێت.

**دەستوور:** ئەو قسانە تا چەند ڕاستن کەوەزیرو کاربەردەستانی پارتی لەحکومەتدا، سەرۆکی حکومەت بەمەرجەع نازاننو ئیلتیزامی پێوە ناکەنو بۆ پرسو ڕا بۆ شوێنی دیکە دەگەڕێنەوە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** زانیاری وردم نییە لەو بارەیەوە. بەڵام وەک هاووڵاتییەکو وەک کەسێکی ئەم حکومەتە ئاگادارم، مەرجەعی هەموو وەزیرو بەرپرسێکی حکومی، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانە کەهەفتانە ئەنجامدەدرێتو لەوێوە بڕیار دەدرێتو ڕێنمایی دەردەچێتو هەر لەوێشەوە بەدواداچوون دەکرێت. مەرجەعی حکومەتو وەزیرەکانی حکومەت، ئەنجومەنی وەزیرانە.

**دەستوور:** ئەم حکومەتە حکومەتی هاوبەشی یەکێتیو پارتی نییە؟ هەر شکستو پاشەکشەیەک زیانەکانی پێش هەر کەسی تر بۆ خودی ئەم دوو حیزبە نییە؟ کەواتە بۆچی دەبێت دژایەتی بکەن؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئەوە کولتوورێکە لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستبووە. لەشاخ حیزب دەسەڵاتی هەبووەو شەرعیەتی هەبووە، کەهاتووەتە ناو شارەکانیش بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەو بارودۆخە هەر بەردەوام بووە، هەندێکجار پێویست بووە. ئەمە بابەتێکی دوورو درێژە، مەسەلەکە ئەوەیە شوێنی حکومەت لەحیزبدا چییەو شوێنی حیزب لەحکومەتدا چییە. حیزب لەدوای ڕاپەڕینەوە درێژەی ئەو شەرعیەتە شۆڕشگێڕانەیە بوو کە لەشاخەوە خاوەنی بوو. ڕوئیای حیزبەکان لەسەر پەیوەندیی حکومەتو حیزب ئاشکرانەبوو، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانو کۆمەڵگە، ئەو ڕوئیایە تادێت ڕوونو ئاشکرادەبێتو تادێت دەستوەردانی حیزب لەکارەکانی حکومەت کەمتر دەبێتەوە. بەڵام ئەوە بەشێکە لەواقیعی هەرێمی کوردستان، کەدوو حیزبی گەورە هەبوون، ئەو حیزبانە، خەباتو مێژوویان هەیە. لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە شەرعیەتیان وەرگرتووە، شتێکی ئاساییە مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانەو سەرکردایەتیی ئەو حیزبانە لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت بکۆڵنەوە. چاودێری حکومەت بکەنو هانیبدەن بەرنامەکان جێبەجێبکات، تا ئێرە ئەرکی حیزبەکانە، بەڵام ئەوەی نامۆیەو قبوڵنەکراوە، لەخوار ئەوەوە، دەسەڵاتەکاتی تری حیزب لەڕێگەی نامەو مەحسوبیەتەوە بیانەوێت لەدەرەوەی یاسا شتێک داوابکەن یاسا پشتگیری نەکات. ئەمە چۆن ڕوویداوەو چۆن ڕوودەدات، من لەشوێنێکدا نیم بزانمو ڕوویداتو باسیبکەم. بەڵام کەباس دەکرێت، باس لەو حاڵەتە دەکرێت. ئەوەش لەکۆتاییەکەیدایە.

**دەستوور:** کارنامەی حکومەت بەرنامەی ڕاگەیەنراوی لیستی کوردستانییە، یان بەرنامەی بەرهەم ساڵح خۆیەتی، دەوترێت سەرۆکی حکومەت دەیەوێت پێگەی خۆی بەهێزبکات لەڕێگەی حکومەتەوە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئەو بەرنامەیەی حکومەت جێبەجێیدەکات، بەرنامەی ئەو دوو حیزبەیە کە لەهەڵبژاردندا بانگەشەیان بۆ کردووە.

**دەستوور:** تۆ دەڵێیت دەستوەردانی حیزب هەیە، ئایا ئەمە تا کوێ بەردەوامدەبێت؟ حکومەت تاکوێ ئەمە تەحەمول دەکات؟ پێتوانییە بەردەوامبوونی، بووەتەهۆی ئەوەی دەستوەردانی حیزب ئاسایی بێت؟

**لەتیف شێخ عومەر:** تۆ کەباسی دەستوەردانی حیزب دەکەیت، وەکو ئەوە وایە ئەم هەرێمەو خەڵکەکەیو حکومەتەکەی هیچ کێشەیەکیان نەبێت، تەنیا دەستوەردانی حیزبی نەبێت. پێتوایە گەورەترین کێشەی ئێرە دەستوەردانی حیزبە. بەڵام کێشەی زۆر زۆر هەیە. حکومەت بۆ ئەوە دروستبووە بەرەنگاری ئەو کێشانە بێتەوەو چارەسەریان بکات. ئەوە تەنیا کێشەو ڕێگری نییە کەهەمانە. هەموو پرسیارەکانی تۆ لەدەوری ئەوە دەخولێتەوە کەگوایا حکومەت هیچ کێشەیەکی نییە ئەوە نەبێت. کێشەی زۆر هەیە. هەندێک ناڕەزایی دروستبووە، هەندێک تێنەگەیشتن دروستبووە. دەکرێت بەڕاوێژو تێگەیشتن چارەسەربکرێن. کێشەی وا گەورە دروست نەبووە، ڕێگری بکات لەجێبەجێکردنی بڕیارو پرۆژەکانی حکومەت. خەڵک لەناو حیزبو دەرەوەی حیزبیش سەرنجو تێبینی هەیە لەسەر کارەکانی حکومەت. حیزب ئیشی خۆی دەکاتو حکومەتیش ئیشی خۆی دەکات.

**دەستوور:** لەگۆڕینی بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکدا لەشارێک، دەبێت حکومەت پرسو ڕەزامەندیی مەڵبەندو لقەکان وەربگرێت، ئەمە دەستوەردانی حیزبی نییە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** حکومەت خۆی بڕیار لەسەر کارەکانی خۆی دەدات. بەڵام ڕەنگە بۆ مەڵبەندێکو لقێکو ناوچەیەک باشتربێت ڕاوێژ بەوانیش بکرێت، وەک ناوەندێکی هێز.

**دەستوور:** واتە حکومەت پێیباشە ڕاوێژ بەمەڵبەندو لقەکان بکات بۆ گۆڕانکارییەکان، بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک؟

**لەتیف شێخ عومەر:** نەوەک حکومەت ڕاوێژ بەمەڵبەندو لقەکان بکات. بەڵکو حکومەت لەگۆڕانکارییەکاندا پێویستی بەوەیە ڕاوێژ بەهەموو کەسێک بکات کەزانیاری هەبێت لەو شوێنەدا. هەروەها ڕاوێژ بەهەموو کەسێک بکات، کەخۆی بە بەرپرس دەزانێت. تازۆرتر ڕاوێژبکرێت، بڕیارەکە حەکیمانەتر جێبەجێدەکرێت. بەڵام لەوێوە دەستوەردان دروستدەبێت، ئەگەر لەدەرەوەی حکومەتو هەر ناوەندێکی هێز بەزۆر بیەوێت، شتێکت بەسەردا بسەپێنێت.

**دەستوور:** سەرۆکی حکومەت لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا باسی لەوە کرد کە لەبەشێک لەئەدای وەزیرەکان ڕازی نییە، بەڵام بێئەوەی ناویان دیاریبکات، کاتی ئەوە نییە کەداوا لەو حیزبانە بکات کەئەو وەزیرانە بگۆڕن؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئەو پرسیارە لەکاک بەرهەم خۆی بکەن. ئەگەر داوای کردبێت، مەرجە بەدەنگی بەرز داوایبکات؟

**دەستوور:** سەرۆکی حکومەت یان ئەنجومەنی وەزیران لەبەرنامەیدا هەیە ناوی ئەو وەزیرانە بڵاوبکاتەوە ئەگەر درێژەیان بەکەمتەرخەمی دا، یان حکومەت لەئەدایان ڕازی نییە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئیشی حکومەت بەوشێوەیەو بەو سیاقە ناکرێت. وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی، یان هەر بەرپرسێک، کەمتەرخەمییەک بکات، بەپێی یاسای ئینزیباتی کارمەندی دەوڵەت، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

**دەستوور:** بۆ لێپرسینەوە لەو وەزیرانە نەکراوە کەحکومەت لەئەدایان ناڕازییە؟ ئایا لەقبوڵکردنی بوونی وەزیری ناچالاکو کەمتەرخەمدا، خەڵک زیانی پێناگات؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئەوە مانای ئەوەیە حکومەت لەئەدای وەزیرەکانی خۆی ڕازییەو بەو پێیەی لەچوارچێوەی یاسایەکدا کارەکانی خۆی دەکات. ڕازی نەبوون لەئەدا شتێکە، سەرپێچیکردن شتێکی دیکەیە.

**دەستوور:** بۆچی سەرۆکی حکومەت بەڕاشکاوی باسی ئەو هەنگاوانەی پارتیو یەکێتی ناکات، بۆ نموونە لەچ پرۆژەو بڕیارێکدا دژن، پێتوانییە ئیتر خەڵکیش بڕوا بەقسەی گشتی ناکاتو کاتی ئەوەیە کێشەکان دیاریبکرێن؟

**لەتیف شێخ عومەر:** هەموو ساتێک کاتی ئەوەیە کەموکورتیو ڕێگرییەکان باسبکرێن. لەو شوێنەی کەپێویست بووە، لەکاتی خۆیدا، حکومەت باسی ڕێگرییەکانی کردووە. حیزبیش کەگلەیی هەبووە لەحکومەت، بەو شێوەی پێویستە بیکات، گلەییەکانی خۆی کردووە. ڕاوێژی حکومەت لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا هەر بۆ ئەو شتانە بووە.

**دەستوور:** لەماوەی ئەم ساڵەدا حکومەت گەلێک کەیسی بەناڕۆشنی هێشتەوەو نەیتوانی قسەی خۆیان لەسەر بکات، وەک مەسەلەی بودجە، قەزیەی سەردەشت عوسماندا، ڕۆیشتنی نەوت، سووتانی ئۆتێل سۆما، کەیسی قاسم ئاغا، دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو بەمدواییانەش ڕووخاندنی بینای قوتابخانە بۆ پرۆژەی بازرگانی؟ بۆچی حکومەت هەڵوێستو وتاری جدی لەبارەی ئەم ڕووداوە گرنگانەوە نەبووە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئەو کێشانە هیچی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، کەیسی جیاجیان.

**دەستوور:** هەموویان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەدانیشتووانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

**لەتیف شێخ عومەر:** هەر یەکێک لەو کەیسانە لەکاتی خۆیدا لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر کراوە. بۆ نموونە، سووتانی ئۆتێل سۆما، چەندان لیژنەی لەسەر دروستکرا. بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانو دادگاش ڕاسپێرا بۆ لێکۆڵینەوەی یاسایی. لەدوای ئەو ڕووداوە چەندان مەرجی سەلامەتی دانران بۆ بیناو تەلارەکانو حکومەت تائێستاش چاودێریی دەکاتو زۆرینەی تەلارەکان مەرجەکانیان جێبەجێکردووە. هەموو ئەو کەیسانەی تریش لەکاتی خۆیدا حکومەت لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون، بەڵام هەندێکیان بۆ بڵاوکردنەوە بوونو هەندێکیان بۆ بڵاوکردنەوە نەبوون.

**دەستوور:** دەوترێت حکومەت ناوبەناو بابەتێک دەوروژێنێت بەناوی چاکسازیو گۆڕانکارییەوە، بەڵام دواتر هەروەها دەمێنێتەوە، وەک مەسەلەی بڕینی مینحەی ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکان هەرایەکی گەورەی دروستکرد، بەڵام دواتر بۆ جارێکی تر پێیاندرایەوە، پێتان وانییە ئەم کارانە بۆ دروستکردنی هەرای ڕاگەیاندن نییە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** ئەم کەیسانە کەیسی درێژخایەنن، پاشماوەی بارودۆخێکی دوورودرێژن. بڕیاردان لەسەری بەیەکجار چارەسەرناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری لەسەر دراو جێبەجێکرا. هیچ شتێک نەگەڕاوەتەوە دواوە. بەڵکو لەسەری ساڵداو لەگەڵ بودجەی ساڵی داهاتوودا ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیەی بڕیاری لەسەر دراوە، جێبەجێدەکرێت. هەندێک لەڕێکخراوەکان ئەرکەکانیان جێبەجێنەدەکردو شوێن بوون بۆ خۆژیاندن. بڕیاردرا ڕێکخراوەکان بەپێی پرۆژەو ئەو چالاکییانەی پێشکەشی حکومەتی دەکات، بودجەیان پێبدرێتو پارە وەربگرێن بۆ جێبەجێکردنیان. نەوەک ڕێکخراوەکان لەسەر حکومەت بژێنو ناویشیان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت. بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش هەروەها.

**دەستوور:** سەرەتا حکومەت دەڵێت بودجەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبڕین، دواتر دەیاندادتێ، ئایا حکومەت لەژێر فشاردا لەبڕیارەکانی پەشیماندەبێتەوە؟

**لەتیف شێخ عومەر:** لەژێر هیچ فشارێکدا حکومەت لەهیچ بڕیارێکی خۆی پەشیمان نابێتەوە. بۆ بودجەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، گەڕانەوە نییە بەرەو دواوە، بڕیاردراوە ببڕێت بۆئەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. کەپێداچوونەوەی بۆ کراوە، بڕیاردراوە، بەردەوامبێت بەشێوەیەک تا بڕیارەکە جێبەجێدەکرێت.

**دەستوور:** بەرەی ئۆپۆزیسیۆن ڕایانوایە کەحکومەتی هەرێم هەنگاوی جدی بەئاراستەی چاکسازی سیاسیدا نەناوە، بەڵام لەژێر فشاری ئەوان بۆ کەمکردنەوەی ڕەخنە هەندێک هەنگاوی ڕووکەشی گرتووەتەبەر؟

**لەتیف شێخ عومەر:** تەفسیرو موازایەداتی سیاسی نەبێت، هەنگاوەکانی حکومەت، هەنگاوی ماددیو عەمەلینو دروشم نییە. ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت گەورەترین دروشم بڵێتو بەرزبکاتەوە، بەبێئەوەی هیچی لەسەر بکەوێت. بۆ ئۆپۆزیسیۆن ئاسانە تەنیا دروشمی قەبە بەرزبکاتەوە، هیچی تێناچێت. حکومەت کاتێک پرۆژەیەک، بەرنامەیەک جێبەجێدەکات، جوهدێکی گەورەی دەوێت، لەڕووی ماددییەوە، لەڕووی بەشەرییەوە، هەندێکشیان شەڕی گەورەی دەوێت، چونکە لێدانی بەرژەوەندیی هەندێک کەسە، کە بەنایاسایی دەستیانکەوتووە. کاتێک حکومەت پرۆژەی چاکسازی هەیە، ڕەنگە بۆ ئۆپۆزیسیۆن تەنیا دروشم بێت، بەڵام بۆ حکومەت، بەگژداچوونەوەی گەندەڵییەکە کەڕەگی داکوتاوە لەکۆمەڵگەداو هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە. چاکسازی بەرۆکگرتنی خاوەن بەرژەوەندییەکانە لەگەندەڵیدا.



شتێکی ئاساییە مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانەو سەرکردایەتیی ئەو حیزبانە لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت بکۆڵنەوە

دەستوەردانی حیزب بەو شێوەی جاران نەماوە. بەڵام بەجۆرێک لەجۆرەکانو لەئاستی خوارەوە دەستوەردانی حیزب هەیە

لەژێر هیچ فشارێکدا حکومەت لەهیچ بڕیارێکی خۆی پەشیمان نابێتەوە

# "لە٥٪ی نێرینە نەخۆشیی فتقیان هەیە"

## د. مژدە ئیسماعیل رەشان پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی بۆ دەستوور

**سازدانی: بێستون فەتاح لەسلێمانی**

**د. مژدە رەشان پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت پیاوان بەرێژەیەکی زیاتر لەئافرەتان تووشی فتق دەبن، د.مژدە دەڵێت فتق سێ جۆری هەیە کەدوو جۆریان بەچاو نابینرێنو بەپشکنین دەردەکەون.**

**دەستوور:** نەخۆشی فتق چییە؟

**د. مژدە:** فتق وشەیەکی عەرەبییە بەزمانی کوردی بەم نەخۆشییە دەوترێت گەدەپۆز، بەزمانی ئینگلیزی (هێرنیا)ی پێدەوترێت، بەکورتی گەدەپۆز بریتییە لەدەرچوونی بەشێک لەئەندامی لەش لەناو ئەو چوارچێوەیەی کەتێیدایە، بەهۆی هێزێکی دەرەکییەوە بێت، یان بەهۆی زگماکییەوە بێت.

زۆربەی جار ئەو بەشەی هاتووەتە دەرەوە پێیدەوترێت کیس یان تورەکەی گەدەپۆزەکە کەدەشێت بەتاڵبێت، یان چەوری تێدابێت، لەنێرینەدا هەندێک جار گونی تێدایە، لەمێینەدا جۆری گەدەپۆز هەیە هێلکەدانی تێدایە، هەندێک جار ریخۆڵەی تێدەچێت کەلەوانەیە هەندێک جار ببێتە هۆی گیرانی ریخۆڵە.

گەدەپۆز لەدنیادا نەخۆشییەکە تووشی مرۆڤ دەبێت، دەتوانین بڵێین لە٥٪ی مرۆڤ بەتایبەت لەنێرینەدا ئەم نەخۆشییەی هەیە، لەم رێژەیەش لە٢٠٪یان تووشی ماکەکانی گەدەپۆز دەبن، کەپێویستیان بەنەشتەرگەری هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی فتق لەمنداڵدا زۆرە بەتایبەتی فتقی ناوک لەمنداڵی رەشدا، فتقی ناوگەڵ لەپیاواندا زیاترە وەک لەنێو ئافرەتاندا، فتقی دیواری سک پاش ئەوەی ئەو کەسانەی نەشتەرگەریان بۆ دەکرێت کەپێی دەوترێت فتقی نەشتەرگەری، فتقی ناوگەڵ لە٧٥٪ی جۆرەکانی فتق دەگرێتەوە، ئەم رێژەیەش زۆرە لەچاو جۆرەکانی تری فتق، فتقی ناوچەی ناوک بەرێژەی لە١٥٪ دێت، فتقی بن رانو بەشی سەرەوە لە٨٪ە، رێژەی لە٢٪ی دەگەڕێتەوە بۆ جۆرەکانی تری فتق کەمرۆڤ تووشی دەبێت.

**دەستوور:** ئایا دەرکەوتنی فتق بەجەستەی کەسەکەوە دیارە؟

**د.مژدە:** گەدەپۆز سێ شێوەی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەو جۆرەیە کە لەدەرەوەی جەستەیە، واتە لەسەر پێست دەیبینین، هەندێک فتق هەیە نایبینین لەنێوان ماسولکەکاندایە، ئەمەش شێوەی دووەمە بۆ نمونە لەدیواری سکدایە، جۆری سێیەمیش ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک بەچاو نابینرێت، چونکە لەناو سکدایە.

**دەستوور:** نیشانەکانی فتق چییە؟

**د.مژدە:** نیشانەکانی فتق بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو کەسە خۆی بەشێوەیەکی گشتی هیچ هەستی پێناکات، کاتێک کەدکتۆر پشکنینی بۆ دەکات دەبینێت بەرزبوونەوەیەک هەیە لەناو ناوکیداو لەکاتی کۆکیندا زیاتر دەردەپەڕێت، یان کەپەنجە دەخەیتە سەری سەیردەکەیت دەچێتە ناوەوە دەزانین کەفتقی هەیە، ئەمە لەوانەیە نەخۆشەکە خۆی ئاگای لێنەبێت، یاخود نەخۆشەکە ئاگادارە، بۆ نمونە نەخۆشەکە دەڵێت کە بەپێوە دەوەستم یان لەکاتێکدا کەشتێکی قورس هەڵدەگرم، هەست بەئازارێک دەکەم، یان ئەو فتقەی کە لەناوگەڵدایە ئەو کەسە هەست بەقورسییەک دەکات لەناوگەڵیداو ئازاری بۆ دروستدەکات.

**دەستوور:** ئەو جۆرانەی فتق کە بەهۆکاری دەرەکییەوە دروستدەبێت؟

**د.مژدە:** هەرچی هۆیەک کەوا ببێتە هۆی دروستبوونی پاڵەپەستۆ لەناو سکدا بۆ نمونە کۆکەی زۆر، لەمنداڵدا کەتووشی کۆکەرەشە دەبێت یاخود ئەوانەی کەجگەرەکێشنو کۆکەیان هەیە، وادەکات ئەو کۆکە زۆرە بەپێی رۆژگار ببێتەهۆی ئەوەی دیواری سک تەنک بکات، تووشی فتقی بکات، یاخود ئافرەتی سکپڕ ئەوانەی کە لەتەمەندانو تووشی پرۆستات دەبنو تووشی میز گیران دەبن.

ئەو پاڵەپەستۆ زۆرەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەتووشی نەخۆشی فتقیان بکات، یاخود ئەوانەی کەقەبزییەکی درێژخایەنیان هەیە، یان ئەوانەی کەنەخۆشیی شێرپەنجەیان هەیە لەناو سکیانداو دەبێتەهۆی ئەوەی کەپاڵەپەستۆیەکی زۆر لەناو سکیاندا دروستبێتو لەگەڵ ئەوەشدا تووشی نەخۆشی فتقی بکات، یاخود ئەوانەی کەئاو لەناو سکیاندایە ئەوانیش بەهەمان شێوە دیواری سکیان تەنکدەبێتەوەو دەبێتەهۆی دروستبوونی فتق.




# نەخۆشیی ئالوودەبوون بەمەی (ئەلکهول)

**دکتۆر جەمال عومەر تۆفیق***

هەر لەکۆنەوە مرۆڤ هەمیشە بەدوای ئارامییو خۆشیدا گەڕاوەو بۆ ئەمەش پەنای بۆ ماددە هۆشبەرەکان بردووە، مەی واتە ئەلکهول بەکۆنترین ماددەی هۆشبەر دەژمێردرێتو لەکاتی ئاهەنگی گشتیو دینیو تایبەتدا بەکارهاتووەو بەکاردێت.

ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت بۆ ئارامیی دەروونی هەرکاتێک مرۆڤ تووشی تەنگژەی دەروونی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ ببێت، پەنا دەباتە بەر مەی خواردنەوە، بەداخیشەوە ئاکامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە.

مەی یەکێکە لەو ماددە هۆشبەرانەی کە لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە مرۆڤ لەگەڵیدا ئاشنابووەو نووسراوەکانی فیرعەونی، یۆنانی، سۆمەری، تەوراتو ئینجیل باسیان لەئەلکهول کردووە، بەڵام لەبەر زیانەکانی ئەلکهولو تێکچوونی هەڵسوکەوتی مرۆڤو پاش سیانزە ساڵ لەسەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، مەی خواردنەوە لەموسڵمانان حەرامکراوە.

ئەلکهول: لەکحولی مەسیلی پێکهاتووەو بەخۆراک دەژمێردرێتو وزە بەمرۆڤ دەدات.

ئەلکهول: بەخێرایی لەگەدەو ریخۆڵەوە بۆ ناو خوێن هەڵدەمژرێتو لەرێگای سییو گورچیلەوە دەهاوێژرێتە دەرەوەی لەش.

ئەلکهول: هەرچەندە بەمانای فیزیۆلۆجی خواردنەوەیەکە، بەڵام لەناو لەشدا دەبێتە ماددەیەکی ژەهراویو ئەلکهول بەهۆی رژێنێکەوە دەبێت بەئەسید ئەڵدیهاید.

ئێستا ئالوودەبوون بەئەلکهول بووەتە دیاردەو گیروگرفتێکی جیهانیو سەدان وڵات بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی تری رۆژئاواو ئاسیا وەکو: هندستان، ژاپۆنو کۆریا بەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێننو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە چەندان ملیۆن دۆلاریان تەرخانکردووەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهەرێمی کوردستانیشەوە لەم گیروگرفتو دیاردەیە بەدەر نییە، هەرچەندە ئامارێکی تەواو لەبەر دەستدا نییە، بەڵام رێژەی مەی خواردنەوە لەزیادبووندایە.

ئالوودەبوون بەمەی خواردنەوە، واتە هەرکاتێک جەستەی مرۆڤ ئالوودەبوو بەئەلکهول، ئەلکهول کەمببێتەوە یا نەمێنێت، ئەو مرۆڤە ناتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی بژیو دووچاری دیاردەیەک کەپێیدەوترێت دیاردەی خۆکشانەوە لەئەلکهول (Withdrawal symptoms) دەبێت، واتە ئالوودەبوون بەئەلکهول رووداوێکی فەلسەفیو دەروونییەو ئەوکاتەی کەئەلکهول بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بخورێتەوە ئەم دیاردەیە روودەدات.

**نیشانەکانی ئالوودەبوون بەمەی (ئەلکهول)**

بۆ ناسینەوەو دەستنیشانکردنی مرۆڤێک کەتووشی ئالوودەبوون بەمەی خواردنەوە بووبێت، ئەو مرۆڤە پێویستە بەدرێژایی ساڵێک سێ لەم شەش نیشانانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١. هەمیشە خولیای خواردنەوەی هەبێت.

٢. نەتوانێت مەی خواردنەوە بوەستێنێت یا نەتوانێت کەمی بکاتەوە.

٣. پاش چەند سەعاتێک لەئەنجامی کەمکردنەوە یا وەستاندنی خواردنەوەی مەی، تووشی دیاردەی کشانەوەی ئەلکهول ببێت.

٤. کاتێک نیشانەی تۆڵێرانس (Tolerance) دەستپێبکات، واتە بۆئەوەی مەی هەمان کاریگەری پێشووتری هەبێت، مەیخۆر بە بەردەوامی بڕی مەی زیادبکات.

٥. بەبێئەوەی بایەخ بەزیانەکانی ئەلکهول بدات، هەمیشە مەیخۆر بە بەردەوامی ئەلکهول بخواتەوە.

٦. هەمیشە مەیخۆر لەچالاکییدا دەبێت بۆئەوەی ماددەی ئەلکهولی دەستبکەوێت کاتێکی زۆر بەسەردەبات.

**پاسۆفسیۆلۆجی ئەلکهول (Pathophysology)**

ئەلکهول کاردەکاتە سەر گشت ئەندامو کۆئەندامی لەش.

کاتێک بەبڕێکی زۆر مرۆڤ مەی بخواتەوە، ئەلکهول کاردەکاتە سەر هەموو ئەندامو کۆئەندامەکانی لەشو دەبێتەهۆی لەهۆشخۆچوونو گیان لەدەستدان.

ئەلکهول کاردەکاتە سەرماددە گواستراوەکانی دەمارەکانی ناو مێشک لەنێوانیاندا: ئۆپییەیتەکان، گابا، گلوتامەیت، سیرۆتۆنینو دۆپامین.

بەرزبوونەوەو زیادبوونی رێگەی ئۆپییەیت (Opiates) پاش خواردنەوەی ئەلکهول مرۆڤ سەرخۆشدەبێت.

لەهەمانکاتدا کاردەکاتە سەر گابا دەبێتە هۆی ئارامبوونی تاک لەبەر ئەم حاڵەتە ئەو مرۆڤەی شڵەژاندنی دەروونیی هەبێت (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، مانیا، شیزۆفرینیا هتد....) پەنادەبەنەبەر مەی خواردنەوەو لەوانەیە تووشی ئیدمانی کهولی ببن.

کاتێک مرۆڤ بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامبێت لەسەر مەی خواردنەوە، دەبێتەهۆی مردنو لەناوچوونی خانەی مێشکو مێشکۆلە لەرزین.

لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەو مرۆڤانەی ئیدمانی ئەلکهولیان هەیە، دەرکەوتووە کەرێژەی ئۆپییەت زیاددەکات، لەبەر ئەو هۆیەیە کەمەیخۆر دیاردەی (Craving for Alcohol) خولیای مەی خواردنەوە دەبێت.

**ئەلکهول دەبێتەهۆی نەخۆشیو گیان لەدەستدان**

پاش قەڵەویو جگەرەکێشان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەلکهول بەسێیەم هۆی گیان لەدەستدان رێزبەند دەکرێتو ئەم سێ دیاردەیەش هەرسێکیان لەو دیاردانەن کەدەکرێت مرۆڤ بەریان لێبگرێتو نەبنەهۆی گیان لەدەستدان.

**ئەلکهول بەم رێژە سەدییانەی خوارەوە دەبێتەهۆی توشبوون بەم نەخۆشییانە:**

لە٣٢٪ی بەڕیشاڵبوونی جگەر (Liver cirrhosis).

لە٢٩٪ی شێرپەنجەی سورێنچک (Esophageal cancer).

لە٢٥٪ ی شێرپەنجەی جگەر (Liver cancer).

لە٢٤٪ی کوشتنی ئەندامانی خێزان: (Homicide).

لە٢٠٪ی رووداوی هاتووچۆ (Motor vehicle accidents).

لە١٩٪ی شێرپەنجەی ناودەمو قوورگ (Mouth and oropharyngeal cancers).

لە١١٪ی خۆکوشتن (Suicide).

لە١٠٪ی لێدان (جەڵتە)ی مێشک (Hemorrhagic stroke)

لە٪ی شێرپەنجەی مەمک (Breast cancer)

**تەمەنو رەگەز (Age and sex)**

بەرزترین رێژەی ئالوودەبوون بەمەی خواردنەوەوە لەتەمەنی ١٨ تا ٣٠ساڵیدایەو بەپێی درێژیی تەمەن رێژەکە کەمدەبێتەوەو لەرەگەزی مێینەدا نیو ئەوەندەی رێژەی نێرینە مەیخۆر هەیەو دوو بۆ سێ ئەوەندەش لەکیشوەری ئاسیادا کەمدەبێتەوەو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەدەگمەن مێینە ئالوودەی مەی دەبێت.

**زیانەکانی ئەلکهول**

بەردەوام خواردنەوەی ئەلکهول دەبێتەهۆی ئەم زیانانە:

١. زیانی جەستەیی: مرۆڤی ئالوودەبوو بەئەلکهول هەرچەند مەی زۆربخواتەوەو کار لەتەندروستیشی بکات زیانەکانی جەستەیی خۆی نابینێت، بۆیە لەسەر خواردنەوەی مەی بەردەوامدەبێت.

زیانە جەستەییەکان ئەمانەن: (برینی دوانزەگرێو گەدە، هەوکردنو شێرپەنجەی سورێنچک، هەوکردنی پەنکریاس، هەوکردنو بەڕیشاڵبوونی جگەر، کەمخوێنیو نەخۆشیی ماسوولکەی دڵ).

٢. زیانی دەمارییو دەروونیی: وەکو لەبیرچوونەوە، خۆکوشتن، خۆئازاردان، تێکچوونی باری هۆشەنگیو گۆڕانی کەسێتی نەخۆشی خەمۆکی، دڵەڕاوکێو پەرکەم.

٣. زیانی کۆمەڵایەتی: خواردنەوەی مەی بە بەردەوامی دەبێتەهۆی زیانی کۆمەڵایەتی وەکو دەستدرێژیکردنەسەر خێزان، گیروگرفتی سۆزو هەڵسوکەوت لەناو ماڵدا، کەمبوونەوەی توانای کاری رۆژانە، دواکەوتنو ئامادەنەبوون لەکاری رۆژانەدا، لەکاردەرکردنو دەرئەنجام بێکاربوون، لادانی کۆمەڵایەتیو سێکسیو توشبوونی بەجۆرەها تاوان.

**دیاردەی کشانەوەی ئەلکهول**

بەهۆی هەر هۆیەک بێت ئەگەر نەخۆش بۆ ماوەیەک ئەلکهولی نەخواردەوە، ئەلکهولی دەست نەکەوتبێت، یا تووشی کارەساتێکی کتوپڕبووبێت، تووشی دیاردەی کشانەوەی ئەلکهول دەبێت کەنیشانەکانی ئەمانەن: دڵتێکەڵهاتنو رشانەوە، سکچوون، دڵەڕاوکێو ماخۆلان، لەرزیین، پەرکەم، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای لەش (تا)، ورێنە هزرو ورێنەی بینینو بیستن .

**چارەسەر کردن Treatment**

ئارەزووی راستەقینەی مەیخۆر کەبڕیار بدات چارەسەربکرێتو بەدرێژایی ژیانی مەی نەخواتەوەو ئیتر دووبارەی نەکاتەوە زۆر گرنگە، بەڵام تەنها لە٣٠٪ واتە سێ یەکی ئەو نەخۆشانەی ئالوودەی مەی خواردنەوە دەبن، ئەم ئارەزووەیان هەیەو لەهەموو قۆناغەکانیشدا هەمیشە هیوای چاکبوونەوە هەیە.

**قۆناغەکانی چارەسەرکردنی ئالوودەبوون بەئەلکهول**

١. هەڵسەنگاندنو دەستنیشانکردن

٢. پاککردنەوە لەژەهری ئەلکهولو چارەسەرکردنی دیاردەی کشانەوە.

٣. قۆناغی راهێنانی بەئالوودەبوون.

٤. بەدواداچوونو چاودێریکردن.

کاریگەریی چارەسەرکردنی ئەلکهول

**چارەسەرکردنی ئالوودەبوو بەئەلکهول**

زۆر پارەی کەمتردەوێت وەک لەبەردەوامی بەئالوودەبوونو بۆ ئەم مەبەستانە چارەسەرکردنی نەخۆشی ئالوودەبوو بەئەلکهول پێویستە:

١. گەڕانەوەی مەیخۆر بۆ ناو کۆمەڵو بتوانێت وەکو مرۆڤێکی بەرهەمهێنەر کاربکات.

٢. چارەسەرکردنی مرۆڤی مەیخۆر لە٤٠-٦٠٪ی رێژەی تاوان کەمدەکاتەوە.

رێگەگرتنو بەرگرتن لەئەلکهول (Prevention of alcohol) بەم شێوەیەی لای خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

یەکەم: دەستنیشانکردنی ژمارەی ئالوودەبوو بەئەلکهول لەهەرێمی کوردستاندا بەکۆکردنەوەی زانیارییو ناردنی تیمی گەڕۆکی خاوەن ئەزموون بەتایبەتی لەناو گەنجانو گروپە بێکارو هەژارەکاندا.

دووەم: مەشقپێکردنی پزیشکو کارمەندو توێژەری کۆمەڵایەتی بۆئەوەی زانیارییان لەم جۆرە گرفتەدا هەبێتو بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

سێیەم: بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری جەماوەر دەبێت هاووڵاتیان لەرێگەی راگەیاندنی راستەوخۆ، رۆژنامە، گۆڤارو میدیاکانی بیستنو بینین ئاگاداربکرێنەوە.

چوارەم: پەرلەمانی کوردستان پێویستە چەند بڕیارێک بۆ کەمکردنەوەی مەی خواردنەوە لەناو دانیشتواندا دەربکاتو دەبێت دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامو جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە رۆڵێکی سەرەکییان هەبێت. بڕیارەکان ئەمانەن:

١. گرانکردنی نرخی ئەلکهول لەرێگەی زیادکردنی باجەوە.

٢. کورتکردنەوەی ماوەی فرۆشتنی مەی لەبازاڕەکاندا.

٣. کەمکردنەوەی بڕی مەی لەناو بازاڕەکاندا.

٤. تەنیا ئەو فرۆشگایانە مافی فرۆشتنی مەییان هەبێت کە بەیاسا مۆڵەتیان پێدەدرێت.

٥. نابێت بەهیچ شێوەیەک مەی بەمێردمنداڵ بفرۆشرێت.

٦. هەرکاتێک پێویست بێت تێستی ئەلکهول بۆ شۆفێر بکرێت.

٧. دانانی پرۆگرامی رۆشنبیریی تەندروستیی بۆ قوتابخانەو زانکۆکان.

*** پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دەروونی**



# کۆمپانیای قەیوان داوایکردووە قوتابخانەی شێنێش بڕووخێنێت

## د.سەروەر عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان بۆ دەستوور

کامەران محەمەد

د. سەروەر عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت پێویستە کەسانی بەرپرسو کەمتەرخەم لەڕووخاندنی بینای قوتابخانەی فریشتە لەسلێمانی سزابدرێن. داواشدەکات لەهەمان گەڕەک بینایەک بۆ ئەو قوتابخانەیە دروستبکرێت.

**دەستوور:** تێکدانی قوتابخانەیەک لەسەنتەری شارو پێدانی زەوییەکەی بەکەرتی تایبەت تاچەند یاساییە؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** بەڕای من لەحاڵەتێک ئەگەر پرۆژەیەکی گەورە هەبوو کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بوو، دەکرێت ئەو زەوییەی کەقوتابخانەی لەسەر دروستکراوە بەو کەرتە تایبەتییە بدرێت، بەڵام بەمەرجێک قوتابخانەیەک بەهەمان شێوە بگرە باشتریش لەنزیکی ئەو شوێنە دروستبکرێت. بەڵام ئەگەر شوێن نەبێت، نابێت تێکبدرێت.

**دەستوور:** دەڵێن حکومەت لەتێکدانی ئەو قوتابخانەیەدا،پارچە زەویەکی دیکەی تەرخانکردووە بۆئەوەی گروپی کۆمپانیای قەیوان قوتابخانەیەکی لەسەر دروستبکات، بەڵام ئەم چووە قوتابخانەیەکی کۆنی نوژەنکردووەتەوە، ئەمە راستە؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** نەخێر پارچە زەوی بۆ تەرخاننەکراوە، ئەمەش کێشەکەیە. ئێمە بەدواداچوونمان کردووەو بۆماندەرکەوتووە، کەرێککەوتنەکە لەنێوان کۆمپانیای مۆر کەگروپی کۆمپانیاکانی قەیوانە، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا کراوە. لەرێککەوتنەکەدا واهاتووە کە لەبەرانبەر تێکدانی قوتابخانەی فریشتە، کەقوتابخانەیەکی ١٨ پۆلە، دەبێت قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە دروستبکرێتەوە. ئەمە رێککەوتنەکەیە، بەڵام دەبوایە وەزارەتی پەروەردە پارچە زەویەک تەرخانبکات لەنزیکی ئەم شوێنە بۆ دروستکردنی قوتابخانە، بەڵام ئەمەی نەکردووە، بەڵکو داوای لەکۆمپانیاکە کردووە، قوتابخانەیەکی دیکە کەمەوجودەو ناوی (نالی)ە، بڕوخێنێتو نۆژەنیبکاتەوە.

لێرەدا کۆمپانیاکە ئەمەی جێبەجێکردووە. بەڵام لەم نێوانەدا قوتابخانەیەک بووە قوربانی، کەنزیکەی ١٠٠٠ خوێندکاری تێدا بوو، هەموو خوێندکارەکانی دابەشکراوە بەسەر قوتابخانەکانی دیکەدا. دەبوایە وەزارەتی پەروەردە خۆی بودجەی بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی نالی دابینبکردایەو دروستکردنی قوتابخانەیەکی تازەی لەسەر کۆمپانیاکە بکردایەتە مەرج. یاخود داوای لەکۆمپانیاکە بکردایە کەزەوی بۆ بکڕێتو دروستیبکات.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە کۆمپانیاکە داوای قوتابخانەیەکی دیکەشی کردووە، کە بەناوی شێنێیەو لەتەنیشتیەتی، وەزارەتی پەروەردەش دووبارە رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە بەمەرجی دروستکردنی قوتابخانەیەکی دیکە. کۆمپانیاش دێت قوتابخانەکە لەقەیوان ستی دروستدەکات کە لەدەرەوەی شارە.

**دەستوور:** کەواتە دوو قوتابخانە لەسەنتەری شار نامێنێ؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** لەلایەک دوو قوتابخانە نامێنێ، لەلایەکی دیکەش قوتابخانەکەی تر لەقەیوان ستی دروستدەکرێت، کەپرۆژەیەکی نیشتەجێبوونەوەو هیی خودی کۆمپانیاکەیە. من دەپرسم ئەمە بۆ وابێت؟ ئەسڵەن پێویستە حکومەت وەکو مەرجێک دابینێت لەسەر ئەو کۆمپانیانەی کەیەکەی نیشتەجێبوون دروستدەکەن، دەبێ لەو شوێنانەدا قوتابخانەش وەکو بەشێک لەپرۆژەکە دروستبکرێت. باشە بۆچی ئەم کۆمپانیانە یەکسەر لایەنە تیجارییەکە لەبەرچاو دەگرن، بەڵام قوتابخانە دروستناکەن.

**دەستوور:** ئێوە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەتان بینیوە؟ وەڵامی ئەوان چیبووە؟.

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، سەرنجتان بۆ شتێک رادەکێشم، ساڵێک بەر لەئێستا وەکو پەرلەمان سەردانێکی مەیدانیمان بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییە پەروەردەییەکان کرد، لەمیانەی ئەو سەردانەدا چاومان بەبەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەری سەنتەری شاری سلێمانی کەوت، ئەوان بەئێمەیان وتووە، کەگەورەترین کێشەیان نەبوونی قوتابخانەیە. باشە ئەگەر کێشەی نەبوونی قوتابخانەیان هەیە، تێکدانی دوو قوتابخانە لەپای چی؟ ئەگەر فشارەو لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کراوەو بەسەریدا سەپێنراوە، ئەگەر بەڕێوەبەری پەروەردە بەڕاستی بەڕێوەبەری پەروەردە بووایە، دەبوایە دەست لەکاربکێشێتەوە، باشتربوو لەوەی قەبوڵی بکات.



**دەستوور:** ئەو وتویەتی فشارم لەسەرە؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** نەخێر، بەڵام نووسراو هەیە کەڕەزامەندی دەربڕیوە.

**دەستوور:** ناڵێن سوودی پەروەردە چی بووە؟

سەروەر عەبدولڕەحمان: هەر ئەوە دەڵێن ،کە لەسەرەوە پێیانوتراوە. ئێمە تا ئێستا بەڕێوەبەری پێشووی پەروەردەمان نەدیوە، چونکە ئەو کارەکەی کردووە، ئەوەی ئێستاش بێئاگایی خۆی لەو مەسەلەیە پیشاندەدات.

**دەستوور:** ئێوە چی دەکەن بۆئەوەی قوتابخانەی دووەم تێکنەدرێت؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** ئێمە لیژنەیەکی پەرلەمان بووین، داوای دانیشتنمان لەگەڵ لایەنە مەعنییەکان کردو لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتیش قسەمانکردووە، نووسراوێکمان نووسیوەو باسی ئەوەمان کردووە، کە بەهیچ شێوەیەک رێگە نادەین قوتابخانەکی تر تێکبدرێت، تەنیا لەحاڵەتێک ئەگەر قوتابخانەیەکی تر لەنزیکی ئەو شوێنە بەمواسەفاتی باشتر دروستبکرێت. تا دروستیش نەکرێت، نابێت دەستکاری ئەوەی ئێستا بکرێت.

**دەستوور:** ئەگەر حکومەت نەیتوانی زەوی لەو نزیکانە دابینبکات؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** ئاخر ناکرێت حکومەت پلانی نەبێت. ئەی بۆچی کۆمپانیاکە دەتوانێت چەندان خانوو لەو ناوچەیە بکڕێت بۆ پرۆژەکەی خۆی، کەچی حکومەت ناتوانێت خانوو بکڕێت. چۆن دەکرێت بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە دوو قوتابخانە تێکبدرێتو نزیکەی ٢٠٠٠ خوێندکار سەرگەردان بکرێت. باوکی قوتابیم بینیوە، وتویەتی دوو منداڵم هەیە، بەنیازم هەردوکیان دەربێنم، چونکە ناتوانم مانگی ٤٠٠٠٠٠ دینار بدەمە تەکسی. خەڵک هەیە پێیناخۆشە ئەو قوتابخانەیە تێکدراوە، چونکە وەکو شوێنێکی کەلەپوری سەیری دەکەنو زۆر لەمێژە دروستکراوە.

**دەستوور:** بەپێی دوو دۆکیۆمێنت کەدەست دەستوور کەوتووە، سەرۆکایەتی حکومەت لە ٢٠٠٨ بڕیارێکی داوە، کەدەڵێت نابێت بەهیچ شێوەیەک زەوی قوتابخانەو پەیمانگا بۆ شتی تر بەکاربهێنرێت، کەچی دوای ساڵێک و لە ٢٠٠٩، ئەم قوتابخانەیەی داوە بەکۆپانیایەکی تر، ئێوە چی دەڵێن؟.

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** لەڕووی یاساییەوە نائاساییەو نابێت دوو بڕیاری دژ بەیەک دەربچێت. ئێ خۆ ناشبێت، بڵێین ئاگای لەبڕیاری یەکەم نەبووە. دەبێ ئەوە بزانین کەئەمە لەکابینەی پێشوودا کراوە، نەک ئێستا ئەمە چۆن کراوە دەبێت ئیجرائات بکرێتو لایەنی کەمتەرخەمو بەرپرس دەبێت سزابدرێن. بەراستی ناکرێت لەیەککاتدا خەڵکێک هەبێت حاکم بێتو بازرگانیش بێت.

دەستوور: پێتوایە تێکدانی قوتابخانەکان پەیوەندی بەو نزیکیەی حکومەتو بازرگانان هەیە؟

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** من دەڵێم ئەو مەسەلەیە شتێکی لەو شێوەی تێدایە.

دەستوور: کەواتە بازرگانی هەیمەنەی بەسەر حکومەتەوە هەیە.

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان:** ناڵێم هەیمەنەی بەسەر حکومەتەوە هەیە. بەڵام دەڵێم جۆرێک لەدەستوەردانو تێکڕژان هەیە. دەبێت کار بۆ نەهێشتنی ئەو دەستوەردانە بکەینو رێگە نەدەین بازرگان زاڵبێت بەسەر حکومەتدا. دەشێت حکومەت ئاسانکاری بکاتو پرۆژەی باش ئەنجامبدرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی.

> دەبێت رێگە نەدەین بازرگان زاڵبێت بەسەر حکومەتدا

### هەفتەیەکی دیکە کتێبی زانستی دەگاتە دەستی خوێندکاران

دەستوور

مانگو نیوێک بەسەر کردنەوەی ساڵی نوێی خوێندندا تێدەپەڕێت، بەڵام تائێستا مەنهەجی پۆلە زانستییەکان نەگەیشتووەتە دەستی خوێندکاران، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە رایدەگەیەنێت هەفتەیەکی تر مەنهەجی ساڵی نوێی خوێندن دەگاتە کوردستان.

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت «گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەیروتی کردووەو ئەو کتێبانە لەبەیروت بەشاحینە دێن، کەئەوەش کاتی پێویستەو رەنگە هەفتەیەکی تر ئەو کێشەیە چارەسەربێت».

هەروەها وتی «بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی پەرلەمان ئەو کێشەیە دروستبووە، چونکە ئەو کتێبانە پارەیان دەوێت، ئێمە بەرنامەمان وابوو مانگی سێ دەست بەچاپکردنی کتێبەکان بکەین، بەڵام مانگی حەوت چاپکراون، ئێستا نزیکەی لە٧٠٪ کتێبەکان گەیشتووەو بەشێکیان دواکەوتووەو بەم نزیکانە ئەوانیش دەگەن».

بەرزنجی پێیوایە دواکەوتنی ئەو کتێبانە زیانی بۆ خوێندکاران دەبێت، وتی «دواکەوتنی ئەو کتێبانە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندنو پرۆسەکە دوادەخات، بەڵام دەبێت مامۆستایان و خوێندکاران بەیەکەوە هەوڵبدەن قەرەبووی ئەو ماوەیە بکەنەوە کە بەفیرۆدەڕوات».

### توێژەرانی کۆمەڵایەتی گەرمیان نارازین

ئاراز محەمەد لەکەلار

توێژەرانی ناوچەی گەرمیان ناڕەزایی دەردەبڕن لەو هەڵسوکەوتانەی کە لەبەرانبەریان ئەنجامدەدرێنو باس لەوەدەکەن لەهەندێک قوتابخانەدا حسابی کارگوزاریشیان بۆ ناکرێت، هەروەها لەلایەن کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانەوە پشتگوێخراون.

کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی لقی کەلار، لەڕۆژی ٢٠١٠/١/١ دەستەبەکاربوون، ئەندامانی کۆمەڵەکە دەڵێن هەموو کارەکانی کۆمەڵە لەسەر شانی خۆمان ئەنجامدەدەین.

مامۆستا کارزان، ئەندامی کومەڵەکە لەشاری کەلار پێیوایە توێژەرەکان بۆشاییەکانی پەروەردەیان پڕکردووەتەوەو هەڵسوکەوتی جوان دەگێڕنەوە بۆ خوێندکاران. وتی «ئەرکی ئێمە ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەو پێشکەشی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی بکەین، بەڵام نەک هەر وەڵامی توێژینەوەکانمان نەدراوەتەوە، بەڵکو ناشزانین کێ سەرپەرشتیمان دەکات».

مامۆستا ئاسۆ خەلیل جێگری بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە، وتی «لەزۆر خوێندنگەدا رێز لەکاریان ناگیرێتو وەک کارگوزارو سکرتێرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، تائێستاش ئەرکو مافمان شتێکی رۆتینیە».

مامۆستا عەباس، بەڕێوەبەری لقی کەلاری کۆمەڵەکە دەڵێت، لەکۆنفرانسدا بەڵێنی راییکردنی کارەکانیان دراوە لەلایەن سکرتاریەتی کۆمەڵەکەوە، بەڵام ئێستا پشتگوێخراون.

وتی «جگە لەکۆمپانیا ئەهلییەکان، هیچ لایەنێکی حکومیو حیزبی وەڵامی داواکاریەکانیان نەداوینەتەوە، هەموو ئەرکەکان لەسەرشانی ئەندامانی لقەکەیە».




### لە٤٠٪ی دانیشتووانی چەمچەماڵ نەخوێندەوارن

هێمن لەتیف لەچەمچەماڵ

بەپێی ئەنجامی راپرسیەک کە لەشارۆچکەی چەمچەماڵو گوندەکانی دەوروبەری ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت کە تائێستا رێژەیەکی بەرچاو لەدانیشتووانی ئەو ناوچەیە نەخوێندەوارن.

بەپێی راپرسیەکی سەنتەری توێژینەوەی رێکخراوی سی دی ئۆوە کەتایبەت بەڕەوشی نەخوێندەواری لەشارۆچکەی چەمچەماڵو گوندەکانی دەوروبەری ئەنجامیداوە، کە١٢٥٨ کەس لەهەموو ئاستە جیاوازەکان بەشداریان تیاداکردووە، دەردەکەوێت رێژەی لە٤٠٪ی دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە نەخوێندەوارن. ئەوانەی کە بەشداری راپرسیەکەیان کردووە، لە١٤٪یان تەمەنیان لەنێوان ١٣-١٨ ساڵیدایە، لە٢٢٪یان تەمەنیان لەنێوان ١٩-٢٥ ساڵیدایە، لە٢٦٪یان تەمەنیان لەنێوان ٢٦-٣٥ ساڵیدایە، لە٢٢٪یان تەمەنیان لەنێوان ٣٦-٤٥ ساڵیدایە، هەروەها لە١٦٪ راپرسیەکە تەمەنیان لەنێوان ٤٦-٥٥ ساڵیدایە.

رێژەی لە٦٠٪ی بەشداربووانی راپرسیەکە لەرەگەزی مێن، رێژەی لە٤٠٪ رەگەزی نێرینەن، بەپێی ئەنجامی راپرسیەکە لە١٧٪ی دانیشتووانی چەمچەماڵ خوێندکارن، لە٧٪ی خوێندنی نائاسایی واتە (محو الامیە)یان خوێندووە. لە٣٠٪ ئاستی سەرەتایی. لە ٢٧٪ ئاستی ناوەندی، لە٢١٪ ئاستی دواناوەندی. لە ٩٪ ئاستی پەیمانگا. لە٦٪ ئاستی زانکۆو سەرووتریان خوێندووە، رێژەی خوێندەوارانی راپرسیەکە پێکدەهێنن. بەپێی ئەنجامی گشتیی راپریسەکە لە٦٠٪ی دانیشتووانی چەمچەماڵ خوێندەوارنو لە٤٠٪ی دانیشتووانەکەی نەخوێندەوارن.



### ١٣ خوێندنگەی بیانی لەهەرێمی کوردستاندا هەن

دەستوور

سەرچاوەیەک لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم ئاشکرایکرد تائێستا ١٣ خوێندنگەی بیانی لەهەرێمی کوردستاندا کراونەتەوەو بەپرۆگرامی بیانی خوێندن تێیاندا بەردەوامە.

دانا محەمەد بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لەوەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت لەهەرێمی کوردستاندا ١٣ خوێندنگەی بیانی هەنو بەپێی پرۆگرامی خوێندنی بیانی کاردەکەن.

هەروەها وتی خوێندنگەکان بریتین لە٢ خوێندنگەی فەرەنسی لەهەولێرو سلێمانیو خوێندنگەیەکی ئەڵمانی لەهەولێرو خوێندنگەی سویدی لەسلێمانیو ٣ میدیای ئەمریکی لەسلێمانیو هەولێرو دهۆکو شوەیفات لەسلێمانیو هەولێر. هەروەها خوێندنگەی بلکەندی تورکی لەهەولێرو فەزالەری تورکی لەسلێمانیو هەولێرو دهۆک.

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت «ئەو خوێندنگە بیانیانە لەژێر چاودێری وەزارەتدانو بەپێی رێنماییەکانی ئێمە کاردەکەنو خۆشیان تایبەتمەندییان هەیە، رێنماییەکان ئەوەیە کەدەبێت بارودۆخی کوردستان لەبەرچاو بگرنو رێگە بەجیاوازی رەگەزیو ئاینی نەدەن».

وتیشی «خوێندنگە بیانییەکان بەشتێکی باش دەزانین کەمندالانی کوردستان دەتوانن فێری زمانە بیانییەکانو کۆمپیوتەر بن، هاوکاری ئێمە بۆ ئەو خوێندنگەیانە دابینکردنی مامۆستاو ئەگەر بکرێت بیناشیان بۆ دابیندەکەین، وەزارەتی پەروەردە رێگە لەکردنەوەی خوێندنگەی بیانی ناگرێت».



### خوێندکارە ئاوارەکانی رۆژهەڵات دانامەزرێن

ئاراز محەمەد لەگەرمیان

ئەو کوردە ئێرانیانەی کە لەناوچەکانی خوارووی عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە گەڕاونەتەوە کوردستان نزیکەی ٧٠ ماڵن لەکەمپی شێرەوەن لەقەزای کەلار نیشتەجێن، خوێندکارەکانیان بێبەشن لەدامەزراندنو تائێستا کەسیان دانەمەزراوە.

ژیلە رۆستەم خوێندکاری قوناغی سێیەمی زمانی ئینگلیزیە لەکۆلیژی پەروەردەی کەلار وتی «ئەگەر خوێندکارانی تر تەنیا کێشەی دامەزراندنیان هەبێت، ئەوا ئێمە کێشەی ئاوارەبوونیشمان هەیە، هەربۆیە ئەم دۆخە زیاتر رەشبینمان دەکاتو وامان لێدەکات واز لەخوێندن بهێنین».

حسێن مرادی، بەرپرسی کاروباری خوێندکارە ئاوارەکان لەناوچەی گەرمیان، بەدەستووری وت «زیاتر لەبیست خوێندکاری دەرچوومان هەیە لەزانکوو پەیمانگاکان، بەڵام کەسیان دانەمەزراوە».

مرادی وتی «هەندێک لەخوێندکارانمان لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەکانی کەلارو خانەقین بەبیانووی نەبوونی رەگەزنامەی باری شارستانی دامەزراندنیان وەستێنراوە، لەکاتێکدا ئێمە وەک پەنابەر مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت لەم وڵاتەدا، بەبێئەوەی هیچ لەمافەکانی پەنابەریەتیمان پێ رەوا ببینریت».

مەجید ئیلیاسی ئەنجومەنی ئاوارەکانی گەرمیان بەدەستووری وت «ژمارەیەک خوێندکارمان وازیان لەخوێندن هێناوە، چونکە دانامەزرێن، هەوڵدەدەن بەکرێکاری پارەی سەفەرێک دابین بکەنو ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن».



# ویکیلیکس ئابڕووی ئەمریکای بردو هەڕەشە لەتورکیاش دەکات

## دامەزرێنەری سایتی ویکیلیکس: ئێمە دەمانەوێ کەمێک لەو حەقیقەتانەی کەهێرشیان دەکرێتەسەر، راستبکەینەوە




ئا: محەمەد خەفاف

دوای ئەوەی ماڵپەڕی ویکیلیکس ٤٠٠ هەزار بەڵگەنامەی نهێنی سەبارەت بەجەنگی عێراق بەسەرۆکایەتی ئەمریکا بڵاوکردەوە، بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە چەندان کاردانەوەی جیای لێکەوتەوەو ژمارەیەکی زۆریش لەراگەیاندنەکانی جیهان شیکردنەوەیان بۆکردو هەریەک لای خۆیەوە بەشێکی لێ بڵاوکردەوە.

ڕۆژنامەی گاردیان لەژمارەی ڕۆژی دووشەممەیدا بابەتەکەی کردووەتە مانشێتو نووسیویەتی "هێزەکانی ئەمریکا حوکمدراوەکانیان رادەستی تیمەکانی ئەشکەنجە کردووە".

ڕۆژنامەکە باس لەو بەڵگانە دەکات کەتایبەتن بەهەڕەشەکانی ئەفسەرێکی ئەمریکی لێکۆڵینەوە، لەحوکمدراوێکی عێراقی بەوەی ئەگەر بیداتە دەست "لیوای گورگەکان" ئەوا چییان بەسەر کەسەکانی پێش ئەم هێناوە لەئەشکەنجەو ئازار لەسەر ئەمیش دووبارەی دەکەنەوە.

گاردیان باسی لەوەش کردووە کەئەندامانی لیوای گورگەکان پاسەوانانی کۆماری سەردەمی رژێمی سەدام حسێن بوونو بەمەبەستی بەکارهێنانیان دژی ئەو گروپانەی یاخی دەبن لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دامەزرێنراونو هاوکاری کراون.

ڕۆژنامەکە وتەکانی نیک کلێگی یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاشی سەبارەت بەجدی بوونی ئەو تاوانو ئەشکەنجەو خراپ مامەڵەکردنانە لەعێراق بڵاوکردووەتەوە، تێیدا کلێگ داوای لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەکات.

ئەو ڕۆژنامەیە وتەکانی کلێگی بەهەڵوێستێکی جیاواز لەوەی وەزیری بەرگری هەمان وڵات وەسفکردووە، کەپێی وابوو بڵاوکردنەوەی بەڵگەکانی تایبەت بەجەنگی عێراق ژیانی سەربازە بەریتانییەکان دەخاتە مەترسییەوە.

هەمان ڕۆژ ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمز بابەتی ئاشکراکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کردووەتە سەروتارو پێیوایە تەکنەلۆژیا کارێکی وەهای کردووە کەحکومەتەکان نەتوانن، یان بۆیان زەحمەت بێت مەترسیو وەحشەتەکانی ئەو جەنگانەی بەرپای دەکەن، بشارنەوە، داواشدەکات ئەمە ببێتە پەندێک بۆ بەخۆداچوونەوەو وانەی لێوەربگیرێت.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "پێویستە حکومەتەکان وەک چۆن گرنگی بەستراتیژو پلانە تەکتیکییەکانو زانیارییەکانی سەبارەت بەسیستمەکانی چەک دەدات، ئاواش هەوڵ بۆ شاردنەوەی ئەو چالاکییانەی نێو جەنگەکە بدات کە لەلایەنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، بەڵام هەر هەوڵدانێک بۆ شاردنەوەی ئەو کارە نایاساییانەی لەلایەن سەربازانی خۆتەوە دەکرێت، کارێکی بێ سوودەو وادەکات هاووڵاتیان لەخەفەتێکی زیاترو زیاتردا بژین. پێویستە رووبەرەکانی جەنگ شەفافتربنو رای گشتیش سەبارەت بەو بابەتانەی تایبەتن بەجەنگو پێویستن، قایل بکرێن. نەمانی ئەو پشتیوانییەی بۆ جەنگی عێراق هەبوو، لەئەنجامی ئەوەوە بوو کە بەشێوەیەکی زۆر لەخۆباییانە چووینە ناو ئەو جەنگەوە. ئەگەر شەفافیەت زیادبکات، ئەوا بەشداریکردن لەجەنگدا قورستر دەبێت".

لەکاردانەوەشیاندا هەریەک لەئەمریکاو حکومەتی عێراقو نەیارانی بۆچوونێکیان هەیەو ویکیلیکسیش پێیوایە ئەمریکا تاوانی جەنگی ئەنجامداوە. ئیدارەی ئەمریکا دەڵێت "ئەو بەڵگەنامانە باس لەچەند رووداوێکی کەم دەکەنو کۆی چیرۆکەکەمان بۆ ناگێڕنەوە، بەشێوەیەکی زۆر روون هەموو ئەو دزەکردنی بەڵگەنامانە ئیدانە دەکەین کەدەبنەهۆی ئەوەی ژیانی ئەمریکییەکان بخەنە مەترسییەوە".

حکومەتی عێراقیش پێیوایە تائەو کاتەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو بەڵگەنامەکان نەکرێت، هەڵوێستی خۆیان دەرنابڕن، بەڵام نەیارانی حکومەت دەڵێن ئەوانەی تووشی ئەشکەنجەو ئازار بوونەتەوە سوننی بوون، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆئەوەی لەعێراقدا چ روودەدات ئەگەر بێتو دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە نوری مالیکی (شیعە) سەرۆک وەزیران. وەزارەتی مافیش لەعێراق پێیوایە بەڵگەنامەکان هیچ شتێکیان تێدا نییە شایەنی سەرسوڕمان بێت، چونکە ژمارەکانی ناو ئەو بەڵگەنامانە کەتایبەتن بەقوربانییەکان، نزیکن لەژمارەکانی وەزارەتی تەندروستی.

بەڵام ویکیلیکس پێیوایە بەڵگەنامەکان ئەوە دەردەخەن کەهێزەکانی ئەمریکا لانیکەم ٤٠ هەزار کەسی مەدەنییان کوشتووە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کەتاوانی جەنگەیان ئەنجامداوە. سەبارەت بەجەنگی ئەفغانستانیش لەئایندەیەکی نزیکدا ویکیلیکس ١٥ هەزار بەڵگەنامەی نهێنی دیکە بڵاودەکاتەوە.

مانگەرێد نۆواک لێپرسراوی راپۆرتەکانی تایبەت بەئەشکەنجەو ئازاردان لەنەتەوە یەکگرتووەکانیش رایگەیاند "من پێموابوو ئەم لێکۆڵینەوانە دەبوایە لەسەرەتاوە دەستیان پێبکرێت، چونکە ئۆباما بە بەڵێنی ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەسەڵاتی گرتەدەست، پێویستە لەسەری کەچارەسەرێکی ئەو بابەتانە بکات کە لەرابردوودا روویانداوە، لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە دەبێت ئەنجامبدرێتو ئیجبارییە".

ماڵپەڕی ویکیلیکس بەرلە دە هەفتە لەبڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەجەنگی عێراق، ئەو بەڵگەنامانەی داوەتە هەریەک لەنیویۆرک تایمزو گاردیانو دێر شپیگلو لێ مۆندو چانڵ فۆرو ئەلجەزیرە. بەڵام کەناڵی سی ئێن ئێن وەرگرتنی بەڵگەنامەکانی رەتکردەوە.

لەبەڵگەنامەکاندا هاتووە باقر سوڵاغ لەگەڵ ئەوەی وەزیری ناوخۆ بووە، بەڵام لەساڵانی ٢٠٠٥و ٢٠٠٦دا لەو بەندیخانانەی شیعەکان دروستیانکردبوو، دەستی هەبووە لەدەستگیرکردنو ئەشکەنجەدانی چەندان کەسی سوننیدا.

بەپێی یەکێک لەڤیدیۆکانی نێو بەڵگەنامەکان رێکخراوی ئەلقاعیدە لەساڵی ٢٠٠٥دا پلانی بۆ هەڵکوتانە سەر میوانخانەیەکو سەربڕینی سەرجەمی ژنانی بیانی نێو میوانخانەکە لەشاری بەغداد داناوە.

ماڵپەڕی سی ئێن ئین تورک رایدەگەیەنێت تورکیاش لەزیاتر لەسەد دانە لەو بەڵگەنامانەدا ناوی هەیە، بۆ نمونە لەیەکێک لەڤیدیۆکاندا کەسێکی تورک لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراوەو یەکێکە لەیاخیبووەکان، لەپاڵ ئەمەشدا ئەو جۆرە چەکانەی کە لەتورکیا دروستدەکرێن لەلایەن بەشێک لەیاخیبووەکانەوە بەکاردەهێنرێن.

لەڤیدیۆیەکی دیکەدا کە لەنزیک بەغداد وێنەگیراوە، چەند کەسێک دەیانەوێت پردێک بتەقێننەوە، یارمەتی دارایان لەتورکیا وەرگرتووەو ئەو وڵاتە پشتیوانییان دەکات. هەروەک لەبەڵگەنامەیەکی دیکەدا باس لەوە دەکرێت لەشاری کەرکوک هێرش لەڕێگەی چەکی کیمیاوییەوە ئەنجام درابێتو ئەم گازە کیمیاوییانەش کە بەکارهێنراون لەلایەن کەسێکی بەڕەگەز عێراقی لەتورکیاوە دابینو رەوانەی کەرکوک کراوە.

لەلێدوانێکیشیدا بۆ ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی جولیان ئاسانگی دامەزرێنەری ویکیلیکس، ئاماژەی بەوە کردووە بەڵگەنامەی زۆریان سەبارەت بەتورکیا لەبەردەستدایە، بەتایبەت هەندێک بەڵگەنامە کەپەیوەستن بەبوونە ئەندامی ئەو وڵاتە لەیەکێتی ئەوروپادا.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی رادیکاڵی تورکی هەواڵێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی "ئەمریکا لەجەنگی ویکیلیکسدا بەتەنیا مایەوە".

لەهەواڵەکەدا هاتووە دوای ئەوەی ئەمریکا سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی ئەو ژمارەیە لەبەڵگەنامە لەبارەی جەنگی عێراقەوە نەیتوانی توورەیی خۆی بەرانبەر بەو ماڵپەرە بشارێتەوە، مافناسانو رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤو یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا پشتیوانی خۆیان بۆ ویکیلیکس دەربڕی.

دامەزرێنەری ماڵپەرەکەش لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەشاری لەندەنەوە رایگەیاند "هێرشەکان بۆسەر حەقیقەت زۆر پێش دەستپێکردنی جەنگ دەستیان پێکردبوو، دوای تەواوبوونی جەنگیش هەر بەردەوامدەبن".


وتی "ئێمە دەمانەوێ کەمێک لەو حەقیقەتانەی کەهێرشیان دەکرێتەسەر، راستبکەینەوە".

رێکخراوی هیومان رایتس وۆچیش لای خۆیەوە رایگەیاند "پێویستە ئەو بەرپرسانەی دەستیان لەدەست درێژییەکاندا هەیە، دادگایی بکرێن". داواشیکرد لێکۆڵینەوە بکرێت لەوەی کەئایا ئەمریکا مافو یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە یان نا.

مایک مۆڵنی سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکاش ماڵپەڕی ویکیلیکسی بەوە تاوانبارکرد بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەخاتە مەترسییەوەو زانیاری گرنگ دەداتە دەست دوژمنانی ئەو وڵاتە. وەزیری بەرگری ئەمریکاش هاوڕایە لەگەڵ مایک مۆڵنو یاریدەدەری سەرۆک وەزیری بەریتانیاش بەزمانێکی نەرم داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی لەو بابەتە کرد، چونکە بەبڕوای ئەو هەموان بەپەرۆشییەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەمریکان.

## پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی



### شوێنکەوتووانی لەرۆژئاوا چالاکو لەعێراق لاوازن

#### ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی، چەندان قوتابخانەی گەورەی ئاینیی لەوڵاتە جیاجیاکاندا دروستکردووە

ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی ساڵی ١٩٤٥ لەشاری کەربەلای باشووری عێراق لەدایکبووە. باوکی ناوبراو ئایەتوڵڵا سەید محەمەد کازمی مودەڕسی لەپیاوە ئاینییە ناسراوەکانی کەربەلا بووەو دایکیشی لەبنەماڵەی ناسراوی شیرازی بوو کەرۆڵێکی بەرجەستەیان لەقوتابخانە ئاینییەکاندا گێڕاوەو بەشداریان لەجوڵانەوە سیاسییەکاندا کردووە.

ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی لەدایکەوە سەر بەبنەماڵەیەکە کەحەوت مەرجەعو ٥٠ زانای ئاینیی پێشکەش بەجیهانی شیعە کردووە، دوو کەس لەوانە میرزا سەید حەسەنی شیرازی رابەری بزووتنەوەی تەنباکۆی ئێرانو ئایەتوڵڵا میرزا محەمەد تەقی شیرازی رابەری شۆڕشی عەشرینی عێراق لەساڵی ١٩٢٠ لەهەموویان ناسراوترن.

ناوبراو خوێندنی زانستی هەر لەمنداڵییەوە لەقوتابخانە ئاینییەکانەوە دەستپێکردو لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا توانی بەرزترین بڕوانامەی ناوەندە ئاینییەکان، واتە ئیجتهاد وەربگرێتو پاشان وەک مامۆستایەک دەستدایەوە وتنەوەی وانە ئاینییەکان.

لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی لەگەڵ چەندان پیاوی ئاینیی شیعەی دیکەدا، دەستیکرد بەدژایەتیکردنی حکومەت لەرێگەی بڵاوکردنەوەی نووسراوەوە، هەروەها باسکردن لەبەرەنگاریو جیهاد لەدژی سەدام حسێن. هەربەو هۆیەوە کەوتە بەر هێرشی حکومەتی بەعسو چەندان جار دەستگیرکراو سەرەنجام ناچاربوو عێراق بەجێبهێڵێتو لەساڵی ١٩٧١دا بۆ کوەیت رایکرد.

لەکوەیت چالاکییە سیاسییەکانی درێژەپێداو هاوکات بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتە پەیوەندیگرتن لەگەڵ رابەرانی حکومەتی ئێرانو چوار مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ کوەیتی بەجێهێشتوو و لەئێراندا نیشتەجێبوو.

ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی، ئێرانی وەک ناوەندی نوێی جوڵە جیهادیو سیاسییەکان هەڵبژاردو لەئێرانەوە چەندان جار بەمەبەستی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیو چالاکی ئاینیی سەردانی وڵاتانی ناوچەکەی کرد. یەکێک لەو کەسانەی بڕوای تەواوی بەبڵاوکردنەوەو هەناردەکردنی ئیسلام بۆ هەموو جیهان هەیەو بەدەیان کتێبو نووسراوەشی لەوبارەوە نووسیوە.

ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی بەنووسراوەو راوێژ بەشداری لەزۆربەی بزووتنەوە سیاسییەکانی شیعەگەرای لەناوچەکەدا کردووەو چەندان قوتابخانەی گەورەی ئاینیی لەوڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا دروستکردووە.

لەدوای رووخانی حکومەتی بەعس لەئێرانەوە بۆ وڵاتەکەی گەڕایەوەو ئێستا لەشارەکانی کەربەلاو نەجەف بەهاوکاری چەند پیاوێکی ئاینیی دیکە خەریکی دەرکردنو بڵاوکردنەوەی چەندان چاپەمەنی وەک هەفتەنامەی الشهید، عاشوراو البصائره.

سەید محەمەد تەقی مودەڕسی پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق هەیەو هاوکات وەک گەورەترین پەرەپێدەری هەژموونی ئایدۆلۆژیای حکومەتی ئێران لەباشووری عێراق دەناسرێت، هەرچەند لەمیانەی رووداوە خوێناوییەکانی نێوان سوپای عێراقو ئەمریکا لەلایەکو رەوتی سەدر لەلایەکیتر هەوڵیدا بەبێ پشتیوانیکردن لەهیچ لایەنێکیان ئارامیو ئاشتی پێکبێنێت.

لەدوای حیزبی دەعوە یەکێک لەگروپە سیاسییە ئاینییەکانی ناسراوی شیعەکانی عێراق رێکخراوی "منظمة العمل الاسلامی"یەو لەسەرەتادا رابەری سیاسیو رۆحی ئەو رێکخراوەیە ئایەتوڵڵا سەید محەمەدی شیرازی بووە، بەڵام دواتر ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی بوو بەرابەری فیکری ئەو رێکخراوەیە. رێکخراوەکەی مودەڕسی لەعێراقدا نفوزێکی هاوشێوەی لایەنەکانی دیکە نییە، بەڵام لەدەرەوەی عێراقو بەتایبەت لقە خوێندکارییەکانی ئەو رێکخراوە لەئەوروپاو کەنەداو ئەمریکا زۆر چالاکنو چەندان ڕۆژنامەو هەفتەنامەش لەلایەن ئەوانەوە بڵاودەکرێتەوە. زۆربەی قورسایی نفوزی رێکخراوە سیاسییەکەی ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی لەشاری کەربەلایە. باس لەوەدەکرێت کەسەرەڕای پەیوەندیی باشی ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسیو حکومەتی ئێران، بەڵام لەچەندان خولدا گرژیو ئاڵۆزی زۆر کەوتووەتە نێوان ئەوانو ئەوەش بۆ شێوازی چالاکیو تاکتیکەکانی دوو لایەن دەگەڕێتەوە.

ئایەتوڵڵا سەید محەمەد تەقی مودەڕسی خاوەنی بەرهەمێکی زۆری نووسراوەو گرنگترینیان بریتییە لەالفکر الاسلامی اصوله ومناهجه، العرفان الاسلامی، مبادی الحکمه، التشریع الاسلامی، التمدن الاسلامی، النهج الاسلامی، تاملات فی مسیره الحرکه الاسلامیه، التحدی الاسلامی، افاق الحرکه الاسلامیو هەروەها زنجیرە کتێبێکی ٣٠ بەشی سەبارەت بەمێژووی ئیسلامو ئیمامە شیعەکان.

مودەڕسی جیا لەچالاکی سیاسی مەرجەعێکی باڵای شیعەکانەو ئێستا لەشاری کەربەلا نیشتەجێیە.

کابینەی شەشەم خراپترین کابینەی حکومەتە، ئەگەر بەکابینەکانی پێشوو بەراوردی نەکەین

16

# تورکیا، ئەمریکاو ئێران دژی کورد بەکاردەهێنێت

## کورد گرفتارە لەنێوان ئێرانو تورکیاداو هیچ شوێنێکی بۆ خۆشاردنەوە نییە

**جاناتان سپایەر**
و: هیوا سەلیمی

موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری پەکەکە پێیوایە ئێستا لەنێوان حکومەتی ئێرانو پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیادا ڕێککەوتنێکی قووڵی ستراتیژی بوونی هەیە. عەبدوڵڵا ئۆجالان کەسایەتی یەکەمی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا بەهۆی دژایەتیکردنو جەنگ لەدژی حکومەتی تورکیا لەساڵی ١٩٩٩ەوە تا ئێستا لەزینداندایە. ئەو جەنگو دژایەتییەی پەکەکەو حکومەتی تورکیا بۆ ساڵی ١٩٨٤ دەگەڕێتەوەو تا ئێستا نزیکەی ٤٠ هەزار کەس لەو دوو لایەنە بوونەتە قوربانی. لێرەدا لەناودڵی کوێستانەکانی قەندیل لەباکووری عێراق لەکاتێکدا دەمەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵ قەرەیلان پێکبێنم، هیچ ئاسەوارێک لەکۆتایی جەنگ نابیندرێت.

جۆرج دەبلیو بوش ساڵی ٢٠٠٧ ڕایگەیاند پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەو بەپێی وتەی ناوبراو پەکەکە دوژمنی تورکیاو عێراقو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. دەسەڵاتی پێشووی ئەمریکا هیوادارببوو بەئامادەکردنو بەکارهێنانی وزەو توانای دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا لەرووبەڕووبوونەوە لەبەرانبەر هێرشەکانی سەرسنووری پەکەکە، دۆستایەتیو هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیادا گەرەنتی بکات. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتی تورکیا لەئێران نزیکتربووەتەوە، هاوپەیمانێک کە بەهۆی بوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بەهێزتریش دەبێت، بەرژەوەندییەک کە لەهەڕەشەی ستراتیژیی شۆڕشگێڕە کوردەکانەوە بۆ سەر دوو وڵاتی موسڵمان سەرچاوەدەگرێت.

لەدوای ئەوە بوو کەپەکەکە کەوتە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی نوێ، هەرئەوەش بووەهۆی ئەوەی کەزەمینەی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی لەگەڵ ڕابەری پەکەکە پێکبێتو بەچەشنێک وێنەی دوژمنێکی سووری بۆ ئیسرائیل زیندووکردەوە. هەڵبەتە ئورشەلیم پێش هاتنەئارای ڕووداوە نوێیەکان تورکیای بەهاوپەیمانێکی ستراتیژی پێناسەدەکرد.

قەرەیلان پێیوتم ئەردۆگان ڕابەرێکی دووڕوو و درۆزنە، هاودەردی لەگەڵ منداڵانی فەلەستین دەکات، کەچی منداڵانی کورد بەبڕیاری ئەو زیندانی دەکرێنو دەکوژرێن.

قەرەیلان پێیوایە سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەدەغەڵبازیو پەیوەندی لەگەڵ یاریکەرانی ناوچەکەو جیهان بێوێنەیە، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ تارانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەنگاودەنێت. قەرەیلان دەڵێت "تورکیا لەگەڵ هەرکام لەئەمریکاو ئێران پەیوەندی هەیەو هەر دوو پەیوەندیش لەدژی کورد دەکاتە دەرفەت. فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی سوپای ئەمریکا بەسەر قەندیلدا دەسوڕێنەوەو زانیاریە کۆکراوەکان ڕادەستی حکومەتی تورکیا دەکەن. تورکیاش دواتر بەکەڵکوەرگرتن لەو زانیارییانە ناوچەکە بۆردومان دەکات. هاوکات تورکیا ئەو زانیاریانەش بەئێران دەداتو سوپای ئێرانیش سەرلەنوێ بۆردومانی بنکەکانی پەکەکە لەقەندیل دەکات".

قەرەیلان پەیوەندی بەئەمریکاو ئیسرائیلو یەکێتی ئەورووپاوە کردووەو داوای لێکردوون سیاسەتی خۆیان لەهەمبەر تورکیا بگۆڕن. ئەو پێیوایە حکومەتی تورکیا لەهەوڵی ئامادەکردنو ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاوی دیپلۆماسییە تا لەهێرشێکی بەربڵاو و مەزندا پەکەکە لەقەندیلدا تێکبشکێنێت. ئەوان لەهەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکانو دەیانەوێ هێرشێکی هاوشێوەی سریلانکا ڕێکبخەن.

پەکەکە لەنوێترین هەنگاوداو بۆ جارێکیتر ئاگربەستێکی یەک مانگەی نوێکردووەتەوە. پەکەکە بەئاشکرا لەهەوڵی ئەوەدایە کە لەسەر لێوارێکدا ڕێگا بکات کە لەلایەکەوە حکومەتی تورکیا لەپەلامارێکی بەربڵاو بۆسەر قەندیل پاشگەزبکاتەوەو لەلایەکیتریشەوە ڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆلای پرسی کورد لەباکووری کوردستان ڕابکێشێت.

لەمانگی پێنجەوە تا ئێستا نزیکەی ٦ هەزارو ٥٠٠ کەس لەدانیشتووانی بناری قەندیل لەترسی تۆپبارانو بۆردومانەکانی حکومەتی ئێرانو تورکیا بۆ کوێستانەکان ڕایانکردووە. ڕۆژنامەو چاپەمەنییە نێودەوڵەتییەکانو وڵاتانی ڕۆژئاوایی بێدەنگیان هەڵبژاردووەو هێزی ئاسمانی تورکیاو تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامیش بەشێوەی بەردەوام خەریکی تۆپبارانی ناوچە سڤیلەکانی بناری قەندیلن. کوردەکانی ئێرانو تورکیا خۆیان بەگیرۆدەی پرۆژەی هاوبەشی حکومەتی ئێرانو پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا دەزانن، ئەوەی کەقەرەیلان بە "جیهانبینیو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنو بەدەستەوەگرتنی جیهانی ئیسلام" پێناسەی دەکات.

لەخۆرهەڵاتی ناوییندا ئەو شوێنەی کەجوگرافیا سیاسییەکەی بەردەوام خەریکی گۆڕانە، پەکەکە تائێستا نەیتوانیوە لەدۆزینەوەی هاوپەیمانێک سەرکەوتن بەدەستبێنێت. لەئێستادا نە ئەورووپاو نە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەنین ناوی پەکەکە لەلیستی گروپە تیرۆریستییەکانی جیهان بسڕنەوە.

جیا لەو مەسەلەیە لەپێکدادانو رووبەڕووبوونەوەیەک کەبنەمای پێناسەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنێ، ئایدۆلۆژیای لەمۆدکەوتووی چەپگەرای پەکەکە ڕوانگەیەکی سەیرو نامۆ دەنوێنێت، لەو ناوچەیەی کەهێزەکانی پێشەنگی ڕۆژئاوا هێزەکانی خۆیان لەبەرانبەر تواناییو پتانسیلەکانی ژێر سێبەری پشتیوانی ئێران، واتە ئیسلامگەراکان ڕیزکردووە.

هێزەکانی باشووری کوردستان لەهەولێری پایتەخت، یەکێتیو یەکگرتوویی نێوان کوردەکان ژێرپێدەخەنو جارجارە ڕووبەڕووی پەکەکە لەکوێستانەکانی قەندیل دەبنەوەو بەگشتی زەمینەیەکی لەباری پەیوەندی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەکەکە بوونی نییە. هاوکات بانگەشەش بۆ ئەوەدەکرێت کەئیسرائیل پشتیوانی لەلقی ئێرانیی پەکەکە، واتە پارتی ژیانی ئازاد (پژاک) دەکات، ئەوان لەدژی سوپای پاسدارانی ئێران بەکاردێنێت. تەنانەت ئەگەر ئەو مەسەلەیەش ڕاستبێت، نابێ تێگەیشتنێکی واهەبێت کەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەرەوەی هێڵەکانی تورکیایە، هێڵێک کە وانیشانبدات ئیسرائیلو ئەمریکا پشتیوانی لەپەکەکە دەکەن.

هاوپەیمانیو یەکگرتوویی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێرانو پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا روو لەبەهێزبوونە. هەر لەهەفتەکانی ڕابردوو بوو کەرۆژنامەی دەیلی تەلەگراف لەراپۆرتێکدا بڵاویکردەوە حکومەتی ئێران دەیەوێ ٢٥ ملیۆن دۆلار بەمەبەستی پشتیوانی لەپارتەکەی ئەردۆگان بخاتە حسابی ئەو پارتەوە. بڕیارە پارتی دادو گەشەپێدان ئەو بڕە پارەیە لەهەڵبژاردنە هەستیارەکەی ساڵی داهاتووی تورکیا سەرفبکات.

ئاستی بازرگانیی نێوان ئێرانو تورکیا لە ١,٢ ملیار دۆلاری ساڵی ٢٠٠٢، واتە لەکاتی هاتنەسەرکاری پارتی دادو گەشەپێدان بە ١٠ ملیار دۆلار لەساڵی ٢٠١٠ گەیشت. ژمارەیەک کەتورکیا دەیەوێ تا پێنج ساڵی داهاتوو بەسێ ئەوەندەی بگەیەنێت.

تورکیا دژایەتی دوایین خولی ئابڵوقە ئابوورییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەبەرانبەر ئێراندا کرد. پێدەچێ تورکیا بەشێوەیەکی چالاکتر دژایەتی هەنگاوەکانی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپا بکاتو خاڵی هاوسەنگی لەو بڕیاردانە بگۆڕێت.

پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو تورکیا لەئێستادا چ ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی هاوئاهەنگ لەدژی کوێستانەکانی قەندیل بێتو چ بیەوێ ئامانجی دیکە بپێکێت، هیچ لەبارودۆخەکە ناگۆڕێت، رووخساری ئێستای ئەو ناوچەیە هەڕەشەی بەردەوامی تۆپخانەکانی ئێرانو بۆردومانەکانی تورکیایە کە لەو کوێستانە چۆڵە بەستەزمانەدا وێرانی لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت. لەوێش کورد لەپێگەی هێزی خۆیەوە لەبناری کێوەکان لەدوو حکومەتی بەهێز دەڕوانێت کەدەیانەوێ ئەوان دەستەمۆو گوێڕایەڵ بکەن.

**جاناتان سپایەر: لێکۆڵەری باڵای ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی جیهانی لەناوەندی نێودەوڵەتی ئیسرائیلە.**



گوماندەکرێت فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئەمریکا، زانیاری لەسەر پەکەکە بەتورکیا بدات

# لەناوچەی کرماشانو سەردەشتیشەوە ئیسلامییەکان لەدژی باشوور کەوتوونەتە جموجۆڵ

ئازاد ڕەحمانی

دوای ئەوەی کە لەهەفتەی ڕابردوودا هەواڵی دالدەدانی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان دژ بەهەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی بڵاوبووەوە، سەرچاوەکانی دەستوور لەڕۆژهەڵاتی کوردستان باس لەوە دەکەن حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو چەندان گروپی لەشارەکانی سەقز، سەرپێڵی زەهاو و سەردەشت بۆ جیهاد لەخاکی هەرێمی کوردستان ئامادەدەکات.

سەرچاوەیەک لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کەنەیویست ناوی ئاشکرابکرێ لەلێدوانێکی تایبەتدا بەدەستووری ڕاگەیاند، لەناوچەی دەشتی سەرپێڵ کەپتر لە٨٠ گوند لەخۆدەگرێ، هەندێک لەمەلاکان لەسەر داوای حکومەتی ئێران سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی فیکری ئیسلامی توندڕەو و ئامادەکردنی گەنجەکانن بۆ جیهاد.

هەروەها وتی "کۆماری ئیسلامی زۆر بەئاگاییو وشیارییەوە ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردووە، چونکە زۆربەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە لەکەمپی ڕوومادی بوونو لەخاکی عێراقدا ژیاونو شارەزای هەردوو پارچەی کوردستانن، لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەیان بەبێ پاسپۆرت دەتوانن بێنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە".

پێشتر ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەراپۆرتێکدا بڵاویکردەوە، ئێران ڕاهێنان بەکۆمەڵێک "تیرۆریست" دەکات بۆئەوەی "کاری تیرۆریست"ی لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامبدەنو ئاسایشی ئەو هەرێمە بخەنە مەترسییەوە.

لەهەمانکاتدا لەهەفتەی ڕابردوودا تەلەفزیۆنە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زنجیرەیەک بەرنامەی سیاسی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانو ژیانی مەلا مستەفا بارزانییان بڵاوکردەوەو مەلا مستەفایان بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل تۆمەتبارکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە ئاژانسی پاراستن لەبەیاننامەیەکدا هۆشداری بەهاووڵاتیان دابوو کەکۆماری ئیسلامی لەهەوڵی شێواندنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، "بۆیە دەبێت هاووڵاتیان وریا بن کەئەمەش لەدەرەوەی هەرێم ئەنجامدەدرێ".

سەرچاوەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران بەدەستووری ڕاگەیاند کە لەشاری سەردەشتیش ئیسلامییە توندڕەوەکان کەوتوونەتە جموجۆڵ.

هەروەها وتی "ماوەیەکە هەندێک لەفەقێو مەلاکان کەهەڵگری بیری ئیسلامیی سیاسی توندڕەون، شەوانە لەمزگەوتەکانی شاری سەردەشت کۆدەبنەوەو سەرقاڵی باسکردنی جیهادو فیکری سەلەفیەتن".

ئەوەش لەکاتێکدایە کەزیاتر لەحەوت کەسی عەرەب زمان لەو شارە بینراونو لەخانەی موعەلیمان کەناوەندێکی سەر بەحکومەتە دامەزراون، کەپێدەچێ لەدرێژەی بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامیی سیاسیو هاندانی گەنجان بێ بۆ جیهاد لەکوردستانو دەرەوەی.

هەر مانگی ڕابردوو کردەوەیەکی خۆکوژی لەقەڵادزێ لەلایەن خۆکوژێکەوە ئەنجامدرا کەبریندابوونی دوو کارمەندی ئاسایشی لێکەوتەوە.

گەرچی هێشتا بەتەواوی ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام گومان دەکرێ ئەو کەسە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە. هەر لەدوای ئەم تەقینەوەیەش دەستبەجێ چەند کەسێک دەستگیرکراون کەئەوانیش لەژێر لێپێچینەوەدانو هێشتا دەرنەکەوتووە سەر بە چ لایەنێک بوون.

هەندێک لەپسپۆڕانی بوارەکە باس لەوە دەکەن، کۆماری ئیسلامی بەدالدەدانو پشتیوانی لەگروپە توندڕەوەکان زۆرێک لەئامانجەکانی لەوڵاتانی دەوروبەری دەپێکێت.

لەدرێژەی ئەم هەوڵانەداو تەیارکردنی "تیرۆریستان" لەروی ماددیو مەعنەوییەوە لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ تێکدانی ئاسایشو ئارامیی هەرێمی کوردستان، لەشاری سەقزیش گروپی ئەلقاعیدە سیدیەکی هەڕەشەئامێزیان بڵاوکردەوە.

لەهەفتەکانی ڕابردوودا فیلمی چەند کەسێکی چەکدار بەجلی کوردیو بەسەروچاوی داپۆشراوەوە، لەسەر سیدییەک بڵاوبووەوە، بەزمانی کوردی داوای جیهاد لەخەڵکی کوردستان دەکەن.

ئەو چەند کەسە خۆیان وەک لقێک لەڕێکخراوی ئەلقاعیدە دەناسێنن کەسەرقاڵی مەشقو ڕاهێنانن.

بەبڕوای هەندێک لەکارناسان کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بۆ دوورتر دەگەڕێتەوە کە لەساڵانی ڕابردوودا بەشێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتووە، بەڵام لەئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەک کە لەنیوان پارتیو کۆماری ئیسلامی سەریهەڵداوەو لەشێوەی شەڕێکی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا دەرکەوتووە.

پێدەچێ بەچەشنێک پەیوەندی بەگەمە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق لەئاراستەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقیشەوە هەبێت. واتە لەو ڕێگەوە لایەنی کوردی ناچار بەقبوڵکردنی پلانەکانو خەونەکانی حکومەتی ئێران بۆ داهاتووی سیاسیی عێراقو جۆری حکومەتی داهاتووی ئەو وڵاتە بکات.



ئێران مەلاو فەقێکان لەسنوور نزیکدەکاتەوە

# دکتۆر بەرهەمو دۆسیەی ئەنفال و جینۆساید



عەدنان کۆچەر

لەسەرەتای دەستپێکردنی کابینەی دکتۆر بەرهەم،دۆسیەی ئەنفالو جینۆساید وەکو چەند جارێک لەئەولویاتی کارەکانی کابینەکەی بەڕێزییاندا دەبێت، کەئەمەش راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەکرێت لەچەند خاڵێکدا بەپۆزەتیف باسیبکرێت، وردەکارییەکانیشیو شێوازی دەربڕین لەگەڵ پراکتیزەکردنی لایەنە نێگەتیڤەکەی. کەمن پێموایە دەکرێت لەگفتوگۆیەکی هێمنانەدا رووبەڕووی ببێتەوە . بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا واخەریکە بەشێوەیەکی تەدریجیو لەسەرخۆ نیمچە خۆشگوزەرانییەک بۆ خانەوادەو پاشماوەکانی ئەم کارەساتە بەڕێوەیە، ئەمەش دوو لایەنانەی حکومەت خودی خەڵکەکانیش وەک سروشتێکی مرۆڤ هەنگاونان بۆ ژیانی باشتر، بۆیە ئەم لایەنە کەزیاتر کۆمەڵێک وردەکاری ناوخۆی تایبەت لەشوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕدرێت، پێشموانییە لەکابینەی بەڕێزیشیان زۆربەی گرفتەکان تەواوببێت، تەندروستیشە ئەگەر تەواوی داواکان خۆیان لەئەستیمەیت کاتو شوێن نەبینێتەوە. یەکێک لەخاڵە نێگەتیڤەکەی ئەم کابینەیە ئەوەیە کە تائێستا لەئاستێکی شارەزایانە بەرووی خاڵە دەرەکییەکانی دۆسییەی جینۆسایدناساندن نەچووە، جا ناشزانرێت ئاخۆ دەرک بەگرنگی ئەم بابەتە ناکەن، یان دەسەڵات لەسوچێکی تایبەتمەندییەکانی ئانی خۆیاندا دەخولێنەوە، لەگەڵ ئەو هەموو سیستی هەنگاونانەشدا دەکرێت هەنگاوبنرێت بەرەو بەجیهانیکردنو بردنەپێشی دۆسییەکە بەشێوەیەکی سیستماتیک کەخەڵکی شارەزای غەیرە کوردو خەڵکی کوردی زمانزان لەم دۆسییەدا بەشداربن، بەشەرتێک ئیکوڵ ئیپوتونتی هەبێت لەبەڕێوەبردنو دەرەئەنجامی زەمەنی ببێتە پێوەرەکانی کارکردنی ئەو خەڵکە، نەوەک قسەی گەورەو چالاکی نێو لاپەڕەکانو ماڵپەڕەکان سنووردار بێت. بەمەش چەند هەنگاوێک هەیە کەزۆر سادەن دەبێت زوو بهاوێشرێن بەتایبەت ئەم دۆسیەیە ساڵ بەساڵ کۆنتر دەبێت، کێ تاوانبار دەبێت لەبەسەرچوونی کاتو تەمەنو بەڵگەو هەموو شتەکانی تر؟ کارکردن لەگەیاندن بەئاستێکی نێودەوڵەتی ئەستەمتر دەبێت. بۆیە دەتوانم وەکو پاڵپشتێک بۆ ئەم بابەتە چەند پرسیار لەکابینەی بەڕێزیان بکەین، لەوەی ئایا چیتانکردووە بۆ دۆسییەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکان؟.

یاخود چیتانکردووە بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە لەجینۆسایدی کورد؟.

ئایا چیتانکردووە لەئامادەکردنی درافتێک بۆ بانگەشەکردنی بەجینۆسایدی ئەنفال لەئاستی پەرلەمانەکانی نێودەوڵەتیدا؟.

ئایا چیکراوە لەدۆسییەی قەرەبووی دۆسییەی ئەنفال؟ کەئەمانە هەر کەسێک بیکات، مێژوو دەینوسێتەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا لەم ئاستەدا زۆر لەدواوەی زۆربەی شوێنەکانین، بەتایبەت خەڵکی بێگانە کەدەچێتە مۆنەمێنتی هەڵەبجە، یان سەردانی مۆنەمێنتەکەی رووانـدا دەکات، ئینجا دەزانێت کەچەند ئێمە لەدواوەی خەڵکین. رەنگە وەڵام ئەوەبێت کەبەڕێزتان بۆردێکتان دروستکردووە، یان خەڵکتان راسپاردووە دەرئەنجامەکان وانیشان نادەن لەماوەی سەرۆکایەتیت بۆ ئەم حکومەتە هیچ لەمانەی باسمانکرد بێنەدی . ئینگلیز دەڵێت.

You may have won the battle, but not the war

تێبینی: بۆ بەدادگاگەیاندنی کۆمپانیاکان ٢ پرۆژەی جیا لەدوو شوێنی جیادا پێشکەشی حکومەتم کردووە، کە لەلایەن چەند کەسایەتییەکی نێودەوڵەتییەوە ئامادەکراوە.

هەروەها پرۆژەی کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە لەجینۆسایدو مافی مرۆڤی کورد لەنێو زانکۆی نێودەوڵەتی (کۆڵۆمبۆس) کەتایبەت دەبێت بەگەلی کورد کە لەلایەن منو پرۆفیسۆر ئەڵێکس هێنتن ئامادەکراوە، ئەمیش پێشکەشکراوە، کەچی تا ئێستا هیچ وەڵامێک نییە.

تائێستا کورد هیچ درافتێکی دیاریکراوی نییە کەپێشکەش بەهیچ پەرلەمانێک کرابێت، وەکو ستاندەرێک کەخۆی لەچەند بەڵگەیەکی تۆکمە دەدات، کەدەکرێت بەچەند کەسێکی ناوداری ئەم بوارە بنووسرێت، بەڵام دەسەڵات بەس فێری کۆنگرەو کۆنفرانس بووە، بۆ نانخواردنو قسەی خۆش دەیان جار پرۆژە پێشکەشدەکرێت، بەڵام کەس نییە وەڵاممانبداتەوە لەم بوارەدا.

تێبینییەکی تر کەبووەتە بازاڕ کۆبوونەوەکانی هۆڵەکانی دەرەوەی نێو بینای پەرلەمانە، ئەم جۆرە کۆبوونەوانە رۆژانە دەیان بگرە سەدان دەبەسترێت، خەڵک هەر باسیشی ناکات، کەچی لاپەڕەکانی هەندێ لەرۆژنامەکان بخوێنیتەوە وەکو ئەوە وابێت!.

بەدەیان شارەزامان هێنایە کوردستان کەس نەبوو بەکاریان بێنێت یان سوود لەتواناکانیان وەربگرێت، ئێستاش ئەو کۆنگرەیەی کەسەرۆکی حکومەتی کابینەی پێنج (نێچیروان بارزانی) کەبڕیاڕ بوو لەبرۆکسڵ ببەسترێت، کەخودی خۆی گرێبەستی لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی (ئەنتەر ناشناڵ ئۆف ئەسۆسەیشن ئۆف جینۆساید سکالەر) بەست، کەس نازانێت چی بەسەرهات، سەیر لەوەیەدایە کاک نێچیروان خۆی گرێبەستەکەی واژۆکرد، کەس نەبوو بەدواداچوونی بۆ بکات، کاک بەرهەمیش پێموایە وەکو کاک نێچیروان چۆن چواردەورەکەی نەیان هێشت شتێک بکات، ئەمیش هەمان نەخۆشیی گرتووە، دەیان بگرە زیاتر سکرتێرو راوێژکارو چاودێر نازانم چی لێنزیکبووەتەوە، کەچی ئەمساڵ دوو جارە کەسایەتی زۆر ناودارم هێناوەتە کوردستان بۆ یەک دەقەش نەتواندرا ببینرێت، لەکاتێکدا خۆی لەدەرەوە شارەزایە سەرۆک حکومەت، تیمی تایبەتی هەڵسەنگاند ڤالیۆوەیشنی هەیە لەدیدارو پێداچوونەوە، کەچی بەداخەوە لەگەڵ ستاندەری جیهانیدا پەشێوییەک لەستافەکەی دەبینرێت.

adnankochar@hotmail.com

# زانکۆی ئەمریکی لەعێراق- سلێمانی: تەمەنێکی کورت، بەرهەمێکی پڕ بایەخ لەتوێژینەوە



د. ئەسەناسیۆس مولاکس*

هەفتەی رابردوو لەهەفتەنامەکەتان راپۆرتێک بەقەڵەمی بەڕێز (عەلی بانیشاری) لەژێر ناونیشانی "ئاستی زانستیی زانکۆکان لەقەیراندایە" بڵاوکرایەوە کەتیایدا ئاماژەتان بەوە کردبوو کە لەکۆی ١٢ زانکۆ لەهەرێمی کوردستان "هیچیان توێژینەوەی زانستیان بۆ بارودۆخە جیاوازەکان نییە." ئێمە دڵنیا نین لەوەی کەئایا زانکۆی ئەمریکی لەعێراق- سلێمانی وەک یەکێک لەو زانکۆیانە لەقەڵەمدرابوو یان نا، بەڵام دەمانەوێت بڵێین کەسەرەرای تەمەنی کورتی، زانکۆکەمان هەوڵێکی بەرچاوی داوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمی بەنرخ.

ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێز (د. دلاوەر عەلائەدین)ی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆکین کە لەراپۆرتەکەدا جەخت لەسەر گرنگی توێژینەوە لەزانکۆکاندا دەکات.

لەو بارەیەوە دەمانەوێ بڵێین لەماوەی سێ ساڵی تەمەنی زانکۆکە، پسپۆڕانمان چەندان توێژینەوەی زانستی پڕ بایەخیان ئەنجامداوە بەمەبەستی سوودگەیاندن بەکۆمەڵگەی عێراقیو لەو چوارچێوەشەوە هەرێمی کوردستانو هەندێکیان لەناسراوترین گۆڤارە زانستییەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

لەراستیدا، ساڵانێکی زۆر لەجەنگ، سزای ئابووری پرووکێنەرو دابڕان لەجیهانی دەرەوە، کاریگەرییەکی نێگەتیڤیان بەسەر کەرتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە سەرتاسەری عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە بەجێهێشتووە. یەکێک لەدەرەنجامە هەرە نەخوازراوەکانی ئەم بارودۆخە دابەزینی زۆر زەقی رادەی توێژینەوەی زانستی بووە لەزانکۆکانو ناوەندە زانستیو ئەکادیمیەکانی وڵات.

بەڵام ئێمە لەزانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلێمانی سوورین لەسەر پێچەوانەکردنی ئەم رەوتەو بەپلانەوە کار لەسەر بونیادنانی بنەمایەکی پتەوی توێژینەوە دەکەین لەزانکۆکەمان.

ئەنیستیتۆی دوو رووبار کەباڵی توێژینەوەی زانستیی زانکۆی ئەمریکییە، پێشڕەوایەتی توێژینەوەی زانستی دەکات لەزانکۆکەماندا.

لەهاوینی ئەمساڵدا "گۆڤاری سەرچاوەی ئاو و پاراستنی" The Journal of Water) (Resource and Protection لەئەمریکا، کەبڵاوکراوەیەکی زانستی ناسراوە لەجیهان، دوو توێژینەوەی پسپۆڕەکانی ئەنیستیتۆکەیان لەسەر کوالێتی ئاو لەدەریاچەی دوکانو رووباری دیجلە لەبەغداد بڵاوکردەوە.

ئەنیستیتۆی دوو رووبار کەناوەکەی لەرووبارەکانی دیجلەو فوراتەوە وەرگرتووە لەساڵی ٢٠٠٦ بەهاریکاری نێوان زانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلیمانیو وەزارەتی ژینگەی حکومەتی ئیتالیا دامەزرا.

توێژینەوەکانی ئەنیستیتۆکە زیاتر تەرکیز لەسەر ژینگەی پشتگوێخراو و هەرەشەلێکراوی عێراق دەکەنو تیایدا زاناکان بە لەبەرچاوگرتنی بەرزترین پێوەرەکانی توێژینەوەی زانستی لەجیهان هەوڵی خستنەرووی رێگەچارە بۆ بووژاندنەی ژینگەی وڵات دەدەن.

جگە لەمەش، ئەنیستیتۆی دوو رووبار چارەسەرو راوێژکاری لەسەر کێشە ژینگەییەکان دەخاتە بەردەست کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، حکومەتەکانو رێکخراوە نا حکومییەکان.

لەدوایین هەنگاویدا، ئەنیستیتۆکە دەستی داوەتە نووسینی زنجیرەیەک بابەتی زانستی لەسەر بوونی ئاو لەعێراقو هەفتەی رابردوو یەکەمین بابەتی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوە کەتایبەتە بەسوودوەرگرتن لەئاوی رووباری فوراتو کاریگەری لەسەر بڕی ئاو لەعێراق.

ئەنیستیتۆکە هەروەها لەرووی زانستیەوە سەرپەرشتی دروستکردنی دوو باخچەی رووەکی گەورە دەکات لەهەولێرو سلێمانی، کەبۆ یەکەمجارە پرۆژەی لەم جۆرە لەعێراقدا جێبەجێبکرێت.

جگە لەوەش، زانایانی ئەنیستیتۆکە دەستیانداوەتە رووپێوی مەیدانی رووەکو گوڵەکانی عێراق کەقۆناغی یەکەمی لەمەندەلی هەتا زاخۆ دەگرێتەوە.

لەپاڵ ئەنیستیتۆی دوو رووبار، زانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلێمانی سێ سەنتەری توێژینەوەی دیکەشی هەیە کەبریتین لەسەنتەری توێژینەوەکانی ئاشتیو ئاسایش، سەنتەری توێژینەوە هەرێمایەتییەکانو سەنتەری توێژینەوە لەمیزۆپۆتامیای دێرین.

ئەم سەنتەرانە چەندان توێژەری ناسراویان لەسەرانسەری جیهان هێناوەتە زانکۆکەمان بۆ پێشکەشکردنی وتارو سمینار لەسەر بابەتە جیاوازەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا دووشەممەی رابردوو، سەنتەری توێژینەوە هەرێمایەتییەکان کۆڕێکی بۆ (د. ئاندریا فیشەر تاهێر)ی زانای ئەڵمانی رێکخست لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەشارو لادێکانی هەرێمی کوردستانو بەتایبەت ناوچەی قەرەداغ.

ئێمە دەمانەوێت سەنتەرەکانی توێژینەوەمان ببنە شوێنێک بۆ کۆبوونەوەی ئەو پسپۆرە نێودەوڵەتیانەی کەتوێژینەوە لەسەر عێراقو ناوچەکە دەکەن.

هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کەزانکۆکەمان دەیەوێت زۆر بەجیدی رۆڵی خۆی لەئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیو ئەکادیمی لەعێراقدا ببینێتو لەوەش گرنگتر ئەو توێژینەوانە لەسەر بابەتی گرنگی ئەوتۆ بن، کەبتوانن یارمەتی چاکترکردنی ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیانی ئەم وڵاتەدا بدەن.

وەک تەنیا زانکۆی عێراقی کە لەلایەن ئەکادیمیای زانستە لیبراڵییەکانی ئەمریکا دانپێدانراوە، زانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلێمانی هەوڵی پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لەسەرکردەو پسپۆڕ دەدات بۆ عێراق لەبوارە جیاوازەکاندا بەبێ رەچاوکردنی رەچەڵەکو باکگراوندی سیاسیان.

وەک زانکۆیەکی زانستە لیبراڵییەکان، هەموو خوێندکاران دەبێ بۆماوەی دوو ساڵ لەبواری جۆراوجۆری وەک مێژوو و ئەدەبیات بخوێنن بەر لەوەی پسپۆڕیەتی لەبواری دڵخوازی خۆیان بەدەستبهێنن، تەنانەت ئەگەر بۆ نمونە بوارەکەشیان ئەندازیاری بێت. لەهەمانکاتدا، لەبەرئەوەی زمانی خوێندن ئینگلیزییە خوێندکارانمان فێری ئینگلیزییەکی باشو رەواندەبن.


زانکۆکەمان کەدامەزراوەیەکی ئەهلیو قازانج نەویستە باشترین میتۆدو پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر ستایڵی ئەمریکی لەعێراق پیادەدەکاتو لەو روانگەیەوە توێژینەوە بە بەردەوامی لەچڵەپۆپی کارو پلانەکانی دەبێت.

هیوامانوایە لەرێگەی توێژینەوەو چالاکییەکانمان مۆدێلێکی نوێ لەخوێندنی باڵا پێشکەش بەم وڵاتە بکەینو ببینە بەشێک لەرەوتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان لەسەرانسەری عێراق.


**•نووسەر سەرۆکی زانکۆی ئەمریکییە بۆ کاروباری ئەکادیمی**



داوادەکرێت توێژینەوە زانستییەکان لەسەر بابەتی گرنگ بێت



# کابینەی شەشەم خراپترین کابینەی حکومەتە، ئەگەر بەکابینەکانی پێشوو بەراوردی نەکەین





لەکردنەوەی زانکۆ نوێیەکاندا، کوالێتی زانکۆکان لەبەرچاو نەگیراوە

ئاری ئەبوبەکر

**پێشەکی**

رەنگە کەم کەس بەئەندازەی ئێمە لەدونیای نووسیندا قسەی لەسەر کابینەی شەشەم کردبێت، هەر لەدرەنگکەوتنی پێکهێنانی کابینەی شەشەمەوە، دانانی وەزیرەکانو متمانەدان بەدوو کەس (سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی) بۆ سەرۆکایەتیکردنی کابینەی شەشەم، تا دەگاتە دەنگۆی هەناردەکردنی گازی سروشتی "پرۆژەی نابۆکۆ"، پاشان دواجار لەسەر دروشمی "کردار شەرتە"، قسەمان لەسەر کردووەو هەڵسەنگاندنی خود (سۆبێکت)یمان بۆ کردووە.

دیارە قسەکردنی ئێمە لەسەر کابینەی شەشەم لەبەر ئەوە بووە، کەئەم کابینەیە گرەوی زۆری لەسەرکراوەو تا ئێستاش گرەوی لەسەر دەکرێت، چونکە دواجار لەدایکبوونی کابینەی شەشەم لەمنداڵدانی هەڵبژاردنێکەوە هات، کە کەمو زۆر، نەخشەی سیاسی لەکوردستاندا بەرەو ئاقارێکی تر برد، کە لەمێژووی سیاسیی وڵاتی ئێمەدا نەبینرابوو. جاکەوابوو هەموو مافی ئەوەمان هەیە قسە لەسەر ئەدای ئەم کابینەیە بکەین، لەمرۆڤی ئاساییەوە تا دەگاتە رۆژنامەنووسو رۆشنبیر و ... هتد.

بۆیە کاتێک کەبرادەرانی رۆژنامەی دەستوور ئاگاداریان کردمەوە، کەمەلەفێکی تایبەت بەهەڵسەنگاندنی کابینەی شەشەم، ئامادەدەکەنو داوایانکرد کەئێمەش بەبیروڕاکانمان بەشداریبکەین، لەبەرئەوە بڕیارمدا تا لەتوانادا بێت، هەڵسەنگاندێکی بابەتییانە بۆ یەکەم ساڵی کابینەی شەشەم بکەم، بۆئەوەی بەحوکمی پێشوەخت تاوانبار نەکرێین (وەک لەڕابردوودا تاوانبارکراوین)، لەم پێشەکییەدا دەڵێم، کەئەوانەی نەکراون، دەکرێت بکرێنو هەوڵی کردنی بدرێن، چونکە کابینەکە کاتی ماوە، خۆ ئەگەر نەشکراو رێگرییەکان زاڵبوون، ئەوا پێویستە سەرۆکی حکومەت دەستلەکاربکێشێتەوە، بۆئەوەی "رێگرەکان" فێری گەمەی سیاسی بکاتو لای میللەت جەربەزەییو پەیمانی خۆی بباتە سەر.

**بانێکەو دوو هەوا لەهەڵسەنگاندنی کابینەی شەشەم**

بەهۆی دروستبوونی لیستی جیاوە، لیستی کوردستانی، کەلیستی یەکیتیو پارتی بوو، خاوەنی زۆرترین دروشمی سیاسی بوو، بەشێوەیەک کەقسەکانی دکتۆر بەرهەم لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بۆنی ئەوەی لێدەهات کەپێی دەوتین، بەس ئەم جارە مۆڵەتمان بدەنو دەنگمان پێبدەن، شەرتبێ ئەوەی چەند ساڵە کۆمانکردووەتەوە بیکەن بەقورگتاندا، هەر وەک چۆن ئۆپۆزیسیۆن، بەهەمان شێوە نەخشەی دونیایەکی یۆتۆبییان بۆ وێناکردین ئەگەر دەنگیان بدەینێ، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کەهیچیان نەیانتوانیوە تا ئێستا کار بە بەڵێنەکانیان بکەن.

بەڵام گرفتەکە ئەوەیە، کەکاتێک ئێمە بمانەوێت هەڵسەنگاندنێکی رەخنەییانە بۆ تەمەنی یەک ساڵەی کابینەی شەشەم بکەین، پێمان دەڵێن هێشتا زووەو ماوەیەتی بکەوینە هەڵسەنگاندن، چونکە ساڵێک کەمە بۆ هەڵسەنگاندن، بەڵام هەموو میدیاکانی نزیک لەیەکێتیو خودی سەرۆکی حکومەت، خۆیان هەڵسەنگاندنی پۆزێتیڤ بۆ یەک ساڵەی کابینەی شەشەم دەکەن، بێئەوەی بەخۆیان بڵێن زووە. سەیرە بانێکەو دوو هەوا!

**وەلائی حیزبی پێش کەفائەتی کەسی**

ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بۆ بەڵێنەکانی کابینەی شەشەم بکەین، ئەوا دەبێت قسە لەسەر خاڵە جەوهەرییەکان بکەین، کەپەیوەستە بەکۆی ژیانی سیاسی ئێستاو داهاتوومانەوە، چونکە کردنەوەی قوتابخانەیەکو قیرتاوکردنی رێگایەک، یاخود دەستدانە کارێکی چاکسازی لەناوەڕاستەوە، بێئەوەی رەگی کارە خراپەکە هەڵبکەنرێت، هەمیشە دەمانخاتە بەرمەترسی سەرهەڵدانەوەی ئەو کارە خراپەی کەخەریکی چاکسازیکردنین تێیدا، بەمانایەکی تر، بۆئەوەی کەبتوانین لەدەستی درێژی حیزب لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا رزگارمان بێت (وەک ئەوەی کە بەڵێنیان پێداین)، پێویستەو پێویست بوو هەر لەبنەڕەتەوە دامەزراندن بەتەزکیەی حیزبی بنەبڕبکەین لەناو دامودەزگاکانی حکومەتەدا، بەڵام کاتێک چەند بەڕێوەبەرێک لەئیدارەی سلێمانی (وەک نمونەیەکی زیندوو) دەگۆڕدرێن لەکەسانی سەر بەیەکێتییەوە بۆ کەسانێکی تر کەهەر یەکێتیینو سەر بەیەکێتین، مانای وایە ئەمە ئەگەر لەڕووکەشدا چاکسازی بیت، ئەوا لەناوەڕۆکدا جێگۆڕکێیەکە بەکەسەکان، کەهەموویان وەلائی حیزبییان پێش توانایان دەخوێنرێتەوە بۆ دامەزراندنییان (لەگەڵ ریزی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەڕێوبەرانەی کەدانراونو لابراون، لێرەدا تەنیا وەک نمونە قسە لەسەر ئەوان دەکەین)، بۆیە لێرەوە دەبێت کابینەی شەشەم لەوە تێبگات، بۆ چاکسازی، ئەگەر ئەو نمونەیەی سەرەوە وەربگرین، ئەوا دەبوایە لەبری دانانی چەند کەسێکی سەر بەیەکێتی لەجێی چەند کەسێکی تری سەر بەیەکێتی، ئەوا چەند کەسێکی دەرەوەی حیزبو بێلایەن دابنرایە، بۆئەوەی چیدی وەلائی حیزبی ریزبەندی یەکەمی مەرجەکانی وەرگرتنی پۆست نەبێت، کەئەمەش دەمانخاتە سەر شارێگەی راستی بەدامودەزگاییکردن، کەوەلائی حیزبی تێیدا هیچ ئەرزشێکی نامێنێت، ئەمەش وادەکات، کەنەک هەر بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بەڵکو ئەم نەریتی "نەمانی وەلائی حیزبی بۆ وەرگرتنی پۆستی حکومی"، شۆڕببێتەوە بۆ ناو گشت دامودەزگاکانی حکومەت تا دەگەیشتە سەر کارمەندێکی ئاسایی، ئەو کات بوونی وەلائی حیزبیو نا حیزبی هیچ کاریگەرییەکی نەدەبووە سەر دامودەزگاکانی حکومەت.

بۆیە دەتوانین بڵێین کەوەلائی حیزبی تا ئێستاش ماوەو پێویستی بەگۆڕانکارییەکی رادیکاڵی ریشەیی هەیە، کەوابکات بەوەلائی حیزبی هەموو شێوەیەک بنەبڕبکرێت لەدامودەزگاکانی حکومەتدا، دیار ئێستاش درەنگ نییەو حکومەت نزیکەی ٣ ساڵی تری لەبەردەمدا ماوە تا بتوانێت ئەو دیاردەیە بنەبڕبکات.

**دەردی دوو ئیدارەیی**

یەکێک لەو دیاردە هەرە قێزەونەی کەچەندان ساڵە لەژێر ناوی جیاجیدا (شەڕی ناوخۆو رێککەوتنی ستراتیژی) کاری پێدەکرێتو تا رادەیەک رووی ئەزموونەکەمانی قێزەونکردووە، بوونی دوو ئیدارەییە، هەڵبەت دەبێت لێرەدا باسی جورئەتی بەرهەم ساڵح وەک سەرۆکی کابینەی شەشەم بکەین، بەوەی کەزۆر جەریئانە لەم دواییانەدا دانی بەوەدانا، کە تا ئێستا دوو ئیدارەیی هەر ماوە، چونکە سیاسییەکانی پێش بەرهەم ساڵح هەمیشە خەریکی پەردەپۆشکردنی ئەم دیاردەیە بوون، بەهەرحاڵ دکتۆر بەرهەم شایەنی دەستخۆشییە لەقسەکردن لەسەر دوو ئیدارەیی، بەڵام ئەوەی کەجێگەی نیگەرانییە، تا ئەم ساتە (چونکە حکومەت سێ ساڵی تری لەبەردەستدایە بۆ سڕینەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی)، سیمای دوو ئیدارەیی نەک هەرماوە، بەڵکو رۆژ بەڕۆژ زەقتر دەبێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ترو لەژێر ناو و پەردەیەکی تردا، ئەمە جگە لەوەی کە لەبەڵێنەکانی لیستی کوردستانیدا، باسی ئەوەکرا، کەئاسایش یەکدەگرێتەوە، تا ئیستا ئاسایش یەکینەگرتووەتەوە، دەزگا هەواڵگرییەکان (زانیاریو پاراستن) هەر یەکەو لەئاوازێک دەخوێنێتو نەک هەر یەکیان نەگرتووەتەوە، بەڵکو پێناچێت هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبێت، پێشمەرگە یەکینەگرتووەتەوە، فەرماندەیی گشتی یەکێتی خۆی تواندووەتەوە لەناو حکومەتدا، بەڵام زێرەڤانیو هیزی پێشمەرگەی لایەنەکانی تر گوێ لەحکومەت هەر ناگرن، ئەگەر هەر ئەو نمونەیەی لەسەرەوە باسمانکرد، گۆڕانکاری لەبەڕیوەبەرە گشتییەکانی ئیدارەی سلێمانی، تەنیا سنووری ناوچەی سەوزی گرتەوەو بەداخەوە هەر کەسی سەر بەیەکێتی نیشتمانی دانران، کەئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەبەڕیوەبەری سەر بەپارتی نەتوانێت بەهیچ شێوەیەک پۆستێک وەربگرێت لەژێر دەسەڵاتی ناوچەی سەوزدا (دیارە وەک لەسەرەوە باسمانکرد، ئەسڵ وایە کەدەبێت وەلائی سیاسی نەبێتەهۆی وەرگرتنی پۆستی حکومی)، یاخود بەهەڵدادانی میدیاکانی یەکیتی بەسەر کارەکانی حکومەتو رەخنەگرتنی میدیاکانی پارتی لەبڕیارەکانی حکومەت، کەئەمەش هەم رێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکیتیو پارتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەم نیشانەی دوو ئیدارەییە.

**هەناردەکردنی نەوتو گازی سروشتی**

لەڕاستیدا نەوتو گاز هەم منو هەم خەڵکانی تر، زۆر قسەیان لەسەرکردووە، بۆیە قسەکردنی دوورودرێژ لەسەر نەوتو گاز ، جگە لەوەی کەجوینەوەی وتارەکانی تر، هیچی تر نییە، بۆیە تەنیا دەڵێین، کابیەنی شەشەم تا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، شەفافیەتی، گرێبەستەکانی، فرۆشو پارەی فرۆشی، یەکلاکردنەوەی یەکجارەکی کێشەی نەوت لەگەڵ بەغداددا، چارەسەربکات، بەڵکو کابینەی شەشەم ئیشتیهای ئەوەی کردو دەکرد کەگازی سروشتی هەنارده بکاتو ئاگرێکی تر بەربداتە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراق. کە لەمەشیاندا دەڵێین، ئەگەر کابینەی شەشەم ئارەزوو بکات، هێشتا کات ماوەو ٣ ساڵی لەبەردەمدا ماوە تا بتوانێت، چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی گازو نەوت بدۆزێتەوە.

**بەکارهێنای دەسەڵاتی پەرلەمان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە**

کابینەی شەشەم بەویست بێت یان لەنەزانینەوە، لەزۆربەی بڕیارەکاندا مومارەسەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کردووە، بەشێوەیەک کەبێگەڕاندنەوە بۆ پەرلەمانو دوا بڕیاری پەرلەمان بڕیاری دەرکردووە، کەدەبوایە ئۆپۆزیسیۆن هەستی بەمە بکردایەو سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانی بانگهێشتی پەرلەمان بکردایەو ئەم مەسەلەیەی بوروژاندایە، چونکە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە، بەرەو ئاڕاستەیەک دەڕوات، کەوادەکات بوونو نەبوونی پەرلەمان وەک یەک وابێت، چونکە ئەگەر حکومەت خۆی بڕیاربداتو خۆشی جێبەجێیبکات، بێئەوەی لەساڵی رابردوودی کابیەنەی شەشەمدا نەهیچ یەکێک لەو بڕیارانە لەلایەن پەرلەمانەوە بەیاسایی کرابێتو لێپیچینەوە لەشیوازی جێبەجێکردنی کرابێت، پەرلەمان لەدەزگایەکی یاسا دەرکەرو چاودێرەوە دەکاتە دەزگایەکی کۆمیدی وا، کەبوونو نەبوونی وەک یەک وابێت، جا ئەمە دەبوایە ئۆپۆزیسیۆن قسەی لەسەر بکردایە، بەڵام بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆن یان بێئاگایە، یان واپەشۆکاوە، ناتوانێت هەست بەمانە بکات.

**چەندیەتی زانکۆکان، بێگەڕاندنەوە بۆ مەبدەئی چۆنیەتیو بازاڕی کار**

لەڕاستیدا گرفتێک کەخۆمان دەیخولقێنین، رەنگە چارەسەرەکەی زەحمەتترو بەسوێتر بیت، تا کێشەیەک کەبکەرەکەی لەدەرەوەی خۆمانە. کردنەوەی زۆری ئەو هەموو زانکۆیە لەکوردستاندا، گرفتێکە کەئەگەر ئێستاش هەست بەدەرئەنجامە خراپەکانی نەکرێت، لەداهاتوودا کۆمەڵێک کێشەو کارەساتی بەدوادادێت، کەڕەنگە چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت.

کردنەوەی زۆری زانکۆکان، بەحکومیو ئەهلییەوە، لەکاتێکدا نە کوالێتی خودی زانکۆکان لەبەر چاو گیراوە، نەچۆنیەتی خوێندنو لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان، یەکێکە لەو کێشانەی کەداهاتوویەکی ترسناکی دەبێت، کەدوای ٢٠ ساڵی تر سەیردەکەین سێ لەسەر چواری خەڵکی وڵاتی ئێمە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن، بێئەوەی کەبتوانرێت هەلی کارییان بۆ دابینبکرێتو بێئەوەی کەدەرچوانی زانکۆکان توانیبێتییان دارێک بخەنە سەر بەردێک لەلێکۆڵینەوە زانستییو مەعریفییەکانیاندا.

ئەمانەش زیاتر لەبەرئەوەی کەوڵاتی ئێمە نە وڵاتێکی پیشەسازییە، کەبتوانێت ئەو هەموو خاوەنبڕوانامەیەی زانکۆکان هەڵگرێت، نە وڵاتێکی کشتوکاڵیشین (لەئێستادا)، کەبتوانین لەڕێگەی هەناردەکردنی بەرهەمی ناوخۆییەوە کار بۆ ئەو هەموو دەرچووانەی زانکۆ پەیدابێت، کەئەمەش دواجار وڵاتێکمان بۆ دروستدەکات، کەفەرمانبەریەتی دواپلەی سەرکەوتنی پۆرڤەکانە (لەگۆشەیەکمدا لەڕۆژنامەی نم نم، ژمارە ٣٦ بەدوورودرێژی باسی ئەمەم کردووە).

بۆیە کابینەی شەشەم دەبێت لەخەمی کەمکردنەوەی زانکۆکاندا بێتو چۆنیەتیو توانای بازاڕی کاری کوردستان هەڵبسەنگێنێت، بۆئەوەی کە بەئەندازەی پێویستی کوردستان دەرچووی زانکۆ بەرهەمبهێنێت، لەلایەکی ترەوە هەوڵی کاراکردنی ئامادەییە پێشەییو کارەکانی تری ناو کۆمەڵگە بدات، بۆئەوەی کەهەم لەزۆروبۆری دەرچووی زانکۆکان دووربکەوینەوە، هەم هەوڵبدەین بۆ پرۆفیشۆناڵیزەکردنی کارو پیشەکانی تر (هەر لەسەرتاشی، ئاسنگەری، جوتیاری، دارتاشی تا دەگاتە چاپچیو دوکانداری بەهەموو شیوەکانییەوە) ببێتە نەریت، دیارە بێئاگانیم لەهەوڵە جوانەکانی کابینەی شەشەم بۆ کارکردن بۆ چۆنیەتی زانکۆکان، کەئەمەیان جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام ئەمە دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ کەمکردنەوەی زانکۆکان بەگوێرەی توانای دروستکردنی خاوەنبڕوانامە بەگوێرەی پیویستی بازاڕی کاری کوردستان.

**کۆتایی**

دیارە کایەی سیاسی، ئیداری، کۆمەڵایەتی، ئابووریو کولتووری تر زۆرە قسەیان لەسەر بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی یەک ساڵەی کابینەی شەشەم، بەڵام بۆئەوەی کەنەفەسێکیش بهێڵینەوە بۆ سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانی کابینەکەی، ئەوا بەمەندە کیفایەت دێنینو دەڵێین، کابینەی شەشەم خراپترین کابینەی حکومەتە، ئەگەر بەکابینەکانی پێشوو بەراوردی نەکەین، چونکە ئەم کابینەیە، هەندێک کاری باشی کردووەو هەوڵ بۆ هەندێک کاری باش دەدات، کەکابینەکانی پێش ئەم بەهیچ جۆرێک نەیانکردووە، جا ئیتر ئۆپۆزیسیۆن کارە باشەکانی حکومەت بەئازایەتی خۆی دەزانێت کەوەک چاودێر بەسەریەوە بووە، یان کابینە وەزارییەکەی شەشەم بەهیی خۆی دەزانێت، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کاروانی بەرەو باشترکردنو چاکسازی ریشەیی بەردەوامبێت.

# ”لەسەر راپۆرتەکەی گۆڵان بەڕێز د.بەرهەم نەک هەر زوو تووڕەبوو، بەڵکو زوو هەڵچوو“

ئەگەر پارتیو یەکێتی لەوە بترسانایە جەنابی د.بەرهەم بەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە زیان لەپارتیو یەکێتی دەدا، ئەوا پارتیو یەکێتی قبوڵیان نەدەکرد ببێتە بەرنامەی لیستی کوردستانی، ئینجا بابێینەوە سەر لایەنی شەخسی سیاسەتمەدارەکانی کوردستان کەجەنابی د.بەرهەم یەکێکیانەو بپرسین، ئەگەر جەنابی د.بەرهەم وەک شەخس خۆی بۆ پەرلەمان کاندید بکردایە، ئایا گەرەنتی ئەوە چییە، ئەسڵەن د.بەرهەم وەک سیاسیەکی سەربەخۆ لەهەڵبژاردنەکان دەرچووایە بۆ ئەندامی پەرلەمان، نەک سەرۆکی حکومەت؟، ئێمە وەک رۆژنامەنووسانو چاودێری باردۆخەکە پێویستە واقیعی بین، تا ئێستاش لەکوردستان دەنگدەر سەیری ناوی حیزب دەکات، نەک بەرنامە، جارێ زۆرمان ماوە خەڵک وەک شەخس بەرێگەی بەرنامەی سیاسیی باش ببێتە ئەندامی پەرلەمان، ئینجا دەبێت بۆ سەرۆکی حکومەت چەندی مابێت، ئەو خەڵکەی دەنگی بەلیستی کوردستانی داوە، دەنگی بەپارتیو یەکێتی داوەو هەموو دەنگدەراکانیش ئەندامو لایەنگیرو هەواداری ئەو دوو حیزبە بوون، لێرەدا مەبەستم لەهەوادار، جەماوەر نییە، بەڵکو دەقاودەق لەم وڵاتە هەوادار، واتە ئەندامی حیزب لەدیموکراتییەکانی رۆژئاوا، واتە هەر پارتیو یەکێتییە، بەڵام موچەکەی لەسەر حیزبو حکومەت نییە، ئەوجا لەم چوارچێوەیەدا لیستی کوردستانی بەرنامەشی نەبوایە، تەنیا وێنەکانی جەنابی مەسعود بارزانیو جەنابی مام جەلالی بەرزبکردایەوە، ئەو دەنگانەی ئێستای هەر دەهێنا، ئەگەر خەڵک لەسەر بەرنامەی لیستی کوردستانی دەنگی بەلیستی کوردستانی دابێتو هەموو ئەوانەی دەنگیان بەو لیستە داوە، ناوەڕۆکی بەرنامەکەیان خوێندبێتەوە، بەئاسانی لەم حکومەتەی ئێستا رازی نەدەبوون.

**دەستوور:** سەرۆکی حکومەت لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا باسی لەوە کرد کە لەبەشێک لەئەدای وەزیرەکان رازی نییە، بەڵام بێئەوەی ناویان دیاریبکات، کاتی ئەوە نییە کەداوا لەو حیزبانە بکات کەئەو وەزیرانە بگۆڕن؟

**فەرهاد محەمەد:** ئەو بەڕێزانەی ئێستا لەکابینەکەی د.بەرهەم وەزیرن، زۆربەی زۆریان ئەندامی سەرکردایەتیو کادری پێشکەوتووی پارتیو یەکێتین، لەوانەیە جەنابی د.بەرهەم بەسیفەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کاریگەری لەسەر دامەزراندنی وەزیرەکانی یەکێتی هەبێت، بەڵام کاریگەری لەسەر دامەزراندنی وەزیرەکانی پارتی نەبووە، من بەئەنقەست وشەی دامەزراندن بەکاردەهێنم لەبری کاندیدکردن، لەبەرئەوەی راشکاوانە دامەزراندنە، نەک کاندیدکردن، دوو حیزب یان زیاتر کاتێک بەهاوبەشی حکومەت دروستدەکەن، مافی خۆیانە کام کادری خۆیان بەوەزیر دادەمەزرێنن، لەم چوارچێوەیەدا پارتیو یەکێتیو حیزبەکانی دیکەش ئەو مافەیان هەیە، بۆیە سەرۆکی حکومەت ئەو مافەی نییە نامەیەک بۆ پارتی بنووسێت، بڵێت فڵانە وەزیرم بەدڵ نییە بۆم بگۆڕن، لەوانەیە ئەو مافەی هەبێت داوا لەیەکێتی بکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەی چارەسەر چۆن دەبێت؟ بەرای من سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەرێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی بکاتو پرۆژەی هەموارکردنی وەزاری پێشکەشی کۆبوونەوە هاوبەشە بکات، ئەم پرۆژەیە بەو مانایە نییە کەبەڕێزی بەسەرۆکی حکومەت نەمێنێتەوە، نەخێر بەڕێزی هەر سەرۆکی حکومەت دەبێت، بەڵام ئەو جومگانەی کەموکورتیان تێدایەو کاریگەری لەسەر نزمبوونەوەی ئەدای حکومەت هەیە، پێویستە ئاڵوێریان پێبکرێت، یان هەندێکیان بگۆڕدرێنو هیی دیکە لەجێگەیان دابنرێتەوە، ئەوجا دوای ئەوەی ئەم هەموارکردنە لەلایەن کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتیو یەکێتییەوە پەسەنددەکرێت، دەکرێت بکرێتە مامەڵەی فەرمیو پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی رێوڕەسمی یاسایی بۆ سازبکرێت.

**دەستوور:** پێتوایە سەرۆکی حکومەت یان ئەنجومەنی وەزیران لەبەرنامەیدا هەبێت، یان بتوانن ناوی ئەو وەزیرانە بڵاوبکەنەوە ئەگەر درێژەیان بەکەمتەرخەمیدا؟

**فەرهاد محەمەد:** من پێموایە سەرۆکی حکومەت نەئەو بەرنامەیەی دەبێت، نە پەنا بۆ ئەو بەرنامەیەش دەبات، بەڵام دەتوانێت لەکۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا تاووتوێ بکرێتو چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

**دەستوور:** ئایا لەقبوڵکردنی بوونی وەزیری ناچالاکو کەمتەرخەم خەڵک زیان ناکات، ئەگەر وایە بۆ نایانگۆڕن؟

**فەرهاد محەمەد:** بەشێوەیەکی تیۆری بەڵێ زیان دەگەیەنێت، بەڵام بەشێوەیەکی پراکتیکی نەخێر، لەبەرئەوەی وەزارەتەکان هەر دەتوانن لە١٠٪ی داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێبکەن، ئەوجا ئەگەر ئەم لە١٠٪یە بێتە خوارەوە بۆ لە٧-٨ ٪یش کەس هەستی پێناکات، کەدەشڵێم لە١٠٪ یان پێ جێبەجێدەکرێت لەبەرئەوەی ئەو ئیمکانیەتی لەبەردەستی وەزارەتەکاندا هەیەو ئەو پرۆژانەی وەزارەتەکان هەیانە، تەنیا لە١٠٪ی پێجێبەجێ دەکرێت، ئەگەر وەزیرەکە تا ئەوپەڕیش چالاک بێت.

**دەستوور:** بۆچی سەرۆکی حکومەت بەراشکاوی باسی ئەو هەنگاوانەی پارتیو یەکێتی ناکات، بۆ نمونە لەچ پرۆژەو بڕیارێکدا دژن، پێتوانییە ئیتر خەڵکیش بڕوا بەقسەی لاستیکیو گشتی ناکاتو کاتی ئەوەیە کێشەکان دیارییبکرێن؟

**فەرهاد محەمەد:** سەرۆکی حکومەت لەکوردستان جێگری مام جەلالە، خۆی بڕیار لەسیاسەتی یەکێتی دەدات، بۆیە دەتوانێت ئەوەی بەرخۆی دەکەوێت، چاکیبکات، ئەوکات پارتیش ناچار دەبێت ئەوەی بەرخۆی دەکەوێت، چاکیبکات.

**دەستوور:** لەماوەی ئەم ساڵەدا حکومەت گەلێک کەیسی بەناڕۆشنی هێشتەوەو نەیتوانی قسەی خۆیان لەسەر بکات، وەک مەسەلەی بودجە، قەزیەی سەردەشت عوسمان، رۆیشتنی نەوت، سووتانی ئۆتێل سۆما، کەیسی قاسم ئاغا، دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو بەم دواییانەش رووخاندنی بینای قوتابخانە بۆ پرۆژەی بازرگانی؟ ئێوە چۆن لەوە دەڕوانن؟

**فەرهاد محەمەد:** من پێموایە دەبێت جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەم پرسیارانە بەراشکاوی بداتەوە، ئێمە وەک رۆژنامەنووس هەڵوێستی جەنابی سەرۆکی حکومەتمان لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەی بینیوەو خۆشبەختانەش لەهەموو ئەو مەسەلانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردووە، جەنابی سەرۆکی حکومەت لەکوردستان بووەو بوونی هەبووەو لەسەر زۆربەشیان قسەیکردووەو کۆنگرەی رۆژنامەوانی گرێداوە، بەڵام مانەوەی کەیسەکان وەک ئێوە دەڵێن بەناڕۆشنی، یان نەبوونی روونکردنەوەی پێویست بۆ هەریەکەیان لەلایەن حکومەتەوە، ئەوە کەس ناتوانێت شرۆڤەی بۆ بکاتو پەیوەندی بەو سیاسەتەوە هەیە کەحکومەتی کوردستان ئێستا پیادەیدەکات، بۆیە دەبێت کەسێک وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، لانیکەم ناونیشانی وتەبێژبێت بەناوی حکومەتی کوردستانەوە، ئێمەش وەک رۆژنامەنووس لەوانەیە هەمان ئەو پرسیارەمان هەبێتو چاوەڕێبین حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی هەموو لایەک بداتەوە.

**دەستوور:** دەوترێت حکومەت ناوبەناو بابەتێک دەوروژێنێت بەناوی چاکسازیو گۆڕانکارییەوە، بەڵام دواتر هەروەها دەمێنێتەوە، وەک مەسەلەی بڕینی مینحەی راگەیاندنو رێکخراوەکان هەرایەکی گەورەی دروستکرد، بەڵام دواتر بۆ جارێکی تر پێیاندرایەوە، پێتان وانییە ئەم کارانە بۆ دروستکردنی هەرای راگەیاندنە؟

**فەرهاد محەمەد:** من رایەکی پێچەوانەم هەیە، من پێموایە ئەم هەنگاوانە بۆ پیشاندانی هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمەی خەڵک لەسەری راهاتووە، کاتێک ئەم هەوڵە جێبەجێ ناکرێت، دەگەڕێنەوە سەر شێوازی پێشوو، کەسەلامەتترە.

**دەستوور:** بەرەی ئۆپۆزیسیۆن رایانوایە کەحکومەتی هەرێم هەنگاوی جدی بەئاراستەی چاکسازی سیاسیدا نەناوە، بەڵام لەژێر فشاری ئەوان بۆ کەمکردنەوەی رەخنە، هەندێک هەنگاوی رووکەشی گرتووەتەبەر؟

**فەرهاد محەمەد:** بوونی ئۆپۆزیسیۆن وەک دیاردە، نەک هەر دیاردەیەکی تەندروستە، بەڵکو نیشانەی ئەوەیە خەڵکی کوردستان دیموکراتی دەوێتو دەبێت ئەم سیستەمە لەکوردستان بچەسپێت، بەڵام حیزبە سیاسییەکانی کوردستان چ ئەوانەی لەحکومەتن وەک پارتیو یەکێتیو چ ئەوانەشی ئێستا لەئۆپۆزیسیۆنن وەک گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو، دەبێت لەگەڵ ئەو باردۆخە رابێنو خەڵک لەو راستیە ئاگاداربکەنەوە پرۆسەکە بریتییە لەدەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، هەم دەسەڵاتمان پێویستەو هەم ئۆپۆزیسیۆن، هەردوولاش بەردەوام جێگۆڕکێ دەکەن، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر فشار، یان گوشاری ئۆپۆزیسیۆن هێندە کاریگەر بووبێتو توانیبێتیان حکومەت ناچاربکەن هەنگاو بۆ چاکسازی هەڵبگرێت، ئەمە نەک هەر جێگەی ئەوەیە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن شانازی بەخۆیانەوە بکەن، جێگەی ئەوەیە کەئێمە هەموومان وەک هاووڵاتی لەم کۆمەڵگەیە شانازی بەهەموو حیزبەکانی کوردستانەوە بکەین بەدەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە شانازی بەحیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بکەین بەوەی ئامانجیان تەنیا گرتنەدەستی دەسەڵات نییەو ئامانجیان پیادەکردنی حکومڕانی باشە لەکوردستان، هەروەها شانازی بەحیزبەکانی دەسەڵاتیشەوە دەکەین لەبەرئەوەی وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو رەخنانە هەیە کەئاراستەیان دەکرێتو دەیانەوێت حکومڕانی باش لەکوردستان پیادەبکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا وەک واقیع دەیبینین، ئەو هاوئاهەنگیەیە لەنێوان حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵات کەپێویستە هەبێت، بەو ئاستە نییە، بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆن هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە بگاتە دەسەڵاتو دەسەڵاتیش هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە زیاتر لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام هەر هەنگاوێک بۆ چاکسازیو گۆڕانکاریو پێشکەوتنو خزمەتکردنی هاووڵاتیان هەڵبگیرێت، جێگەی دەستخۆشییە بۆ حکومەتو جێگەی دەستخۆشیشە بۆ ئەو لایەنانەی گوشاریان کردووە بۆ ئەو چاکسازیو گۆڕانکاریانە.


**دەستوور:** ئەو خاڵە سەرەکیو دیارانە چین سەرنجی ئێوەی راکێشاوە کەکابینەی شەش لەکابینەی پێنج جیادەکاتەوە بەلایەنی ئیجابی چ بەلایەنی سلبی بێت؟

**فەرهاد محەمەد:** ئەوەی هەتا ئەمڕۆ لەسەرۆکی حکومەتو وەزیرە بەڕێزەکان گوێمان لێبووەو دەیبینین، هەموو دەڵێن کابینەی شەشەم تەواوکاری کابینەی پێنجەمەو هەمان سیاسەتو درێژەی پێدەدرێت، بەڵام لەکابینەی شەشەم هەندێک گۆڕانکاری لەهەیکەلی وەزارەتەکاندا کراوە، بۆ نمونە وەزارەتەکان کەمبوونەتەوە، چەندان وەزارەت کەپێشتر دوو وەزارەت بوون، کراون بەیەک وەزارەت، بۆیە پێدەچێت ئەمساڵە حکومەت زیاتر خەریکی خۆڕێکخستنەوە بووبێتو نەیتوانیبێت بەشێوەیەکی عەمەلی پرۆژەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەندەی لەپارێزگارە بەڕێزەکان گوێبیستی دەبین زیاتر ئەو پرۆژانە کاریان تێدا دەکرێت کە بەبودجەی پەرەپێدان جێبەجێدەکرێن، وازارەتەکان وەک پرۆژە پرۆژەیان زۆرە، بەڵام وەک پرۆژەی تازەی ساڵی ٢٠١٠و لەماوەی ئەم ساڵەدا جێبەجێکرابن، یان دەست بەجێبەجێکردنیان کرابێت، ژمارەیان زۆر کەمە، من ئەمە بەلایەنێکی سلبی نازانم، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو پرۆژانەی لەساڵی ٢٠١٠ خراونەتە بەرنامەو ئەوانەشی ٢٠١١ دەخرێنە بەرنامەوە لەم ساڵەی دادێ، دەستوبردی لێبکرێتو پرۆژەکانی هەردوو ساڵەکە لەمساڵدا جێبەجێبکرێن، ئەوا گۆڕانێکی جۆری لەخزمەتگوزارییەکانی خەڵک روودەدات، بەڵام ئەمە تەنیا خۆزگەیە، تاچەند ئەو خۆزگەیە دەبێتە واقیع، ئەوە دەکەوێتە سەر ئەدای حکومەتی هەرێمی کورستان لەساڵی داهاتوودا.





> سەرۆکی حکومەت لەکوردستان جێگری مام جەلالە، خۆی بڕیار لەسیاسەتی یەکێتی دەدات، بۆیە دەتوانێت ئەوەی بەرخۆی دەکەوێت، چاکیبکات، ئەوکات پارتیش ناچاردەبێت ئەوەی بەرخۆی دەکەوێت، چاکیبکات.

> مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی پێکەوە مەرجەعی سیاسی، نەک حکومەت، بەڵکو مەرجەعی سیاسی هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانن.




**تەرازوو** (٢٣ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

لەوانەیە کێشە رۆحییەکان لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بەرۆکت پێبگرن، بەڵام تۆ سەرچاوەی کێشەکان وەک زۆر کەسی دیکە نادۆزیتەوە. ئەوەش بزانە چارەسەرکردنی کێشەکانی بە ناتەواوەتی مەرج نییە ئەنجامی باش بەدەستەوە بدات.




**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

ئەم هەفتەیە کەمێک نەرمتر گوزاشت لەخۆتو هەستەکانت دەکەیت، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کەجیهانی دەوروبەرت بەشێوەیەکی روونتر دەبینی. زیاتر گرنگی بەو کاتانە دەدەیت کەدەستت بەتاڵە یان بایەخ بەگۆڕینی ماڵەکەت دەدەیت.



**کەوان** (٢٢ ت. دووەم - ٢٠ ک. یەکەم)

پێویستە خۆت لەمەترسییە گەورەکان بەدوور بگریتو بۆ کارێک کە بەهایەکی ئەوتۆی نییە خۆت نەخەیتە ناو مەترسییەکی گەورەوە. دەست بەهەندێک چالاکی نوێ دەکەیت ئەم ماوەیە، لەوانەیە هەندێکیان خۆبەخشانەبن.




**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

چەند رۆژێکی زۆر ماندووکەرت بەسەربردو لەوانەیە تائێستاش ئەو رۆژانە بەردەوامبێت، هەستدەکەیت لەماوەی داهاتوودا پێویستت بەدوورکەوتنەوە لەکارەکەت هەیە، بۆ هەندێک کار پەشیماندەبیتەوە کەپێشتر ئەنجامتنەداون.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٧ شوبات)

پێدەچێت ئەم هەفتەیە پەیوەندییەکی خۆشەویستی یان بینینی کەسێکی کەزوو تێکەڵاوی یەکتردەبن، بۆ هەڵگرتبیت. بیریشت نەچێت ئەم ماوەیە لەرووی کارەوە سەرت زۆر قاڵ دەبێت، پێویستە ئاگات لەپەیوەندییەکانت بێت.



**نەهەنگ** (١٨ شوبات - ٢٠ ئازار)

هاورێیەکی نزیکت سەبارەت بەشتێک نائومێدت دەکات، ئەمەش وا دەکات تێڕوانینت سەبارەت بەو کەسە بەتەواوەتی بگۆڕێت. پێویستە پەیوەندیتان نەپچڕێنیت، چونکە لەماوەی رابردوودا هەردووکتان زۆر بەتەنگ یەکترەوە بوونو کاتی زۆرتان بۆیەکتری تەرخانکردووە.

# زانا جولەکەکان: ٢٠١٢ کۆتایی دنیایە




دەستوور

چەند زانایەکی ئاینیی جولەکە پێشبینیدەکەن ساڵی ٢٠١٢ دنیا کۆتایی پێبێت.


ڕۆژنامەی حەیات بڵاویکردەوە لەو کاتەوەی باراک ئۆباما بووەتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ناوبەناو بەشێک لەپیاوانی ئاینیی جولەکە هەرادەنێنەوەو باس لەوەدەکەن جەنگی یاجوجو ماجوجو زیندووبوونەوەی حەزرەتی عیسا لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١١و ٢٠١٢ ڕوودەدات.

زانا ئاینییەکانی جولەکە ئاماژە بەوەدەدەن ناوی ئۆباما لەکتێبی پیرۆزدا هاتووەو وا باسکراوە لەسەردەمی ئەودا جەنگی ڕۆژی دوایی لەنێوان ئیسرائیلو ئێراندا ڕوودەدات.

لەو جەنگەدا سوریاو حەماسو حیزبوڵڵا پشتیوانی لەئێران دەکەنو ئەمریکاو چەند وڵاتێکی ئەوروپیش پشتگری لەئیسرائیل دەکەنو بەوشێوەیە جەنگی یاجوجو ماجوج ڕوودەدات.

ئەو هەرایە کاتێک دروستبوو کەهارعەتسبۆن لەشاری قودس وتی "لەکتێبی پیرۆزدا بەشوێن ناوی ئۆبامادا گەڕاومو سێ جار ناوی ئۆباما هاتووەو هەر سێ جارەکەش پەیوەندیی بەجەنگی یاجوجو ماجوج هەبووە".

# لەکوەیت گەنجێک بەتۆمەتی هەڵواسینی وێنەی سەدام دەستگیردەکرێت



دەستوور

پۆلیسی کوەیت گەنجێکی ئیماراتیان بەتۆمەتی دانانی وێنەی سەدام حسێن سەرۆکی حیزبی بەعسی ڕووخاو لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا دەستگیرکرد.

ڕۆژنامەی شاهیدی کوەیتی بڵاویکردەوە ئەو گەنجە وێنەی سەدام حسێنی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا هەڵواسیوەو بەناو شەقامەکانی پایتەختی کوەیتدا سوڕاوەتەوە.

هاووڵاتیان کاتێک ئەو گەنجەیان بینیوە، پۆلیسیان ئاگادارکردووەتەوەو دواتر ئەو گەنجە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

پۆلیسی کوەیت ڕایگەیاند لەچەند ڕۆژی داهاتوودا گەنجە دەستگیرکراوەکە تەسلیمی حکومەتی ئیمارات دەکرێتەوە.

# هاوڕەگەزبازان لەسوپای ئەمریکادا وەرناگیرێن

دەستوور

حکومەتی ئەمریکا بەگەڕانەوە بۆ دادگای پێداچوونەوەی ئەو وڵاتە مۆڵەتی وەرگرتنی هاوڕەگەزبازانی لەسوپادا ڕاگرت.

دادگای فیدراڵی ئەمریکا لەهەفتەکانی ڕابردوودا بڕیارێکی دژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پەسەندکردو سوپای ئەمریکای ناچارکرد هاوڕەگەزبازان لەڕیزی سوپادا وەربگیرێن.

هاوکات وەزارەتی دادی ئەمریکا بەنوێنەرایەتیی پنتاگۆنو کۆشکی سپی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی لەدادگای ئەمریکا کرد، بەڵام ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ئەو داوایە ڕەتکرایەوە.

بەڵام دادگای تێهەڵچوونەوە چوارشەممەی ڕابردوو داواکارییەکەی ئۆبامای بۆ ڕاگرتنی وەرگرتنی هاوڕەگەزبازان لەسوپادا پەسەندکردو ئێستا ئەو بڕیارە بەشێوەی کاتی ڕاگیراوە.

سوپای ئەمریکا ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو دەستیکرد بەوەرگرتنی هاوڕەگەزبازان.

باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا خوازیاری کۆتاییهاتنە بەچالاکی هاوڕەگەزبازان لەناو سوپای ئەمریکادا، بەڵام لەهەمانکاتدا خوازیاری ئەوەشە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بۆ زانینی شوناسی سێکسی لەناو سوپا قەدەغەبکرێت.

بەپێی سیاسەتی ئێستای سوپای ئەمریکا، هاوڕەگەزبازان دەتوانن لەسوپای ئەمریکادا دابمەزرێن، بەڵام ئەگەر هاوڕەگەزبازیی خۆیان ئاشکرابکەن، دەردەکرێن.

# نارین بێدەنگی دەشکێنێت



شیلان حەمەنەجم

وێڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە خاتوونە هونەرمەند نارین فەقێ کاری نوێی بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیکی ئەو هونەرمەندە ئاشکرایکرد نارین سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومێکی نوێدا.

سەرچاوەیەکی نزیک لەنارین فەقێ بەدەستووری ڕاگەیاند ئێستا سەرقاڵی کارکردنە لەئەلبومێکی نوێدا، کە٩ گۆرانی لەخۆدەگرێتو کاری میوزیکی تەواوبووەو یەکێک لەگۆرانییەکانی، کلاسیکە.

بەڵام سەرچاوەکە هیچ زانیارییەکی لەبارەی ناوی ئەلبومو وادەی بڵاوبوونەوەی ئاشکرانەکرد.

نارین فەقێ خەڵکی خۆرئاوای کوردستانەو ئێستا لەسوید نیشتەجێیە.

# قەشەیەکی بەریتانی دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر ٢١ منداڵ

دەستوور

قەشەیەکی کاسۆلیکی بەریتانی تۆمەتبارکراوە بەدەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ٢١ منداڵو دوای ئاشکرابوونی هەڵدێت بۆ ئەمریکا.

تۆڕی هەواڵی ئەی بی سی بڵاویکردەوە جەیمز ڕابینسۆن قەشەی پێشووی یەکێک لەکەنیسەکانی کاسۆلیکی بەریتانیا تۆمەتبارکراوە بەدەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ٢١ منداڵ لەساڵی ١٩٥٠داو دواتر هەڵهاتووە بۆ ئەمریکا.

دادگا ئاشکرایکرد منداڵە کوڕە بێدەنگو لاوازەکان نێچیریی قەشە جەیمز ڕابینسۆن بوونو ١٢ ساڵیش پێش ئەوەی وەک قەشە هەڵبژێرێت، ئەو کارانەی ئەنجامداوە.

بەپێی ڕاپۆرتی دادگا دوای ٢٥ ساڵ، تۆمەتەکان ئاشکرابوونو ئێستا دۆسیەیەکی یاسایی بۆ دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارە کراوەتەوە.

قەشە ڕابینسۆن دوای ١٥ ساڵ خۆشاردنەوەی لەئەمریکا، لەلایەن حکومەتی ئەمریکییەوە بەزۆر ڕەوانەی بەریتانیا کراوەتەوە.





# ئالان عومەر بۆ کلیپێک دەچێتە فنلەندا

موحسین یاسین

هونەرمەند ئالان عومەر ڕایگەیاند بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکی، کۆتایی ئەم مانگە دەچێت بۆ فنلەندا.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور ئالان عومەر وتی ٢٨ی ئەم مانگە سەردانی وڵاتی فنلەندا دەکات بۆ کلیپکردنی یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومەکەی لەسەر ئەرکی کۆمپانیای ڕای کوالێتی.

ئالان عومەر کەئێستا لەوڵاتی سوید دەژی وتی "هیوادارم ئەم بەرهەمەم ببێتە دەستپێکێک بۆ کارکردنی بەردەوامم لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا".

## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

چەند ڕۆژێکی پڕ لەیادگاری چاوەڕێتن، پێویستت بەپشوویەکی کورت هەیە بۆئەوەی بێیتەوە سەرخۆت، ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەی داهاتوو باشترین ڕۆژن بۆ خۆشەویستی. کەسانی نوێ دەناسیت.

## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەم هەفتەیە بڕیارێکی زۆر گرنگ دەدەیت کەکاریگەری لەسەر ئیشەکەت بۆماوەیەکی درێژ بەجێدەهێڵێت، لەوانەیە کەمێک پەیوەندیی بەو جێگەیەشەوە هەبێت کەتێیدا دەژیت. دەتوانی هاوڕێیەتییەک کەدەمێکە پچڕاوە زیندووبکەیتەوە.

## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەستکردن بەلێپرسراویەتی یەکێکە لەتایبەتمەندییە هەرە باشەکانت، ئەم ماوەیە ئەو هەستە زۆر بەسەرتدا زاڵدەبێت. ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، هەوڵبدە پشوو درێژبیت بەتایبەت لەگەڵ هاوسەرو دەوروبەرەکەت.

## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم هەفتەیە هەفتەی ڕابواردنو پێکەنینی زۆرە، هەموو هەستکانی تورەیی‌و بێتاقەتی لەجەستەت دێنەردەرو پێویستە سوود لەو دۆخە وەربگریت، سێشەممەو چوارشەممەی داهاتوو کاریگەریی مانگ لەسەرت زۆر ئەرێنی دەبێت.

## شێر (٢٣ تەموز - ٢٢ ئاب)

ئەم هەفتەیە زۆر بەئاسانی دەتوانی خۆت بخەیتە نێو گێژاوێکی زۆر قووڵەوە، تەنیا بەدەربڕینی ئەوەی کە بیری لێدەکەیتەوە یان مەبەستتە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەموو دەوروبەرەکەت دژت بن، بەڵام هەندێک شت نەوتنی باشترە.

## فەریک (٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

شێوەو ڕووخسات خوازراو دەبێتو هاوڕێکانت بەباشی هەست بەمە دەکەن، هەستی باوەڕ بەخۆبوونت وات لێدەکات دیمەنێکی گشتی هەموو شتەکانی دەوروبەرت لەلا دروستبێت. کێشە وردەکانی ڕۆژانە نابنە هۆی بێزاریت.

دەستوور
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر











www.arsivakurd.org